# پەردە

**LE RIDEAU**
copyright@2005, Milan Kundera
All rights reserved

هەموو گونجاندنێکی ئەم کارە بۆ فیلم، شانۆ، تەلەفزیۆن و
رادیۆ، هەر بەجارێک رێ پێ نەدراوە.

میلان کۆندێرا

# پەردە

کەریم پەڕەنگ
لە ئەڵمانییەوە وەری گێڕاوە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

میلان کۆندێرا
پەردە
وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: کەریم پەڕەنگ
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٢٢
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٩٧٢ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد

ژپنک:
ژمارەی پێوانەیی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-93-5

## پێڕست


بەشی یەکەم: هۆشیاریی بەردەوامی ..... 9

هۆشیاریی بەردەوامی ..... 11

مێژوو و بەها ..... 12

تیۆری ڕۆمان ..... 14

ئەلۆنزۆ کویخانۆی داماو ..... 16

ستەمی "مێژوو" ..... 18

گەڕان بە دوای کاتی ئێستادا ..... 20

مانا فرەکانی وشەی "مێژوو" ..... 23

جوانیی لە ناکاو چڕبوونەوەی ژیان ..... 25

دەستەڵاتی پووچیی ..... 28

جوانیی مەرگ ..... 29

شەرمی خۆدووبارەکردنەوە ..... 34

بەشی دووەم: ئەدەبی جیهانی ..... 37

زۆرترین جۆرەوجۆری لە بچووکترین پانتاییدا ..... 39

نایەکسانی لە چاککرنەوە نەهاتوو ..... 40

ئەدەبی جیهانی ..... 42

ناوچەگەریی بچووکەکان ..... 44

ناوچەگەریی مەزنەکان ..... 47

پیاوەکەی ڕۆهەڵات ..... 50

چەقی ئەوروپا ..... 52

ڕێگە و پێچەوانەکانی شۆڕشی مۆدەرنیستی ..... 55

هەسارە گەورەکەی من ........ 56
کیچ و بازاڕێتی ........ 58
مۆدێرنیزمی دژە مۆدێرنە ........ 62

بەشی سێیەم: ڕۆچوونە ناو ڕوحی شتەکانەوە ........ 65
ڕۆچوونە ناو ڕوحی شتەکانەوە ........ 67
بەهەڵەداچوونی ڕیشەکێش نەکراو ........ 70
بارودۆخگەل ........ 71
ئەو شتەی تەنیا ڕۆمان دەتوانێ بیڵێ ........ 74
ڕۆمانە بیرکەرەوەکان ........ 76
ئیتر سنووری شیمانەیی پاسەوانی ناکرێ ........ 80
ئاینشتاین و کارڵ ڕۆسمان ........ 81
ستایشی نوکتەکان ........ 83
مێژووی ڕۆمان لە ڕوانگەی کارخانەکەی گۆمبرۆڤیچەوە ........ 85
کیشوەرێکی تر ........ 88
پردە زیوینەکە ........ 90

بەشی چوارەم: ڕۆماننووس چییە؟ ........ 93
مرۆڤ بۆ ئەوەی تێ بگا، دەبێ بەراورد بکا ........ 95
شاعیر و ڕۆماننووس ........ 95
مێژووێ وەگۆڕانێک ........ 96
تیشکی ناسکی کۆمیدی ........ 98
پەردەی دڕاو ........ 99
ناوبانگ ........ 100
ئەلبێرتیناکەیان کوشتم ........ 101
حوکمی مارسیل پرۆست ........ 103
ئاکاری جەوهەری ........ 103
خوێندنەوە درێژە، ژیان کورتە ........ 104

هەرزەكـارەكـە و نـەنكـى ........ 105
حـوكـمـى سـێرڤـانتس ........ 106

بەشـى پێنجـەم: ئـيسـتـاتيكا و بوون ........ 109
ئـيسـتـاتيكا و بوون ........ 111
ڕووداو ........ 112
گرژ و مـۆنەكـان ........ 114
گـاڵتـەوگـەپ ........ 116
ئەی ئەگەر تراجـيديا بەجێى بهێشـتـينايە ........ 118
هـەڵـهـاتوو ........ 119
زنجـيرى تـراجـيدى ........ 121
دۆزەخ ........ 122

بەشـى شـەشـەم: پەردەى دڕاو ........ 125
ئەلۆنسۆ كويخـانۆى داماو ........ 127
پـەردەى دڕاو ........ 128
پەردەى دڕاوى شـتـى تراجـيدى ........ 131
پـەرى ........ 134
دابەزين بۆ بنـى تاريكى نوكتـە ........ 136
بيرۆكراتييەت دواى شـتـيفتەر ........ 138
جيـهانى ئەتككراوى كۆشك و گـوند ........ 141
ماناى بـوونگـەراييى جيـهانى بيرۆكـراتيكراو ........ 142
تەمەنى لە پشـتـى پەردەوە شاراوە ........ 146
ئازاديى بەيانيـان، ئازاديى ئێواران ........ 149
بەشـى حـەوتەم: ڕۆمـان، بيرەوەرى، لەبيرچوونەوە ........ 153
ئەمـيلى ........ 155
ئەو لەبيرچوونەوەوەى لەناودەبا، ئەو بيـرەوەرييەى وەردەچەرخێنێ ........ 155
ڕۆمان وەكو ئوتۆپياوى دنيـايەك، كە لەبيـرچوونەوە ناناسێ ........ 157

ڕۆنـــان ........ 160
لەدایکبوونێکی لەبیرکراو ........ 163
لەبیرکردنی بیرنەچووەوە ........ 165
ئەوروپایەکی لەبیرکراو ........ 167
ڕۆمان وەکو سەفەر بەناو سەتەکان و کیشوەرەکاندا ........ 168
ژانۆی بیرەوەری ........ 171
هۆشیاریی بەردەوامی ........ 172
هەتاهەتایی ........ 175

بەشی یەکەم

# هۆشیاریی بەردەوامیی

## هۆشیاریی بەردەوامی

لەبارەی باوکمەوە کە مۆسیقاژەن بوو، ئەم سەرگوزەشتەیە دەگێڕنەوە. لە شوێنێک لەگەڵ هاوڕێکانیدا، لە ڕادیۆوە یان لە قەوانەوە ئاوازی سینفۆنیایەک بەرز دەبێتەوە. هاوڕێکانی، هەموو مۆسیقاژەن یان عاشقە مۆسیقا دەبن، یەکسەر سینفۆنیای نۆیەمی بیتهۆڤن دەناسنەوە. لە باوکم دەپرسن: "ئەمە چی پارچەیەکە؟"، ئەویش، پاش بیرکردنەوەیەکی درێژ: "ئەمە لە زایەڵەی بیتهۆڤن دەچێ." هەموو دەبێ پێکەنینەکەیان چەپەر بکەن: باوکم سینفۆنیای نۆیەمی بیتهۆڤنی نەناسییەوە! "دڵنیای؟" – باوکم دەڵێ "بەڵێ، بیتهۆڤنی پیر." – "چۆن دەزانی ئەمە بیتهۆڤنی پیرە؟" لە ئەنجامدا باوکم سەرنجیان بۆ بەدوای یەکداهاتنی هارمۆنییەکان ڕادەکێشێ، کە بیتهۆڤنی لاو هەرگیز نەیدەتوانی بە کاری بهێنێ.

بە دڵنیاییەوە سەرگوزەشتەکە تەنیا دۆزینەوەیەکی بەدخوازانەیە، بەڵام بە باشی دەری دەخا، هۆشیاری بۆ بەردەوامیی مێژوویی چییە: یەکێک لە نیشانەکان، کە ئێمە مرۆڤێکی وەکو سەر بە ژیاری پێ دەناسینەوە، کە هی ئێمەیە (یان هی ئێمە بوو). هەموو شتێک لە دیدی ئێمەوە سیمای مێژوویەکی بەخۆیەوە گرتووە، کەم تا زۆر وەکو زنجیرەیەکی لۆجیکی ڕووداو، هەڵوێست، کار دەرکەوتووە. لە هەرزەکاریی زووما زۆر بە دڵنیایی، بەبێ ماندووبوون کرۆنۆلۆجیای کارەکانی ئەو دانەرانەم دەزانی کە لە دڵمدا شیرین بوون. ئەو بیرۆکەیە وێنانەکراو بوو، ئەپۆلۆنێر ئەلکولسی لەپاش کالیگرامس نووسیوە، چونکە ئەگەر وا بوایە، شاعیرێکی تر دەبوو، کارەکەی مانایەکی تری دەبوو! من حەزم لە هەموو تابلۆیەکی پیکاسۆیە

لەبەر تابلۆکە خۆی، بەڵام حەزیشم لە سەرجەمی کارەکانیەتی وەکو ڕێگەیەکی درێژ، کە قۆناغە بە دوای یەکداهاتووەکانیم ئەزبەرە. پرسیارە میتافیزیکییە بەناوبانگەکان: ئێمە لە کوێوە دێین؟ بۆ کوێ دەچین؟ لە هونەردا مانایەکی کۆنکریتی، ڕوونیان هەیە و بە هیچ جۆرێک بەبێ وەڵام نامێننەوە.

## مێژوو و بەها

با وێنای ئاوازدانەرێکی هاوچەرخ بکەین، کە سۆناتایەکی نووسیوە، لە شێوەیدا، لە هارمۆنیاکانیدا، لە میلۆدیاکانیدا هاوشێوەی سۆناتاکانی بیتهۆڤنە. تەنانەت با وێنای ئەوە بکەین، کە ئەم سۆناتایە ئەوەندە وەستایانە ئاوازی بۆ دانراوە، ئەگەر بە ڕاستی هی بیتهۆڤن بوایە، بە یەکێک لە شاکارەکانی دادەنرا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر هاوچەرخێک ئاوازی بۆ دانابێ، هەرچی چەندە نایابیش بێ، مایەی پێکەنین دەردەکەوێ. لە باشترین حاڵەتدا مرۆڤ چەپڵە بۆ دانەرەکەی وەکو ئاوازدانەرێکی بەهرەداری لاساییکردنەوە لێ دەدا.

چۆن؟ مرۆڤ لە سۆناتایەکی بیتهۆڤن لەزەتێکی ئیستاتیکی دەبینێ و لە شێوازێکی هاوشێوە و دڵفرێنی هاوشێوە لەزەت نابینێ، ئەگەر هی هاوچەرخێکمان بێ؟ ئاخۆ ئەمە چڵەپۆپەی دووڕوویی نییە؟ هەستکردن بە جوانی لە جیاتیی خۆکرد، لە جیاتی لە هەستناسکییەوە بەهرە وەربگرێ، مەرجداری عەقڵە، مەرجداری زانینی بەروارێکە؟

مرۆڤ ناتوانێ هیچ بکا: درککردنمان بە هونەر ئەوەندە تەنگ بە ئاگاییی مێژووییمانەوە گرێ دراوە، کە ئەم خانەبەندییە هەڵەیەی مێژوو (کارێکی بیتهۆڤنی ئەمڕۆ) خۆکرد (واتە بەبێ هیچ دووڕووییيەک) وەکو مایەی پێکەنین، هەڵە، نەگونجاو، بەڵێ سامناک هەستی پێ دەکرێ. ئاگاییی بەردەوامیمان هێندە بەهێزە، کە لە کاتی دەرککردن بە هەموو کارێکی

هونەری ڕۆڵ دەگێڕێ.

یان موکارۆڤسکی، دامەزرێنەری ئیستاتیکای بنەماگەری، لە ساڵی ۱۹۳۲دا لە پراگ نووسی: "تەنیا گریمانەی بەهای ئیستاتیکی مانا بە پەرەسەندنی مێژوویی هونەر دەبەخشێ." بەجۆرێکی تر بڵێین: ئەگەر بەهای هونەری لە ئارادا نەبێ، مێژووی هونەر تەنیا عەمبارێکی گەورەیە بە کاری هونەرییەوە، کە بەدوای یەکداهاتنی کرۆنۆلۆجی هیچ مانایەکی تێدا نییە. بە پێچەوانەشەوە: تەنیا لە ناوکۆیی گەشەی مێژوویی هونەرێکدا بەهای ئیستاتیکی هونەرێک درک پێ دەکرێ.

بەڵام مرۆڤ دەتوانێ باسی چ بەهایەکی ئیستاتیکی بابەتی بکات، ئەگەر هەموو نەتەوەیەک، هەموو قۆناغێکی مێژوویی، هەموو گرووپێکی کۆمەڵایەتی چەژی خۆی هەبێ؟ لە دیدی سۆسیۆلۆجییەوە مێژووی هونەرێک خۆی لە خۆیدا مانای نییە، بەشێکە لە مێژووی کۆمەڵگەیەک، هەروەکو مێژووی جلوبەرگی، سروتی زەماوەند و مردووناشتنی، شێوەی وەرزشەکان یان ئاهەنگەکانی. بە شێوەیەکی لەو بابەتە ڕۆمان لەو وتارەدا مامەڵە دەکرێ، کە لە ئینسکلۆپیدیای دیدرۆ و دئەلەمبێر (۱۷۵۱ – ۱۷۷۲)دا بۆی تەرخان کراوە. دانەری ئەو دەقە، شاڤێلیر دو ژاوکۆر باسی ڕۆمان وەکو شتێکی بەربڵاو دەکا ("نزیکەی لەلایەن هەموانەوە دەخوێنرێتەوە"). کاریگەرییەکی ئاکاریی (هەندێ جار بە سوود، هەندێ جار زەرەرمەند)، بەڵام بەهایەکی تایبەت بە خۆی نییە؛ لێ نزیکەی ناوی هیچ یەکێک لەو ڕۆماننووسانە ناهێنێ، کە ئێمە ئەمڕۆ پێیان سەرسامین: نە ڕابلی، نە سێرڤانتس، کوۆڤیدۆ، گریمڵسهاوزن، دیفۆ، سویفت، سمۆلێت، لێساژ، نە ئابێ پرێڤۆست؛ ڕۆمان بۆ شاڤێلیر دو ژاوکۆر نە هونەرێکی سەربەخۆ نە مێژوویەکی سەربەخۆ بەرجەستە دەکا.

ڕابلی و سێرڤانتس. کە ئینسکلۆپیدیانووسەکە ناویانی نەهێناوە بە هیچ جۆرێک ئابڕووچوون نییە؛ ڕابلی کەمتر خۆی بەوە سەرقاڵ دەکرد، ئاخۆ

ڕۆمـاننـووس بوو یان نا و سـێـرڤـانتس دەیوت کـۆتاییـیـەکی تەوسـگەرا بۆ ئەدەبی فـەنتازی چاخـی ڕابردوو دەنووسـێ؛ نە ئەمیـان و نە ئەویان خـۆی بە "دامـەزرێنەر" نـاوزەد دەکـرد. لە دواییـدا، بە کـاوەخـۆ، لە ڕێـی پیـادەکـردنی هونەری ڕۆمـانەوە ئەم پێگەیەیان خـرایە پاڵ. نەک لـەبەرئەوەی، ئەوان یەکەم کەس بووبێتن ڕۆمـانیـان نووسـیبێ (لە پێش سێرڤـانتسـدا ڕۆمـاننووسـی تر زۆر هـەبوون)، بگرە لـەبەرئـەوەی بەرهـەمـــەکـــانیـــان باشـــتـــر لـەوانی تـر هۆکارەکانی بوونی ئەم هونەرە نوێیەی داستانیان ڕوون کردەوە؛ لەبەرئەوەی بۆ وەچەکانی دواتر یەکەم بەها گەورەکانی ڕۆمانیان بەرجەستە دەکرد و لەم چرکـەسـاتەوە، لـەبەرئەوەی مـرۆڤ دەسـتی بەوە کـرد، لە ڕۆمـانـدا بەهـایەک، بەهـایەکی تـایبـەتی، بەهـایەکی ئیسـتـاتیکی ببـینـێ، ڕۆمـانەکـان توانییـان لە بەدوایەکداهاتنیان وەکو مێژوو دەربکەون.

## تیۆری ڕۆمان

فـیلدینگ وەکو یەکـێک لە ڕۆماننووسـە بەراییـەکان لە توانایدا بوو وێنای شـیـعـریـەتی ڕۆمـان بکا؛ هـەر یەکـێک لە هـەژدە بەشـەکـەی تۆم جـۆنس بە کـاپیـتـڵـێک دەکـرێتـەوە، کـە بۆ جـۆرێکی تیـۆری ڕۆمـان تەرخـان کـراوە (تیۆرییەکی سـانا، خۆش؛ چونکە ڕۆماننووس بەو جۆرە تیۆرە دەکا: بەوەی زمـانەکەی خـۆی بە ئاگادارییـەوە دەپارێزێ و وەکو تاعون خـۆی لە دروشـمی زاناکان لادەدا).

فـیـدلینگ سـاڵی ١٧٤٩ ڕۆمـانەکـەی نووسـیـوە، واتە دوو سـەتە پاش گـارگانتـوا و پانتـاگروێل، سەتە و نیـوێک پاش دۆن کیخـۆتە و لەگەڵ ئەوەش بۆ ڕابلی و سـێرڤـانتس دەگـەڕێتـەوە، ڕۆمـان بۆ ئەو هـێشـتـا هـەر هـونەێکی نوێیـە، بە جۆرێکی خـۆی وەکو "دامـەزرێنەری دەڤـەرێکی ئەدەبی نوێ" ناوزەد دەکـا. ئەم "دەڤـەرە نوێیـە" بە جـۆرێک نوێیـە، کە هێشـتـا ناوی نییـە! باشـتـر بڵـێین لە ئینگلیـزیدا دوو ناوی هـەیە، نۆڤـێل و ڕۆمـانس، بەڵام فـیـدلینگ لە

خۆی قەدەغە دەکا ئەم وشانە بەکار بهێنێ، چونکە، هەر لەگەڵ دەدۆزرێتەوە، "دەڤەرە نوێیەکە" پڕ دەبێ لە پۆلێک ڕۆمانی گەمژە و ڕمووزن (a swarm of foolish novels and monstruous romances)". بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەوانەدا نەخرێتە قاڵبێکەوە، کە ڕقی لێیان دەبێتەوە، "بە ئاگەدارییەوە خۆی لە گوزارەی ڕۆمان لادەدا" و هونەرە نوێیەکە بە داڕشتنەوەیەکی تا ڕادەیەک ورد و پوخت، بەڵام سەرنج ڕاکێش ئامانجپێکاو ناوزەد دەکا: نووسینێکی – پەخشان – کۆمیدی– داستانی.))"(prosai - comi - epic writing)

فیدلینگ هەوڵی دا ئەم هونەرە پێناسە بکا، واتە هۆکاری بوونی دیاری بکا، بواری واقیع ڕوون بکاتەوە، کە دەبێ ڕووناکی بکاتەوە، لێی بتۆژێتەوە، تێی بگا: "ئەو خواردەمەنییەی، کە ئێمە لێرەدا ... دەیخەینە بەردەست ... خوێنەر جگە لە سروشتی مرۆڤ هیچی تر نییە." ئەم وتەیە تەنیا بە ڕووکەش بێبایەخە؛ مرۆڤ ئەو کاتە لە ڕۆماندا ئیتر چیرۆکی خۆش، دڵخۆشکەر، بەزمگێڕی نەدەبینی؛ کەس ئامانجێکی وا گشتی، واتە ددانی بە داواکارییەکی بەرزی وەکو تۆژینەوە لە "سروشتی مرۆڤ"دا نەدەنا؛ کەس ئاستی ڕۆمانی بۆ تاودانەوەی لەبارەی خودی مرۆڤەوە بەرز نەدەکردەوە.

لە تۆم جۆنسدا فیدلینگ لە پڕ لە ناوەڕاستی گێڕانەوەدا ڕادەمێنێ و ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە یەکێک لە فیگورەکان دەیحەپەسێنێ؛ ڕەفتاری وەکو "ناڕوونترینی هەموو پووچگەراییەکان، کە بە زەینی ئەو بوونەوەرە سەیر و ناوازەیەدا هاتبێ: واتە مرۆڤ" بۆ دەردەکەوێ. بە ڕاستی ئەو هەقیقەتەی لەبەر ئەو سەراسیمەیەی کە "چی لەو بوونەوەرە سەیرە، مرۆڤ، لە ڕوونکردنەوە نایەت" بۆ فیلدینگ یەکەم پاڵنەرە ڕۆمان بنووسێ، هۆکارە بۆ ئەوەی بیدۆزێتەوە. "دۆزینەوە" (لە ئینگلیزیدا invention) بۆ فیدلین وشەی سەرەکییە؛ ئەو دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگە لاتینییەکەی ئینڤەنتسیۆ، کە دۆزینەوە (discovery, finding out) دەگەیەنێ؛ لە کاتی دۆزینەوەی ڕۆماندا ڕۆماننووس ڕەهەندێکی نەناسراوی تا ئەو کاتە شاراوەی "سروشتی مرۆڤ" دەدۆزێتەوە؛

کەواتە دۆزینەوەیەکی ڕۆمانگەرا کردارێکی مەعریفییە؛ لەلایەن فیلدینگەوە وەکو "ڕۆچوونێکی خێرا و بیرتیژانەیە بۆ جەوهەری ڕاستەقینەی ناوەوەی هەموو شتەکانی تێرامانمان (sagacious of our penetration into a quick and "the true essence of all the objects of our contemplains). (ڕستەیەکی سەیر؛ ئاوەڵناوی "خێرا" quick – ڕوونی دەکاتەوە، کە ئەمە کاری مەعریفەیەکی تایبەتە، کە هۆشی زگماکی ڕۆڵێکی بنەمایی دەگێڕێ.)

ئەی فۆرمی ئەم شێوەیەی "نووسینی پەخشانی – کۆمیدی – داستانی"؟ "وەکو دامەزرێنەری دەڤەرێکی ئەدەبی نوێ هەموو ئازادییەکم هەیە، ڕێنوێنیی ئەم یاسادانانە دابنێم، فیلدینگ ئەمە بەیان دەکا و هەر لە سەرەتاوە خۆی لە هەموو نۆرمەکان دەپارێزێ، کە ئەو "فەرمانبەرانەی ئەدەب" دەیانەوێ دایبنێن، فەرمانبەرانی ئەدەب بۆ ئەو ڕەخنەگرەکانن؛ بۆ ئەو ڕۆمان، منیش ئەمە بە بنەبڕکەر دەزانم، لە ڕێی هۆکاری بوونیەوە پێناسە کراوە؛ لە ڕێی بواری واقیعەوە، کە ئەو دەبێ "بیدۆزێتەوە"؛ بە پێچەوانەوە شێوەکەی ملکەچی ئازادییەکە، کە کەس ناتوانێ سنوورداری بکات و پەرەسەندنەکەی موفاجەئەیەکی هەمیشەیی دەبێ.

## ئەلۆنزۆ کویخانۆی داماو

ئەلۆنزۆ کویخانۆی داماو ویستی خۆی بۆ کەسێکی ئەفسانەییی سوارچاکێکی گەڕۆک بەرز بکاتەوە. بۆ سەرجەمی مێژووی ئەدەب سێرڤانتس بە تەواوی گەیشتووەتە پێچەوانەی ئەمە، سیمایەکی ئەفسانەییی دابەزاندووە: بۆ جیهانی پەخشان. پەخشان: ئەم وشەیە بە هیچ جۆرێک تەنیا زمانێکی بە شێوەی ناشیعر هێنراو ناوزەد ناکا؛ ناوزەدی شتێکی کۆنکریتیش، ڕۆژانە، جەستەگەرای ژیان دەکا. ئەم گوتەیەی کە گوایە ڕۆمان هونەری پەخشانە، واتە ڕاستییەکی بەڵگە نەویست نییە؛ وشەکە مانای قووڵی ئەم هونەرە پێناسە دەکا. هۆمیرۆس ئەوەی بە زەیندا

نایەت لە خـۆی بپـرسـێ، ئاخـۆ ئاخـیل یان ئەیاکس دوای شــەڕە زۆرە دەسـتـەویەخـەکانیـان هێشـتا هەمـوو ددانەکانیـان مـاوە. بەپێچـەوانەوە دۆن کیـخۆتە و سـانچۆ بەردەوام خـەمی ددانەکانیـانە، دانە پڕ ئازارەکانیان، دانە نوقساتەنەکانیان. "سانچۆ، بزانە، کە یاقووت وەکو دان بەنرخ نییە."

بەڵام پـەخـشــان تەنیـا لایەنی شــەرمــەزارکـەر یان بازاڕیی ژیان نـیـیـە، جـوانیـیـەکی هەتا ئەو کـاتە پشـتگوێخـراویشــە: جـوانیی خـاکـەراییی هەسـتـەکـان، بۆ نموونە هـاوڕێی بـە هۆگـریی خـەمڵاو، کـە سـانچـۆ بۆ دۆن کیخۆتە هەیەتی. لەبەرئەوەی بە کەیفی خۆی چەنەبازیی دەکا سەرزەنشـتی دەکات و ئاماژە بۆ ئەوە دەکا، کە لە هیچ کتێبێکی سوارچاکیدا نەنووسراوە نۆکەرێک پرکێشیی ئەوە بکا بەو تۆنە لەگەڵ ئاغاکەی قسە بکات. بێگومان نەء: هاوڕێیەتیی سانچۆس یەکێکە لە جوانییە پەخشانییەکانی دۆزینەوەی سێرڤانتی، سانچۆ دەڵێ: "منداڵێک دەتوانێ قەناعەتی پێ بکا، لە نیوەڕۆدا تاریکە: لەبەر ئەم ساکارییە وەکو ژیانی خۆم خۆشم دەوێ و هەمـوو ڕەفتارە ناچیزەکانی ناتوانن وام لێ بکەن بەجێی بهێڵم."

مردنی دۆن کیخۆتە ئەوەندەی تر هەست بزوێنترە لەوەی پەخشـانئامێز بێ، واتە بەبێ هیچ هاوسۆزییەک. ئەو وەسیـەتنامـەکەی وتووەتەوە، ئەمجا سێ ڕۆژ لە سەرەمەرگدایە، خەڵکێکی بە دەورەوەیە کە خۆشیان دەوێ: بەڵام "ئـەمـــە ڕێی نـانـخـــواردن لە برازاکـــەی ناگـــرێ، ڕێی خـــواردنەوە لە ژنەمامۆستاکەی دەربار ناگرێ و ڕێ لە سـانچۆ ناگرێ، کەیفی خۆش بێ. چونکە ئەو واقیعەی کە مرۆڤ شتێکی بە میرات بۆ بمێنێتەوە، خەمی مرۆڤ بۆ مردوو ناهێڵێ یان کەمی دەکاتەوە."

دۆن کیخۆتە بۆ سانچۆی ڕوون دەکاتـەوە، کە هۆمـیرۆس و ڤێرجیل بەو جۆرە وەسفی کەسەکانیان نەکردووە، "کە چۆن بوون، بگرە بەو جۆرەی دەبێ هەبن، بۆ ئەوەی بیـانتوانیبـا بـۆ نەوەکانی داهاتوو وەکو نموونـەی فـەزیلەت بن". بەڵام دۆن کیخۆتە خۆی هەمـوو شتێک بێت نموونە نییـە. فیگورەکانی

ڕۆمان نایانەوێ بۆ فەزیلەتەکانیان پێیان سەرسام بین. دەیانەوێ درکیان پێ بکرێ، ئەمەش بە تەواوی شتێکی ترە. پاڵەوانەکان لە داستاندا سەردەکەون، یان کە دەبەزێن، هەتا دوا هەناسە مەزنیی خۆیان دەپارێزن. دۆن کیخۆتە دەبەزێ. بەبێ هیچ مەزنییەکیش. چونکە هەر لە بەراییەوە هەموو شتێک ڕوونە: ژیانی مرۆڤ لە خۆیدا بەزینە. تاقە شتێکی، کە بەهۆی ئەم بەزینە ڕێ لێ نەگیراوەوە، کە مرۆڤ پێی دەڵێ ژیان، بۆمان دەمێنێتەوە، هەوڵی تێگەیشتنە. ئەمە هۆکاری بوونی هونەری ڕۆمانە.

## ستەمی "مێژوو"

تۆم جۆنس منداڵێکی دۆزراوەیە؛ لە تەلاری ناو زەویوزاردا دەژی، لۆرد ئالۆرپی پشتگیریی دەکا و بەخێوی دەکا؛ وەکو کوڕێکی لاو حەز لە سۆفی دەکا، کچی دراوسێیەکی دەوڵەمەند، کاتێکیش لە بەشی شەشەمدا ئەڤینەکەی ئاشکرا دەبێ، نەیارەکانی بە فڕوفێڵ ناوی دەزڕێنن، کە ئالۆرپی بە تووڕەییەوە وەدەری دەنێ؛ ئەمجا گەشتە درێژەکەی دەست پێ دەکا (بیناسازیی ڕۆمانی چەتەگەریمان بیر دەخاتەوە، کە تاقە یەک بەشدار، "چەتەیەک"، سەرکێشیی جیاواز ئەزموون دەکا و هەموو جارێک تووشی خەڵکی نوێ دەبێ)، نزیکەی کۆتایی (لە بەشی حەڤدەم و هەژدەمدا) ڕۆمانەکە بۆ ڕووداوە سەرەکییەکە دەگەڕێتەوە. دوای زریانێکی تەرزە پاش ددانپیانانێکی چاوەڕواننەکراو مەتەڵی بنەچەی تۆم ڕوون دەبێتەوە: ئەو کوڕی شەرعیی خوشکی لە دڵدا شیرینی ئالۆرپییە، کە لەمێژەوە مردووە. دڵی خۆش دەبێ و لە دوا کاپیتڵی ڕۆمانەکەدا سۆفی خۆشەویستی دەخوازێ.

ئەگەر فیدلینگ ئازادیی تەواوی لە هەمبەر شێوازی ڕۆماندا جاڕ دەدا، ئەوا بە پلەی یەکەم ملنەدانیەتی، ڕۆمان بۆ ئەو پابەستییە هۆکارییەی ڕووداو، کردەوە و وشانە سنووردار بکا، کە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە "Story"

پێدەگـووترێ و دەبێ مـانـا و ناوکـرۆکی ڕۆمــان بێت؛ دژی ئەم دەســتــەڵاتە ڕەهایەی "Story" بە تایبـەتی ئەو مـافـە بـە خـۆی دەدات، چیـرۆکـەکـە "لە هـەر شوێنێک و هـەر کاتێک بیەوێ" بە ڕوونـکردنەوە و بیرکردنەوە، بە جۆرێکی تر بڵـێین بە لـە باس لادان بپـچڕێ. بـەڵام ئەویش "Story" بەکـار دەهـێنـێ، وەکـو تاقـە بنەمـایەکی مـسۆگـەر بێ، بۆ ئەوەی گـەرەنتیی یەکەی بیناسـازی بکات، تاقـە ڕایەڵ، بـۆ ئەوەی سـەرەتا بە کـۆتـاییـیـەوە ببـەسـتـێـتـەوە. بەو جـۆرە تۆم جۆنس (تـەنانـەت ئەگەر بە بزەیەکی نـهێنیی تەوسەوە ڕووی دابێ) بە لـێدانی زەنگی "کۆتاییەکی خۆش"ی هـاوسـەرکارییەک کۆتاییی پێ دەهێنێ.

ئەگەر وا تەمـاشـای بکرێ تریسـتـرام شـاندی، لە سـاڵی ١٧٧٤دا بیـست و پێنج سـاڵ دوایـیتر نووسراوە، وەکو یەکەم ئازادکردنی ڕادیکاڵ و سـەرومڕی "Story" دەردەکــەوێ. لە کــاتێکدا فــیــدلینگ، بۆ ئـەوەی لە داڵانـی درێژی زنجـیـرەی هـاوپێـوەندیی ڕووداوەکـاندا نەخنکێ، پەنجـەرەکـانـی بە ڕووی لە باس لادان و سـەرگوزشتـە لە هـەموو شوێنێک بە تەواوی کـردەوە، سـتێرن بە تەواوی دەسـتبـەرداری "Story" بوو، ڕۆمـانـەکـەی جگە لە چەند جـار لە باس لادان، تاقـە گـلـۆڵەیەکی شـادی سـەرگـوزشـتـە هـیـچی تر نییـە، کە نـاسکییـە دەسـتــەئەنقــەسـتــەکــەیان، یەکـە نـاسـکە مــەزنـەکـەیان تەنـیـا لە ڕێی چەند فـیگۆرێکی ئـەسـڵـیـیـەوە بەیـەکەوە دەهێـڵـرێتـەوە، لە ڕێی ڕووداوی زۆر زۆر بچووکەوە، کە پووچییەکەیان دەمانخاتە پێکەنین.

ستێرن بە خۆشـحاڵییەوە لەگـەڵ شۆڕشگێڕەکانی شێـوەی ڕۆمانی سەتەی بیستـەمدا بەراورد دەکرێ؛ بە هـەق، بەڵام سـتێرن "شـاعیـری نەفرەتلێکراو" نەبوو؛ جەمـاوەرێکی زۆر چەپڵەیان بۆی لێ دا، کردەی مـەزنی ئازادکردنی بە زەردەخەنەوە، بە پێکەنینەوە، بە گاڵتـەوە جێبەجێ کرد. کەسـیش سـەرکۆنەی ئەوەی نەکـرد، سـەخت و پەی پێنـەبراو بێ؛ لە هـەمـوو حـاڵێکدا بێـپـەروایی و بایەخنەدانی بووە هۆی تووڕەیی و لەوەش زیاتر بێمـانایی شۆکـهێنەری ئەو سوژێتانەی مامەڵەی دەکردن.

ئەوانەی سەرکۆنەی ئەم بێمانایییەیان دەکرد، وشەی دروستیان هەڵبژارد. بەڵام با بیری خۆمانی بهێنینەوە، فیدلینگ چی گوت: "ئەو خواردنەی ئێمە لێرەدا دەیخەنە بەردەم خوێنەرەکانمان... جگە لە سروشتی مرۆڤ هیچی تر نییە". ئاخۆ ڕووداوە گەورە دراماتیکییەکان بە ڕاستی باشترین کلیلن بۆ تێگەیشتن لە "سروشتی مرۆڤ"؟ ئاخۆ زیاتر وەکو کۆسپ خۆیان بەرز ناکەنەوە، بۆ ئەوەی ژیان، بەو جۆرەی هەیە، ڕێگەی لێ بگرن؟ ئاخۆ بێمانایی هەر خۆی یەکێک لە تەگەرە گەورەکانمان نییە؟ ئەمە چارەنووسی ئێمە نییە؟ ئەگەر وایە، ئاخۆ ئەم چارەنووسە هەڵە یان بەدبەختی؟ ملکەچیمانە یان، بە پێچەوانەوە، بارسووکیمانە، بڕوبیانوومانە، ئیدیلمانە، داڵدەمانە؟

بۆ یەکەم جار گەمەی شێواز لە تریسترام شاندیدا شیاوی کرد، ئەم پرسیارە چاوەڕوانەکراو و شەڕەنگێزانە بکرێن. لە هونەری ڕۆماندا دۆزینەوەگەلی بوونگەرایی و گۆڕینی شێواز لەیەک جیانەکراوەن.

## گەڕان بە دوای کاتی ئێستادا

دۆن کیخۆتە لە سەرەمەرگدا بوو و بەڵام "ئەمە ڕێی لەوە نەگرت برازاکەی نان بخوا، ڕێی لەوە نەگرت ژنەمامۆستاکەی دەربار بخواتەوە و ڕێی لەوە نەگرت، سانچۆ کەیفی خۆش بێ". چرکەساتێکی کورت ئەم ڕستەیە کەمێک ئەو پەردەیە هەڵدەداتەوە، کە پەخشانی ژیانی حەشار داوە. بەڵام ئەگەر مرۆڤ بیەوێ هێشتا لە نزیکترەوە لەم پەخشانە بڕوانێ؟ بە وردینەیی؟ لە چرکەوە بۆ چرکە؟ کەیفی خۆشی سانچۆس چۆن گوزارشتی لێ دەکرێ؟ چەنەبازە؟ لەگەڵ هەردوو ژنەکەدا قسە دەکا؟ لەبارەی چییەوە؟ هەموو کاتەکە لەسەر جێخەوی ئاغاکەیدا دەمێنێتەوە؟

خۆی لە خۆیدا حیکایەتخوان دەگێڕێتەوە ئەو شتە دەگێڕێتەوە کە ڕووی داوە. بەڵام هەموو پێشهاتێکی بچووک کاتێک دەبێتە ڕابردوو خەسڵەتی

داسەکاوی خۆی لە دەست دەدا و تەڵخ دەبێ. گێڕانەوەکە، بیرەوەرییەکە، واتە ئەنجامگیرییەکە، ئاسانکردنەوەیەکە، ئەبستراکتردنێکە. سیمای ڕاستەقینەی ژیان، پەخشانی ژیان خۆی تەنیا لە کاتی ئێستادا دەبینێتەوە. بەڵام مرۆڤ دەبێ چۆن پێشهاتەکانی ڕابردوو بگێڕێتەوە و ئەو کاتەی ڕابردوویان پێ بداتەوە، کە ونیان کردووە؟ هونەری ڕۆمان وەڵامەکەی دۆزییەوە: بەوەی ڕابردوو بە دیمەن پێشکێش دەکا. لەگەڵ ئەوەشدا بە پێی ڕێزمان لە ڕابردوودا دەگێڕدرێتەوە، دیمەنەکە لەلایەنی ئۆنتۆلۆجییەوە ئێستایە: ئێمە دەیبینین و دەیبیستین؛ لە بەرەمماندا ڕوو دەدا، لێرە و ئێستا.

لە کاتی خوێندنەوەدا خوێنەرانی فیدلینگ بوونە گوێگری سەراسیمەی پیاوێکی بەشکۆ، بەو شتەی گێڕایەوە سەرسامی کردن. نزیکەی هەشتا ساڵ دواتر بەلزاک خوێنەرانی کردە بینەر، کە تەماشای شاشەیەکیان دەکرد (پێش لە ئارادابوونی شاشەی سینەما)، کە وای لێ کردن ئەفسوونەکەی وەکو ڕۆماننووس بە دیمەن ببینن، کە نەیانتوانی چاوی لێ وەبگێڕن.

فیدلینگ چیرۆککگەلی مەحاڵ یان بڕوانەکردەنی نەدۆزییەوە، ئەگەری ئەو شتەی ئەو دەیگێڕایەوە بە کەمترین شێوە سەری قاڵ دەکرد؛ ئەو نەیدەویست گوێگرەکانی بە وەهمی واقیع شەیدا بکا، بگرە لە ڕێی ئەفسوونی گێڕانەوەیەوە، چاودێرییە چاوەڕواننەکراوەکانیەوە، ئەو بارودۆخە چاوەڕواننەکراوانەی خۆی خولقانونی کەمەندگیر بکات. بەپێچەوانەوە کاتێ ئەفسوونی ڕۆمان لە بێدارکردنەوەی وێنای دیمەنی بینین و بیستن پێک هاتبوو، شیمانە بووە گرینگترین ڕێسا: مەرجی پێویست، بۆ ئەوەی خوێنەر بڕوا بەوە بکات کە دەیبینێ.

فیدلینگ کەمتر ژیانی ڕۆژانەی بە لاوە گرینگە (بڕوای بەوە نەبوو، کە شتی هیچوپووچی ڕۆژێک دەتوانێ ببێتە تێمای گەورەی ڕۆمان)؛ ئەو وای

نەکرد، وەکو بە یارمەتیی میکرۆفۆنە شاردراوەکانی گوێ لەو بیرکردنەوانە بگرێ، کە بە زەینی فیگورەکانیدا دەهاتن و دەچوون (لە دەرەوە لێیان ورد بووە و گریمانەی چاوتیژانە و زۆرجار سەیر لەبارەی باری دەروونیانەوە بە دەستەوە دەدا)؛ وەسفکردن وەڕسی دەکرد و نە خۆی بە دیمەنی پاڵەوانەکانیانەوە خەریک دەکرد (نازانن چاوەکانی تۆم ڕەنگیان چۆنە) نە بە پشتینەی مێژوویی ڕۆمانەوە، چیرۆکەکەی بە دڵخۆشییەوە بەسەر دیمەنەکانەوە دەکشا، تەنیا ئەو بەشانەی ناو دەهێنا، کە بۆ ڕوونیی ڕووداوەکان و تاودانەوە بە گرینگی دەزانین؛ ئەو لەندەنەی کە چارەنووسی تۆم دەخەملێنێ، زیاتر لە بازنەیەکی بچووکی لەسەر نەخشە چاپکراو دەچێ وەکو لە شارێکی گەورەی ڕاستەقینە: شەقامەکان، گۆڕەپانەکان، کۆشکەکان وەسف ناکرێن و تەنانەت ناویشیان ناهێنرێ.

سەتەی ١٩ لە دەیەکانی ئەو ڕووداوە مەترسیدارانەدا لەدایک بوو، کە سەرجەمی ئەوروپایان چەندان جار و لە بنەماوەڕا وەرچەرخاند. لە ژیانی مرۆڤدا ئەو کاتە شتێکی جەوهەری بۆ هەمیشە گۆڕا: مێژوو بووە ئەزموونی هەموو تاکێک؛ مرۆڤ دەستی بەوە کرد تێ بگا، لە هەمان ئەو جیهانەدا نامرێ، کە تێیدا لەدایک بووە؛ سەعاتی مێژوو دەستی بەوە کرد لە هەموو شوێنێک زەنگی ئەو سەعاتە لێ بدا، تەنانەت لە ڕۆمانەکانیشدا، کە کاتەکەی لە پڕ ژمێردرا و مێژووی بۆ دانرا. شێوەی بچووکترین شت، هەموو کورسییەک، هەموو چاکەتێک بەونبوونی (وەرگەڕانی) زووی خەملابوو. مرۆڤ پێی نایە ناو قۆناغی وەسفەکانەوە. (وەسف: بەزەیی لەگەڵ شتە کاتییەکاندا؛ قورتارکردنی ئەو شتانەی بەسەر دەچن.) پاریسی بەلزاک هاوشێوەیی لەگەڵ لەندەنی فیدلینگدا نییە؛ شوێنەکانی ناوی خۆیان هەیە، خانووەکانی ڕەنگی خۆیان هەیە، جادەکانی بەرامە و دەنگەدەنگی خۆیان هەیە؛ پاریسی چرکەساتێکی دیاری کراوە، پاریس، کە پێشووتر هەرگیز بەو جۆرە نەبووە و هەرگیز جارێکی تر بەو جۆرە نابێ. هەموو دیمەنێکی

ڕۆمـانەکە بە مـێژوو خـەملاوە (هەتا ئەگەر تەنیا بە شێوەی کورسییەک یان بڕینی قـاتێکیش بێ)، ئەوانەی لە سایەوە هـاتووەنەتە دەرێ، سیمـای جیـهان هـەمیشە و سـەرومڕ دەگۆڕن.

وێنـەی ئەسـتـێـرەیەکی نوێ بـە ئاسـمـانـی سـەر جـادەی ڕۆمـانەوە دەدرەوشـێتـەوە، کە هـاتووەتە ناو سـەتـە مـەزنەکەیەوە، سـەتەی بـەناوبانگی، سـەتەی دەسـەڵاتی؛ "وێنـایەکی ئەو شـتـەی، ڕۆمـان چیـیـە" ئەو کـاتە خـۆی چەسـپـاند و هەتا فـلاوبێـر، تۆڵسـتـۆی، پرۆست بەسـەر هونـەری ڕۆمـاندا سـەروەر دەبێ؛ ڕۆمـانەکـانی سـەتـەکـانی ڕابردوو نزیکە بـە لەبیـرچوونەوە دادەپۆشـن (شـتـێکی بڕوانـەکـردەنی: زۆلا هـەرگـیـز دۆسـتـایەتیـیـە خەتەرناکەکانی نەخوێندووەوە!) و گۆڕانی داهـاتووی ڕۆمان سەخت دەکەن.

## مانا فرەکانی وشەی "مێژوو"

"مـێـژووی ئەڵمـانیـا"، "مـێژووی فرەنسـا": لەم دوو گوزارشـتـەدا خـەسـڵـەتە جەوهـەرییەکان جیاوازن، لە کاتێکدا چەمکی مێژوو هـەمان مانا دەهێڵێتەوە. "مـێژووی مرۆڤـایەتی"، "مـێژووی تەکنیک"، "مـێژووی زانست"، "مـێژووی ئەم یان ئەو هونەرە": نەک تەنیا بابەتەکە جیاوازە، بگرە وشـەی "مـێژوو" هـەموو جارێک مانایەکی تری هـەیە.

پزیشـکـی مـەزن A مـیـتـۆدێکی بلیـمـەتانە بۆ چارەسـەری نەخـۆشـییـەک دەدۆزێتـەوە. بـەڵام دەیەیەک دواتر Bی پزیشـک مـیـتـۆدێکی تری، کـاریگەرتر پەرە پێ دەدا، بە جـۆرێک کە مـیـتۆدی پێشـوو (هێشـتـا بلیـمـەتانە) ئافـەرۆز دەکرێ و لە بیر دەکرێ. نیشانەی نموونەیی مێژووی زانست پێشکەوتنە.

ئەگەر ئەمە بۆ هونەر بەکار بهێنرێ، چـەمکی مێژوو هیچ پێوەندییـەکی بە پێـشکەوتنـەوە نیـیـە؛ بـە ئاسـتـی تەواو گـەیاندن ناگـەیەنێ، باشـتـرکـردن ناگەیەنێ، سـەرکـەوتن ناگەیەنێ؛ بە سـەفەر دەچێ بۆ وڵاتگەلی نەناسراو، کە مـرۆڤ دەیەوێ لێـیـان بکۆڵێـتـەوە و لەسـەر نـەخـشـەیەک دیاریان بکا.

ڕۆماننووس ئەو جۆش و خرۆشەی نییە، لەوانی پێش خۆی باشتری بکا، بگرە دەیەوێ ئەو شتانە ببینێ، کە ئەوان نەیانبینیوە، ئەو شتانە بڵێ، کە ئەوان نەیانوتووە. شیعرییەتی فلاوبێر شیعرییەتی بەلزاک بەدناو ناکا وەکو چۆن دۆزینەوەی هێڵی باکور دۆزینەوەی ئەمەریکا تێ دەپەڕێنێ.

مێژووی تەکنیک لە مرۆڤەوە سەرچاوە ناگرێ، کە تەنیا ئامرازی وییە؛ ناتوانێ بە جۆرێکی تر بێ وەکو لە پێشووتردا و لە ئاهاتووشدا دەبێ هەروا بێ، چونکە ملکەچی لۆجیکەکانی خۆیەتی؛ لەم ڕوانگەیەوە نامرۆڤانەیە. ئەگەر ئەدیسۆن گڵۆپی نەدۆزیباوە، یەکێکی تر دەیدۆزییەوە. بەڵام ئەگەر لاورێنس ستێرن ئەو بیرۆکە شێتانەیەی نەبوایە، ڕۆمانێک بەبێ هیچ "چیرکێک" بنووسێ، کەس لە جێی وی نەیدەکرد و مێژووی ڕۆمان ئەوە نەدەبوو کە ئێمە دەیناسین.

"مێژووی ئەدەب دەبوو بە پێچەوانەی مێژوو خۆیەوە، تەنیا ناوی سەرکەوتنەکانی لە خۆی بگرتایە، لەبەرئەوەی نسکۆکان سەرکەوتنی کەس نین." ئەم ڕستە ڕوونەی ژولیەن گراک هەموو ئەنجامگیرییەکان لەو هەقیقەتەوە دەکا، کە مێژووی ئەدەب. "بەپێچەوانەی مێژوو خۆیەوە"، مێژووی ڕووداوەکان نییە، بگرە مێژووی بەهاکانە. بەبێ واترلۆ مێژووی فرەنسا درک پێ نەکراو دەبوو. بەڵام واتەرلۆکانی نووسەرە بچووک و تەنانەت گەورەکانیش جێیان تەنیا لەبیرچوونەوەدایە.

مێژوو "وەکو مێژوو"، مێژووی مرۆڤایەتی، مێژووی شتەکانە، کە لێرە نەماون و ئیتر ڕاستەوخۆ بەشداریی ژیانمان ناکەن. لەبەرئەوەی مێژووی هونەر مێژووی بەهاکانە، واتە ئەو شتانەی کە بۆ ئێمە پێویستن، هەموو کات لێرەیە، بەردەوام لەلای ئێمەن؛ ئێمە لە هەمان کۆنسێرتدا گوێ لە مۆنتەڤێردی و ستراڤینسکی دەگرین.

لەبەرئەوەی هەموو کاتیش لەلای ئێمەن، بەهاکانی هونەر هەموو کات تاویان پێ دەدرێتەوە، هەڵدەسەنگێنرێن، دەنرخێنرێن، سەرلەنوێ

دەنرخـێنرێن. بـەڵام مـرۆڤ چۆن دەتـوانێ بیـاننرخـێنێ؟ لە بـواری هونەردا پێـوەری تەواوی نیـیـە. هەمـوو حـوکـمـێکی ئیسـتـاتیکی گـریمانەیەکی شەخسییە؛ بەڵام گریمانەیەکە، کە خۆی لە خودگەرییاندا قەتیس ناکا، بەرەو ڕووی حوکمـەکانی تر دەوەستـێتـەوە، هەوڵی ئەوە دەدا، ددانی پێدا بنرێ، مـەبەسـتی بابەتگەرایییە. لەبەر ئەوە مێژووی ڕۆمـان بە درێژاییی خـۆی بۆ ئاگـاییی دەسـتـەجـەمـعی لە گـۆڕانێکی بەردەوامـدایە، کـە لێـهـاتوویی و لێنەهاتوویی، ژیری و دەبەنگی، پێش هـەمـوو شـتـێکیش لەبیـرچوونەوە بەشدارن، ئەو لەبیرچوونەوەیەی، کە دەستبەرداری ئەوە نابێ گۆڕستانە بێ سنوورەکـانی گـەورەتر بکاتەوە، کـە لە پاڵ بەهای بێنرخ بەهـای لە خـۆی کـەمـتـرکـراو، ددان پێدانـەنراو یان لەبیـرچوو نێـژراون. ئەم ناهەقـیـیـەی ناتوانرێ خۆی لێ لابدرێ مێژووی هونەر بە قووڵیی مرۆڤانە دەکا.

## جوانیی لە ناکاو چڕبوونەوەی ژیان

لە ڕۆمـانەکانی دۆسـتـەیەڤـسکیدا سـەعـات لەوە نـاگـەڕێ، کـات ڕابگـەیەنێ: "دەمەو نۆی بەیانـی بوو" یەکەم ڕسـتـەی گەمژە بەمجۆرەیە؛ لەم چرکـەساتەدا لە ڕێی ڕێککەوتێکەوە (بەڵێ، ڕۆمـانەکـە بـە ڕێککەوتێکی گـەورە دەست پێ دەکا!) سێ کـەس لە ڤاگـۆنی شـەمـەندەفـەرێکدا بەیەک دەگەن، کە هـەرگـیـز یەکتریـیـان نەبینیوە: موشکین، ڕۆگۆشین، لێبێدەڤ؛ لە ڕەوتی گفتوگۆیاندا هەر زوو ناسـتـازیا فیلیپۆڤنا، پاڵەوانی ڕۆمانـەکە دەردەکەوێ. سـەعات یازدە مـیـشکین لەلای جـەنەراڵ یەپانچین زەنگ لـێ دەدا، سـەعـات دوازدە و نیـو لەگـەڵ ژنی جـەنەراڵ و سـێ کـچـەکـەیدا نانی نیـوەڕۆ دەخـوا؛ لە کـاتی گفتوگۆیاندا دیسـان ناسـتـازیا فیلیپـۆڤنا دەردەکەوێ: بۆمـان دەردەکەوێ، تۆتسکی نـاوێک، کە بەخێوی کـردووە، هەرچی چۆنێک بووە لەگـەڵ گانیـای سکرتێـری یەناچیندا هاوسـەرکارییـان پـێ بکا و دەیەوێ هەمـان ئێـوارە، لە ئاهەنگی بیـست و پێنج سـاڵەی لەدایکبوونیدا بڕیارەکـەی بەیان بکا. دوای

خواردن گانیا مشکین لەگەڵ خۆی دەباتە ئەپارتمانەکەی خێزانەکەیەوە و ناستازیا فیلۆپۆڤنا لەوێ دەردەکەوێ، لەگەڵ ئەوەش کەس چاوەڕوانی نییە و ماوەیەکی کەمی دوای ئەوە، بە هەمان شێوە چاوەڕواننەکراو (هەموو دیمەنێک لەلای دۆستەیەڤسکی بە بەیانکردنێکی چاوەڕواننەکراوی ڕیتمگەرا نەخشێنراوە)، ڕۆگۆشینی مەست لە مەشرەبی بەدمەستەکانی تردا دەردەکەوێ. ئەو ئێوارەیە لەلای ناستازیا بەخرۆشاوی دەگوزەرێ: تۆتسکی بەبێ سەبر چاوەڕوانی بەیانکردنی هاوسەرکارییەکە دەکا، موشکین و ڕۆگۆشین هەردووکیان ئەڤینیان بە ناستازیا ڕادەگەیەنین و جگە لەوەش ڕۆگۆشین پاکەتێکی بە سەد هەزار ڕوبڵەوە دەداتێ، کە ناستازیا فڕێی دەداتە ئاگردانەکەوە. ئاهەنگەکە شەوێکی درەنگ بەکۆتا دێت و لەگەڵیدا بەشی یەکەمی چوار بەشەکەی ڕۆمانەکەش بەکۆتا دێت: نزیکەی ٢٥٠ لاپەڕە پازدە سەعاتی ڕۆژێک و لە چوار دیمەن زیاتر نییە: شەمەندەفەرەکە، خانووەکەی یەپانچین، ئەپارتمانەکەی گانیا، ئەپارتمانەکەی ناستازیا.

هەتا ئەو کاتە مرۆڤ دەیتوانی چڕبوونەوەیەکی بەو جۆرەی ڕووداو لە کاتێکی وا کورت و لە شوێنێکی دیاریکراودا تەنیا لە شانۆدا ببینێ. لە پشتی دراماتیککردنی پەرگری ڕووداوەکانەوە (گانیا زللە لە میشکین دەدا، ڤاریا تف لە چارەی گانیا دەکا، ڕۆگۆشین و میشکین ئەڤینیان لە یەک چرکەساتدا بۆ هەمان ژن ڕادەگەیەنن) هەموو شتێکی کە سەر بە ژیانی ڕۆژانە بێ ون دەبێ. شیعرییەتی ڕۆمان لەلای سکۆت، بەلزاک، دۆستەیەڤسکی ئاوهایە؛ ڕۆماننووس دەیەوێ هەموو شتێک بە دیمەن بڵێ؛ بەڵام وەسفی دیمەن جێ زۆر دەگرێ؛ ئەو پێویستییەی، کرژییەکە بهێڵرێتەوە چڕکردنەوەیەکی لە ڕادەبەدەری ڕووداو دەخوازێ؛ لەبەر ئەوە ئەم ناچیزییە: ڕۆماننووس دەیەوێ سەرجەمی ئەگەری پەخشانی ژیان بپارێزێ، بەڵام دیمەنەکە هێندە پڕ لە ڕووداو دەبێ، ئەوەندە بە ڕێککەوت تژی دەبێ، کە کاراکتەری پەخشانگەرایی و شیمانەی لە دەست دەدا.

لەگەڵ ئەوەشدا لەم بەشانۆکردنەی دیمەندا تاقە پێویستییەکی تەکنیکی نابینم و هەڵەش نابینم. ئەم کەڵەکەکردنی ڕووداوانە لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی کە ناوازە و نزیکە باوەڕنەکردەنین و ڕەنگ بێ لە خۆیانی بگرن، لە سەرەتاوە سەرنج ڕاکێشە! ئەگەر لە ژیانی خۆماندا بەسەرمان بێت - کێ دەتوانێ نکوولّیی لێ بکا -، گەشکەمان دەکا! بەدڵمانە! لە بیر ناکرێ! دیمەنەکان لەلای بەلزاک یان دۆستەیەڤسکی (دوا بەلزاکیی گەورەی شێوازی ڕۆمان) جوانییەکی زۆر تایبەت ڕەنگ پێ دەدەنەوە، جوانییەکی زۆر دەگمەن، بەڵام جوانییەکی ڕاستەقینە، کە هەموو کەسێک لە ژیاندا ناسیویەتی (یان بە لای کەمەوە بەری کەوتووە).

بۆهیمیای دڵارای لاوێتیم لە پڕ دەردەکەوێ: هاوڕێکانم جاڕی ئەوەیان دا، هیچ ئەزموونێک لەو ئەزموونە بۆ پیاوێک خۆشتر نییە، کە لە هەمان ڕۆژدا سێ ژنی بە دوای یەکتردا هەبێ. نەک وەکو بەسەرهاتێکی میکانیکی ئاهەنگی سێکس، بگرە وەکو سەرەڕۆییی تاک لە ڕێی ڕێککەوتی هەل و دەرفەتی چاوەڕواننەکراوەوە، غەفڵەتگیری، فریوخواردنی خێرا. ئەم "ڕۆژی سێ ژنە"، کە زۆر دەگمەنە و لە خەون نزیک دەبێتەوە خرۆشانێکی فریودەری هەیە، کە وەکو ئەمڕۆ هەستی پێ دەکەم، لە دەستکەوتێکی وەرزشی سێکس پێک نەهاتبوو، بگرە لە جوانییەکی داستانی بەدوای یەکداهاتنێکی خێرای بەیەکگەیشتنەکان، کە تیایدا هەموو ژنێک لە بەردەم پشتینەی ژنەکەی پێشوویدا، دەگمەنتر دەرکەوت و سێ جەستەکەیان بە سێ تۆنی درێژ دەچوون، هەریەکەیان بە ئامێرێکی تر لێدراو، بۆ نۆتەنامەیەک یەکیان گرتووە. ئەمە جوانییەکی زۆر تایبەتی بوو، جوانیی چڕبوونەوەی لە پڕی ژیان.

# دەسەڵاتی پووچی

لە ساڵی ١٨٧٩دا فلاوبێر گۆڕانکاریی لە خانەبەندیی پەرەگرافەکانی چاپی دووەمی پەروەردەکردنی هەستەکان کرد (چاپی یەکەم ١٨٦٩ دەرچووبوو): هەرگیز پەرەگرافێکی دابەش نەکردە سەر چەند دانەیەک، بگرە زۆرجار بۆ پاژی درێژتر بەیەکەوەی بەستن. من وام بۆ دەردەکەوێ ئەمە مەبەستێکی قووڵی ئیستاتیکی ئاشکرا دەکا: ڕۆمان لە شانۆ ڕووت دەکاتەوە؛ لە دراما ڕووتی دەکاتەوە ("لە بەلزاک ڕووتی دەکاتەوە")؛ ڕووداوێک، کردەیەک، وێنەیەک بخاتە قاوغی وێنەیەکی گەورەتری گشتگرەوە؛ لە ئاوی ڕۆیشتووی شتی ڕۆژانەدا بیتوێنێتەوە.

شتی ڕۆژانە. ئەمە تەنیا وەڕسی، پووچی، تاکنەوایی، مامناوەندیەتی نییە؛ ئەمە جوانیشە. بۆ نموونە ئەفسوونی ڕەوش؛ هەموو کەسێک لە ژیانی خۆیدا دەیناسێ: مۆسیقا، کە مرۆڤ بەدەنگێکی نزم لە ماڵی دراوسێکەیەوە دەیبیستێ؛ ئەو بایەی پەنجەرە دەهەژێنێ؛ دەنگی تاکنەوای پرۆفیسۆرێک، کە گوێ بۆ غەمی ئەڤینی کچە خوێندکارێک ڕادەدێرێ و لەم گوێیەوە دەڕوا و لەوی ترەوە دەردەچێ؛ ئەم دۆخە پووچانە مۆرکێکی لاسایینەکراوەی دانسقەیی لە ڕووداوێکی زۆر شەخسی دەدا، کە بە هۆیەوە دەبێتە ڕووداوێکی گرینگ و لە بیر ناچێتەوە.

بەڵام فلاوبێر لە تۆژینەوەی پووچیی ڕۆژانەدا زیاتریش ڕۆیشتووە. سەعات یازدەی پێش نیوەڕۆیە، ئێما بۆ ژووان دێتە ناو دێرەکەوە و ئەو نامەیە دەداتە دەستی دڵدارە هەتا ئەو کاتە پاکەکەیەوە، کە تیایدا پێی ڕای دەگەیەنێ، ئیدی نایەوێ ببینێ. ئەمجا دەچێتە لاوە، دەچیتە سەر چۆک و نزا دەکا؛ کاتێ ڕاست دەبێتەوە، ڕێبەرێک وەستاوە و پێشنیازی سەردانی پێشاندانی کڵێساکەیان بۆ دەکا. بۆ ئەوەی ژووانەکە پووچ بکاتەوە ئێما ڕازی دەبێ، کچ و کوڕەکە ناچارن، لە بەردەم تابلۆ، لە بەردەم فیگوری

پیرۆزدا بچەقن، سەر بۆ نەخش و نیگاری بنمیچەکە بەرز بکەنەوە و گوێ بۆ ڕوونکردنەوەکانی ڕێبەرەکە هەڵبخەن، کە فلاوبێر بە هەموو گەمژەیی و درێژییەکەوە دەیگوازێتەوە. لیۆن بە تووڕەییەوە سەردانەکە دەپچڕێ، کە ناتوانێ لەوە زیاتر تەحەمولی بکات، ئێما بۆ گۆڕەپانی بەردەم کڵێساکە پەلکێش دەکا، بانگی گالیسکەیەک دەکا، دیمەنە بەناوبانگەکە دەست پێ دەکا، کە ئێمە هیچی لێ نابینین و نابیستین، جگە لە دەنگی پیاوێک جاروبار لە ناوەوەی گالیسکەکەوە، کە فەرمان بە گالیسکەوانەکە دەدا، هەمیشە بە ئاراستەیەکی نوێدا بئاژوێ، بۆ ئەوەی سەفەرەکە بەردەوام بێ و تێکەڵبوونی ئەڤینەکە هەرگیز بەکۆتا نەیەت.

یەکێک لە دیمەنە هەرە بەناوبانگە ئیرۆتیکییەکان بەهۆی شتێکی زۆر بێبایەخەوە دێتە ئاراوە: وەرەسکەرێکی بێوەی و وزەی چەنەبازییەکەی. لە شانۆدا ڕووداوێکی درێژ دەتوانێ تەنیا لە ڕووداوێکی درێژی ترەوە پەیدا ببێ. تەنیا ڕۆمان لەوە تێ گەیشت، دەستەڵاتی گەورەی پڕ نهێنیی پووچی بدۆزێتەوە.

## جوانیی مەرگ

بۆچی ئانا کارینینا خۆی دەکوژێ؟ بە ڕواڵەت هەموو شتێک ڕوونە: چەندان ساڵە خەڵکی جیهانەکەی ئاوڕی لێ دەدەنەوە؛ بەو ئازارەوە دەتلێتەوە لە سێرگەی کوڕی دوور بێ؛ لەگەڵ ئەوەشدا ڤرۆنسکی هێشتا هەر حەزی لێیەتی، لە ئەڤینەکەی ئەو دەترسێ؛ بە دەستییەوە شەکەت بووە، بەو ئەڤینە زۆر وورووژاوە، نەخۆشانە (بە ناهەق) ڕژدە؛ هەست دەکا لە تەڵەدایە. بەڵێ، هەموو ئەمانە ئاشکران؛ بەڵام ئاخۆ کاتێ مرۆڤ لە تەڵەدا بێ حوکمی خۆکوشتنی بەسەردا دراوە؟ خەڵکێکی ئەوەندە زۆر بەوە ڕادێن لە تەڵەدا بژین! ئەگەر مرۆڤ لە ئاستی غەمگینییەکەشیان تێ بگا، خۆکوشتنی ئانا مەتەڵ دەمێنێتەوە.

کاتێ ئۆدیب ڕاستییە دژوارەکە لە بارەی شوناسنامەی خۆیەوە دەزانێ، کاتێ یاکۆستی هەڵواسراو دەبینێ، چاوەکانی خۆی دەردەهێنێ؛ لە کاتی لەدایکبوونیەوە پێویستییەکی هاوپێوەند بە دڵنیاییەکی ماتماتیکییەوە بۆ ئەم ئەم ئەنجامە تراجیدییەی برد. بەڵام ئانا بەبێ هیچ ڕووداوێکی ناوازە لە بەشی حەوتەمی ڕۆمانەکەدا بۆ یەکەم جار بیر لە مردنی شیاوی خۆی دەکاتەوە: ئەمە لە ڕۆژی هەینیدا ڕوو دەدا، دوو ڕۆژ پێش خۆکوشتنی: شەڕێکی پێشووتر لەگەڵ ڤرۆنسکیدا ئازاری دەدا، لە پڕ ئەو ڕستەیەی بیر دەکەوێتەوە، کە لە هەڵچوونیدا تاوێک دوای منداڵبوونی وتوویەتی: "لەبەرچی نەمردووم؟"، و ماوەیەکی درێژ خۆی پێوە سەرقاڵ دەکا. (با تێبینی ئەوە بکەین: ئەو لە گەڕاندا بە دوای ڕزگاربوون لە تەڵە بیرۆکەی مردنی بۆ نایەت؛ بیرەوەرییەک ئەمەی بە سرتە بە گوێدا دەچرپێنێ.)

لە ڕۆژی داهاتوودا، لە شەمەوودا، بۆ جاری دووەم بیر لە مردن دەکاتەوە: بە خۆی دەڵێ، کە خۆکوشتن "تاقە هۆکارە، سزای ڤرۆنسکی پێ بدرێ، جارێکی تر ئەڤینی بە دەست بهێنێتەوە" (واتە خۆکوشتن نەک وەکو ڕزگاربوون لە تەڵە، بگرە وەکو تۆڵەی خۆشەویستی)؛ بۆ ئەوەی بتوانێ بخەوێ، حەبێکی خەو دەخوا و لە خەونێکی سۆزاویدا لەبارەی مردنیەوە خۆی ون دەکا؛ وێنای ئازاری ڤرۆنسکی دەکا، کاتێ ئەو بەسەر تەرمەکەی ئەمدا دادەچەمێتەوە؛ ئەمجا، کاتێ بۆی ڕوون دەبێتەوە، کە مردنی تەنیا فەنتازیایە، هەست بە خۆشییەکی گەورە بۆ ژیان دەکا: "نەخێر، نەخێر، هەموو شتێک نەک مەرگ! من ئەوم خۆشدەوێ، ئەویش منی خۆشدەوێ، ئێمە دیمەنی هاوشێوەمان بینی و دیسان هەموو شتێک چاک بوو."

ڕۆژی داهاتوو، یەکشەم، ڕۆژی مردنیەتی. سەرلەبەیانی دیسان شەڕ دەکەن و هەر لەگەڵ ڤرۆنسکی دەچێ بۆ ڤیلاکەی دایکی لە نزیکی مۆسکۆ، ئانا هەواڵێکی بۆ دەنێرێ: "من لەسەر هەق نەبووم، وەرە بۆ ماڵەوە، ئێمە دەبێ قسە بکەین. بۆ خاتری خوا، بگەڕێرەوە، من دەترسێم." ئەمجا بڕیار

دەدا سەردانی دۆلی براژنی بکا، بۆ ئەوەی داخی دڵی بۆ هەڵڕێژێ. ئەمجا دەچێتە ناو گالیسکە ئامادەکەوە و جڵەو بۆ بیرەکانی شل دەکا. بیرکردنەوەیەکی مەنتیقی نییە، کردەیەکی کۆنترۆڵنەکراوی مێشکە، کە هەموو شتێک تێکەڵوپێکەڵ دەبێ، بیرکردنەی پچڕپچڕن، چاودێرین، بیرەوەرین. گالیسکەکە لە کاتی ئاژووتندا شوێنێکی نموونەییە بۆ مۆنۆلۆگێکی بێدەنگی ئاوها، چونکە جیهانی دەرەوەی کە بە تەنیشتدا تێ دەپەڕێ پەیدارەپەی برەو بە بیرۆکەکانی دەدا: "نووسینگە و کۆگا. دوکتۆری ددان. بەڵێ لەلای دۆلی ددان بە هەموو شتێکدا دەنێم؛ ... سەخت دەبێ، هەموو شتێکی پێ بڵێم، بەلآم دەیکەم."

(ستێندال بە خۆشحاڵییەوە دەنگەکە لە ناوەڕاستی دیمەنەکەدا دەبڕێ: ئێمە ئیدی گوێمان لە دیالۆگەکە نابێ و دوای بیرە پەنهانەکانی فیگۆرێک دەکەوین؛ ئەمەش هەمیشە بیرکردنەوەیەکی زۆر لۆجیکی و پوختە، لە ڕێی ئەمەوە ستێندال ستراتیجی پاڵەوانەکەیمان بەدەستەوە دەدا، کە خەریکی ئەوەیە بارودۆخەکە بنرخێنێ و بڕیاری ڕەفتاری بدات. مۆنۆلۆگە بێدەنگەکەی ئانا بە هیچ جۆرێک لۆجیکی نییە، بیرکردنەوە نییە، هەموو ئەو شتانەیە کە لە چرکەساتێکی دیاریکراودا بەسەریدا هاژە دەکەن. بەمە تۆڵستۆی پێشدەستیی ئەوە دەکا، کە جۆیس پەنجا ساڵ دواییتر زۆر سیستەماتیکتر لە ئۆلیسەکەیدا بەکاری دەهێنێ و مۆنۆلۆگی ناوەوە یان تەوژمی هۆشی پێدەوترێ. تۆڵستۆی و جۆیس هەمان ئەو کەڵکەڵەیە دایگرتبوون: پەی بەوە ببەن، لە چرکەساتی ئێستادا چی لەسەری مرۆڤێکدا ڕوو دەدا، کە لە چرکەیەی دوای ئەوەدا بۆ هەمیشە دەڕوا. بەلآم جیاوازییەک هەیە: تۆڵستۆی بە مۆنۆلۆگی ناوەوەی لەوە ناتۆژێتەوە، وەکو دواییتر جۆیس، لە ڕۆژێکی ئاسایی دەکۆڵێتەوە، بگرە بەپێچەوانەوە لە ژیانی ژنە پاڵەوانەکەیدا لە چرکەساتە بڕیاردەرەکان دەتۆژێتەوە. ئەمەش زۆر قورسترە، چونکە بارودۆخێک هەتا دراماتیکیتر، ناوازەتر، خراپتر بێ،

ئەوەندە بەهێزتر گێڕەوە مەیلی ئەوەی هەیە، کاراکتەرە ڕاستەقینەکەی لەناو ببا، پەخشانە نالۆجیکییەکەی لە بیر بکا و لە ڕێی لۆجیکی تراجیدیای بێبەزەیی، ئاسانکراوەوە جێی بکاتەوە. واتە تۆژینەوەی تۆلستۆی بۆ پەخشانی خۆکوشتن کارێکی گەورەیە، "دۆزینەوە"یەکە، کە لە مێژووی ڕۆماندا هاوشێوەی نەبووە و هەرگیزیش نابێ.)

کاتێ ئانا دەگاتە لای دۆلی، لە توانایدا نییە، هیچی پێ بڵێ. زوو بەجێی دەهێڵێ، سواری گالیسکەکە دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە؛ مۆنۆلۆگی دووەمی ناوەوەی بە دوادا دێت: دیمەنی جادە، چاودێری، هاوپەیوەستکردنەکان. لە ماڵەوە تەلەگرامەکەی ڤرۆنسکی دەدۆزێتەوە، کە پێی ڕادەگەیەنێ، ئەو لەلای دایکی لە گوندە و پێش سەعات دەی شەو ناگەڕێتەوە. بۆ داد و بێدادە پڕ هەست و سۆزەکەی سەرلەبەیانی ("بۆ خاتری خوا، بگەڕێرەوە، من دەترسم!") بە هەمان شێوە چاوەڕوانی وەڵامێکی بەهەست و سۆزە، لەبەرئەوەی نازانێ، کە ڤرۆنسکی هەواڵەکەی پێ نگەیشتووە، لە ناخەوە هەستی بریندار بووە؛ بڕیار دەدا بە شەمەندەفەر بچێ بۆ لای. کە دیالۆگی سێیەمی ناوەوە ڕوو دەدا جارێکی تر لە گالیسکەکەدا دانیشتووە: دیمەنی جادە، ژنە دەرۆزەکەرێک، کە دەستی منداڵێکی گرتووە، "بۆچی وا بیر دەکاتەوە، کە بەزەیی دەبزوێنێ؟ هەموو تووڕ نەدراوینەتە نێو ئەم جیهانەوە بۆ ئەوەی ڕقمان لە یەکتر ببێتەوە و ئازاری یەکتری بدەین؟ ... ئای، قوتابییەکان، کە بە خۆشی کات بەسەردەبەن ... سێرگییە چکۆلەکەم! ..."

لە گالیسکەکە دادەبەزێ و سواری شەمەندەفەرەکە دەبێ: وزەیەکی نوێ دێتە سەر شانۆ: ناشیرینیی: لە پەنجەرەی ڤاگۆنەکەوە ژنێکی "ناقۆڵا" دەبینێ بەسەر شۆستەی سکەکەدا ڕێ دەکا؛ لە خەیاڵی خۆیدا ڕووتی کردەوە، بۆ ئەوەی دڵی بە ناشیرینی ئەو داخورپێنێ ..." کچێکی بچووک بە دوای خانمەکەدا دەڕوا، کە بە نازەوە پێ کەنی ... چەپەڵ و لووتبەرز". "پیاوێکی پیسی، ناشیرینی شەپقە لەسەر" دەردەکەوێ. لە دواییدا ژن و

پیاوێک لە بەرامبەری دادەنیشن؛ "بۆ ئەو قێزەونن"؛ پیاوەکە شتی "گەلحۆیانە بۆ ژنەکەی دەگێڕێتەوە". هیچ بیردکردنەوەیەکی ئاوەزەکی لەسەریدا نەماوە، درکی ئیستاتیکی زۆر ناسک دەبێ؛ نیو سەعات پێش ئەوەی خۆی دنیا بەجێ بهێڵێ، دەبینێ جوانی تێیدا ون دەبێ.

دادەبەزێ. لە وێستگە هەواڵێکی نوێی ڤرۆنسکیی پێ دەگا، کە گەڕانەوەی لە سەعات دەدا دەسەلمێنێ. بە درێژاییی شۆستەکە ڕێ دەکا، بازاڕێتی، قێزەونی، مامناوەندێتی لە هەموو لایەکەوە پەلاماری هەستەکانی دەدەن. شەمەندەفەرێکی بارگواستنەوە دێتە ناو وێستگەکەوە. لە پڕ "ئەو پیاوەی بیر کەوتەوە، کە لە یەکەم ڕۆژی یەکتربینیاندا لەگەڵ ڤرۆنسکی کەوتبووە ژێر شەمەندەفەرەوە و ئەم بۆی دەرکەوت دەبێ چێ بکات". لەم چرکەساتەشدا بڕیار دەدا بمرێ.

(بیری دەکەوێتەوە کە "ئەو پیاوەی بووە ژێر شەمەندەفەرەوە"، کارمەندی هێڵە ئاسنینەکان بوو، لە هەمان چرکەساتدا، کاتێ ڤرۆنسکی بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا بینی، کەوتبووە ژێر شەمەندەفەرێکەوە. ئەم هاوتایییە، ئەم لە چوارچێوەگرتنەی سەرجەمی مێژووی ژیانی بە پاڵنەری مەرگی دووفاقە لە وێستگەدا چی دەگەیەنێ؟ ئاخۆ ئەمە سەختەکارییەکی شیعرییەتی تۆلستۆیە؟ شێوازی ئەوە، گەمە بە ڕەمزەکان بکا؟

با بارودۆخەکە پوختە بکەینەوە: ئانا چووە بۆ وێستگە، بۆ ئەوەی جارێکی تر ڤرۆنسکی ببینێ، نەوەکو بۆ ئەوەی خۆی بکوژێ؛ لە شۆستەی وێستگەدا لە پڕ بیرەوەرییەک بەسەریدا دەدا و دەرفەتێکی چاوەڕواننەکراو لەخشتەی دەبا، شێوازێکی کۆتایی، جوان بە چیرۆکی ئەڤینەکەی بدا؛ سەرەتا و کۆتایی بە وێستگە وەکو شوێنی هاوشێوەی ڕووداو و پاڵنەری هاوشێوەی مەرگ لە ژێر چەرخەدا بە یەکەوە ببەسترێتەوە، چونکە بەبێ ئەوەی بزانێ، مرۆڤ لە خەرمانەی جوانیدا دەژی و ناشیرینیبوون ئانا ئازار دەدا، بۆ ئەمەش ئەوەندە زیاتر هەستیارە.)

چەند پلەیەک دەچێتە خوارەوە و لە بەردەم سکەکاندا دەوەستێ. شەمەندەفەرە بارهەڵگرەکە نزیک دەبێتەوە. "هەستێک دایگرت، وەکو ئەو هەستەی پێشووتر لە کاتی مەلەکردندا دایگرتبوو وا بوو، کاتێ خۆی ئامادە دەکرد، باز بداتە ناو ئاوەکەوە ..."

(ڕستەیەکی سەرسووڕهێنەرە! لە تاقە چرکەیەکدا، دوا چرکەی ژیانی، جیدییەتی زۆر بە بیرەوەرییەکی خۆش، ئاسایی، ساناوە دەبەستێ! تەنانەت لە چرکەساتی وروژێنەری مەرگیدا ئانا لە ڕێگەی تراجیدیی سۆفۆکلیسەوە زۆر دوورە. لە ڕێگەی پڕ نهێنیی پەخشان لانادا، کە دزێوی و جوانی بە تەنیشت یەکەوەن، کە شتی مەنتیقی جێ بۆ شتی نامەنتیقی چۆڵ دەکا و مەتەڵ، مەتەڵ دەمێنێتەوە.)

"سەری لەناو شانەکانیدا ون کرد و بە دەستی درێژکراوەوە کەوتە ژێر ڤاگۆنەکەوە."

## شەرمی خۆدووبارەکردنەوە

لە یەکێک لە سەفەرەکانی سەرەتامدا لە ساڵی ١٩٨٩دا دوای هەرەسی کۆمۆنیزم لە پراگ مامەوە، هاوڕێیەکم، کە بە درێژاییی کات لەوێ ژیابوو، پێی وتم: ئەوەی ئێمە پێویستمان پێی هەیە بەلزاکێکە. چونکە ئەوەی تۆ لێرە دەیبینی، چاکسازیی کۆمەڵگەیەکی سەرمایەدارییە بە هەموو ئەو شتانەوە کە سامناکی و گەمژەیی لەگەڵ خۆیدا دەیانهێنێ، لەگەڵ بازاڕێتیی ساختەچییەکان و نەدیوبدییەکان. گەمژەییی بازرگانی جێگەی گەمژەییی ئایدۆلۆجیی گرتووەتەوە. بەڵام ڕەسەنایەتی لەم ئەزموونەدا ئەوەیە، کۆن بە زیندوویەتی هێشتا لە بیرەوەریدایە، هەردوو ئەزموونەکە بەیەکیاندا داوە و مێژوو وەکو سەردەمی بەلزاک سیناریۆی ئاڵۆزی باوەڕنەکردەنی چێ دەکا. چیرۆکی پیرەمێردێکیشم بۆ دەگێڕێتەوە، پێشووتر لێپرسراوێکی بەرزی حزب بووە، کە پێش بیست و پێنج ساڵ پشتگیریی هاوسەرکاریی کچەکەی

دەكا لەگەڵ كوڕی ماڵباتێكی برژوای ڕێزدار، كە ماڵ و موڵكەیان دەستی بەسەردا گیرابوو، كە ئەو (وەكو دیاریی زەماوەند) یەكسەر كارێكی باشی بۆ زاواكەی دۆزیبووەوە؛ ئەمڕۆ ئەو ئەپاراچیكە ژیانی لە تەنیاییدا دەگوزەرێنێ؛ ماڵباتی زاواكەی سامانە لە كاتی خۆیدا بە دەوڵەتكراوەكەی وەرگرتەوە و كچەكە شەرم بۆ باوكە كۆمۆنیستەكەی دەكا، تەنیا بەدزییەوە دەوێرێ سەردانی بكا. هاوڕێكەم پێ دەكەنێ: سەرنجی شتێك دەدەی؟ ئەمە كتومت چیرۆكی گۆریۆتە! لە كاتی حوكمڕانیی تیرۆردا پیاوە دەسەڵاتدارەكە بۆی دەلوێ، هەردوو كچەكەی بە "چینی نەیار" بە شوو بدات، كە لە دواییدا، لە قۆناغی بیناكردنەوەدا، نەیانویست باوكیان بناسنەوە، بە جۆرێكی باوكی داماو هەرگیز ناتوانێ لە شوێنی گشتیدا بیانبینێ.

ماوەیەكی زۆر پێ كەنین. ئەمڕۆ لەلای ئەم پێكەنینە هەڵوەستە دەكەم. لە ڕاستیدا ئێمە بۆچی پێ كەنین؟ پیرەمێردە ئەپەراچیكەكە هێندە مایەی پێكەنین بوو؟ مایەی پێكەنین، چونكە ئەوەی دووبارە كردەوە، كە یەكێكی تر ئەزموونی كردبوو؟ بەڵام خۆ ئەو هەر هیچی دووبارە نەكردەوە! مێژوو خۆی دووبارە كردەوە. بۆ ئەوەی خۆیشی دووبارە بكاتەوە، دەبێ یەكێك شەرم، ژیریی، زەوقی نەبێ. ئێمە دەبوو بە زەوقی خراپی مێژوو پێ بكەنین.

بەمەش دەگەڕێمەوە بۆ داواكارییەكەی هاوڕێكەم. ئاخۆ ئەوە ڕاستە، كە ئەمڕۆ ئەو قۆناغەی لە بۆهیمیا تیایدا دەژین پێویستی بە بەلزاكە؟ لەوانەیە. لەوانەیە بۆ چیكییەكان ڕۆشنكەرەوە بێ، ڕۆمان لەبارەی گەڕانەوەی سەرمایەدارییەوە لە وڵاتەكەیاندا بخوێننەوە، خولگەیەكی فراوانی چڕی ڕۆمان بە كەسایەتیی زۆری شێوازی بەلزاكەوە. بەڵام هەر ڕۆماننووسێكی شایانی ئەو ناوە بێت ڕۆمانێكی وا نانووسێ. مایەی پێكەنینە جارێكی تر كۆمیدیای مرۆڤانە بنووسرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا مێژوو (هی مرۆڤایەتی) دەتوانێ ئەو زەوقە خراپەی هەبێ، خۆی دووبارە بكاتەوە، بەڵام مێژووی هونەرێك بەرگەی دووبارەكردنەوە ناگرێ. هونەر بۆ ئەوە لە ئارادا نییە،

وەکـو ئاوێنـەیەکی گـەورە هـەمـوو گـۆڕانکارییـەکـان، شـێـوە جـیـاوازەکـان، دووبارەبوونەوە بێکۆتاییەکانی مـێژوو تۆمـار بکا. هونەر تیپێکی مۆسیقای کڵێسا نییـە کە لە بەرەو پێشەوە ڕۆیشـتنیدا بە دوای قولەپێی مـێژووەوە بێ. هـونەر لە ئارادایە، بۆ ئەوەی مـێژووی خـۆی بخولقێنێ. ئەو شتـەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ئەوروپا دەمـێنێتـەوە، مـێژووی دووبارەبووەوەی خـۆی نـیـیـە، کـە بۆ خۆی لە خـۆیدا هیچ بەهـایـەک بەرجـەسـتـە ناکات. تاقـە شـتـێک هـەلی هـەیە بمێنێتەوە مێژووی هونەرەکانیەتی.

## بەشی دووەم

# ئەدەبی جیهانی

## زۆرترین جۆرەوجۆری لە بچووکترین پانتاییدا

چ نەتەوەیی چ گەردوونی، ڕەگداکوتاو یان لە ڕەگھەڵکێشراو، ئەورووپی بە قووڵی لە پێوەندی بە نیشتمانی دایکییەوە پێناسە دەکرێ؛ گیروگرفتی نەتەوەیی لە ئەورووپا – لەوانەیە – ئاڵۆزتر، لە شوێنێکی تر گرینگتر بێ، بەھەرحاڵ بە جۆرێکی ترە. تایبەتمەندییەکی تریشی دەچێتە سەر: لە پاڵ نەتەوە گەورەکانەوە نەتەوەی بچووک ھەن، کە زۆریان لە ڕەوتی ئەم دوو سەتەی دواییدا سەربەخۆیی سیاسیی خۆیان وەدەست ھێناوە (یان جارێکی تر دۆزییەوە). لەوانەیە لە ڕێی لە ئارادابوونیانەوە بێ تێگەیشتم، کە فرەییی کولتووری بەھایەکی گەورەی ئەورووپاییە. ئەو کاتەی جیھانی ڕووسی دەیویست وڵاتە بچکۆلەکەم بە وێنەی خۆی بگۆڕێ، ئیدیالم لەبارەی ئەورووپاوە بەمجۆرە داڕشت: زۆرترین ھەمەجۆری لە بچووکترین پانتاییدا. ڕووسەکان ئیتر حوکمی نیشتمانەکەم ناکەن، بەڵام ئەم ئیدیالە ھێشتا لە مەترسیدایە.

ھەموو نەتەوەکانی ئەورووپا ھەمان چارەنووسی ھاوبەش دەژین، بەڵام ھەریەکەیان بە ھۆی ئەزموونی خۆیەوە جیاواز دەژی. لەبەر ئەوە مێژووی ھەر ھونەرێکی ئەورووپایی (تابلۆکێشان، ڕۆمان، مۆسیقا... ھتد.) وەکو پێشبڕکێی دەست بە دەستگەیاندن وایە، کە تیایدا نەتەوە جیاوازەکان ھەمان مەشخەڵ دەدەنە دەستی یەکترەوە. پۆلیفۆنی (فرە دەنگی) سەرەتاکانی خۆی لە فرەنسادا ئەزموون دەکا، لە ئیتاڵیا پەرە دەستێنی، لە ھۆڵەندا بە ئاڵۆزییەکی باوەڕنەکردەنی دەگا و لە ئەڵمانیا، لە بەرھەمی باخدا بە چڵەپۆپە دەگا؛ قۆناغی ڕۆمانی فرەنسی دوای گەشەکردنی ڕۆمانی

ئینگلیـزی سـەتەی هەژدە دەکـەوێ، ئەمـجـا ڕۆمـانی ڕووسـی، دوای ئەوە ڕۆمـانی سکاندناڤی... هتد. دینامـیک و هـەناسـەی درێژی مـێژووی هونەرە ئەوروپاییـیـەکـان بەبێ بوونی نەتەوەکـان مـایەی بیـرلێکردنەوە نیـیـە، کـە ئەزموونە جۆراوجۆرەکانیان کانییەکی لەبننەهاتووی سروش پێک دەهێنن.

من بیـر لە ئیـسلەندا دەکـەمـەوە. لـەوێ لە سـەتەی ١٣ و ١٤دا کـارێکی ئەدەبیی چەند هـەزار لاپەڕەیی سەرهەڵدەدا: داستانەکان. نە فرەنسییەکان و نە ئینگلیزەکان لەو کاتەدا بە زمانی نەتەوەییـیان کارێکی پەخشانیی وایان خـوڵقـاندبـوو! تکایە مـرۆڤ دەبێ ئەمـە هـەتا کـۆتایی ڕوون بکاتەوە: یەکـەم گەنجـینەی گـەورەی پەخـشـانی ئەوروپایی لـە بچـووکـترین وڵاتیـدا خـوڵقا، تەنانەت ئەمڕۆش سێسەت هەزار دانیشتووی نییە.

## نایەکسانی لە چاککردنەوە نەهاتوو

ناوی میونیخ بووەتـە ڕەمزی بەچۆکداهاتنی هیتلەر. بەڵام با کۆنکرێتتر بین: لە میـونیخ، لە پایزی ١٩٣٨دا، چوار زلهێزەکە، ئەڵمـانیا، ئیتـاڵیا، فـرەنسا و بەریتانیای گەورە، سازشی چارەنووسی وڵاتێکی بچووکیان دەکرد، تەنانەت مافی قسەکردنیشیان لێ سەندەوە. لە ژوورێکی دوورەدەستدا دەبوو هـەردوو دیپلۆماتە چیکییەکە بە درێژاییی شەو چاوەڕوانی ئەوە بن، کە سـەرلەبەیانی بە دالانێکی درێژدا بردرانە هۆڵێکەوە، کە چامـبـەرلـەین و دالادیر شـەکـەت، لەخۆبایی، بە دەم باوێشکدانەوە حوکمی مەرگیان پێ ڕاگەیاندن.

"وڵاتێکی دوور، کە ئێمـە کـەمی لەبارەوە دەزانین". ئەم وشـە بەنـاوبانگانە، کە چامبەرلـەین پاساوی بەقوربانیکردنی چیکوسلۆڤاکیای دەدا، ئـامانجپێک بوون. لە ئەوروپا لـەلایەکــەوە دەوڵەتـە گـەورەکـان هەن و لـەلایەکـەی ترەوە دەوڵەتە بچـووکەکان؛ ئەو نـەتەوانە هـەن کە لە هۆڵی دانوسـتاندنـەکاندان و ئەوانەی بە درێژاییی شەو لە ژووری چاوەڕوانیدا چاوەڕوانن.

ئەوەی نەتەوە گـەورەکـان لە بچـووکەکـان جـودا دەکاتەوە، تەنـیـا پێـوەری

چەندیەتیی ژمارەی دانیشتوان نییە؛ شتێکی لەوە قووڵترە: بوونیان بۆ خۆیشیان یەقینێکی بێگومان نییە، بگرە هەمیشە پرسیارێکە، بەرەنگاربوونەوەیەکە، سەرکێشییەکە؛ لە بەرامبەر مێژوودا لە بەرگریدان، لە بەرامبەر ئەو هێزەدا، کە بەسەریاندا دەڕوا، کە ڕەچاویان ناکات، تەنانەت درکیشیان پێ ناکات. گومبرۆڤیچ دەنووسێ: "تەنیا بەوەی ئێمە ڕووبەڕووی مێژوو دەبینەوە، دەتوانین ڕووبەڕووی مێژووی ئەمڕۆ ببینەوە."

چەند پۆڵۆنی هەیە ئەوەندە ئیسپانی هەیە. بەڵام ئیسپانیا هێزێکی کۆنە، کە هەرگیز لە بوونیدا لە مەترسیدا نەبووە، بە پێچەوانەوە مێژوو پۆڵۆنییەکانی فێر کردووە، نەبوون چی دەگەیەنێ. وڵاتەکەیان لێ زەوت کرا، زیاتر لە سەتەیەک لە مۆڵگەی مەرگدا ژیان. "پۆڵۆنیا هێشتا لەناونەچووە" یەکەم کۆپلەی کلۆڵیی سروودی نیشتمانییان وا دەڵێ و پێش نزیکەی پەنجا ساڵ ڤیتۆڵد گۆمبرۆڤیچ لە نامەیەکیدا بۆ چیزاو میۆوژ ڕستەیەکی نووسی، کە نەدەتوانرا بە زەینی هیچ ئیسپانییەکدا بێت: "ئەگەر زمانەکەمان سەد ساڵی تر هێشتا لە ئارادا بێت ..."

با وێنای ئەوە بکەین، کە داستانەکانی ئیسلەندا بە ئینگلیزی نووسراون. ئەمڕۆ ناوی پاڵەوانەکانیان وەکو ناوی پاڵەوانەکانی تریستان یان دۆن کیخۆتە بە ئێمە ئاشنا دەبوون؛ ئیستاتیکی دانسقەی لە نێوان کرۆنۆلۆجیا و خەیاڵدا ئەمبەر و ئەوبەرکەرەکەی تیۆرییەکی زۆری لێ دەکەوتەوە؛ مرۆڤ شەڕی لەبارەی ئەوەوە دەکرد، ئاخۆ دەتوانرێ وەکو یەکەم ڕۆمانەکانی ئەورووپا بێنە هەژماردن یان نا. من نامەوێ بانگەشەی ئەوە بکەم، مرۆڤ لە بیری کردوون؛ پاش سەدان ساڵ بێپەروایی لە زانکۆکانی سەرجەمی جیهاندا دەخوێندرێن؛ بەڵام سەر بە "ئارکیۆلۆجیای گێڕانەوە"ن، کاریگەرییان لەسەر ئەدەبی زیندوو نییە.

لەبەرئەوەی فرەنسییەکان ڕانەهاتوون جیاوازی لە نێوان نەتەوە و دەوڵەتدا بکەن، زۆرجار دەبیستم باسی کافکا وەکو نووسەرێکی چیکی

دەکەن (لە ساڵی ١٩١٨ەوە بە ڕاستی هاووڵاتیی چیکوسلۆڤاکیا بوو). بێگومان ئەمە بێمانایە. دەبێ بوترێ، کافکا، تەنیا بە ئەڵمانی دەینووسی و ڕوون و ئاشکرا وەکو نووسەرێکی ئەڵمانی لە خۆی دەڕوانی. بەڵام با چرکەساتێک وێنای ئەوە بکەین، کتێبەکانی بە چیکی نووسیبا. ئەمڕۆ کێ دەیناسی؟ پێش ئەوەی بلوێ، کافکا لە هۆشیاریی جیهاندا بسەپێنرێ، دەبوو ماکس برۆد بە درێژاییی بیست ساڵ و بە یارمەتیی گرینگترین نووسەرە ئەڵمانەکان کۆششێکی زۆر بکا! ئەگەر پەخشکارێکی پراگ بیشیتوانیایە کتێبەکانی کافکایەکی گریمانەیی بڵاو بکاتەوە، هیچ هاووڵاتییەک (واتە هیچ چیکییەک) ئەو دەستەڵاتەی نەبوو، ئەو دەقە ناوازانە بە جیهان بناسێنێ، بە زمانی وڵاتێکی دوور نووسراو. نەخێر، بڕوام پێ بکەن، ئەگەر کافکا بە چیکی بینووسیبا ئەمڕۆ کەس نەیدەناسی.

ڕۆمانی فێردەردەرکی گۆمبرۆڤیچ ساڵی ١٩٣٨دا بە پۆڵۆنی دەرچوو. دەبوو پازدە ساڵ چاوەڕوان بێ، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا لەلایەن پەخشکارێکی فرەنسییەوە بخوێنرێتەوە و ڕەت بکرێتەوە. چەندان ساڵی درێژی تریشی خایاند، هەتا فرەنسییەکان توانییان لە کتێبفرۆشییەکاندا بیدۆزنەوە.

## ئەدەبی جیهانی

دەتوانرێ بەشێوەیەکی گشتی کارێکی هونەری لە دوو ناوکۆییدا خانەبەند بکرێ: یان لە مێژووی گەلەکەیدا (با ناوی بنێین ناوکۆییی بچووک) یان لە مێژووی سەرو نەتەوەی هونەرەکە خۆیدا (با ناوی بنێین ناوکۆییی گەورە). ئێمە ڕاهاتووین زۆر بەبێگومان مۆسیقا لە ناوکۆییی گەورەدا ببینین: بۆ مۆسیقازانێک زۆر گرینگ نییە بزانێ زمانی دایکی ئۆرلاندۆ دی لاسۆ یان باخ چی بووە؛ بە پێچەوانەوە ڕۆمانێک، لەبەرئەوەی وابەستەی زمانەکەیەتی، لە هەموو زانکۆکانی جیهاندا نزیکەی تەنیا لە ناوکۆییی نەتەوەیی بچووکدا دەخوێندرێ. ئەوروپا نەیتوانی وا بکا، ئەدەبەکەی وەکو یەکەیەکی مێژوویی

وێنا بکا و من دەستبەرداری دووبارەکردنەوەی ئەوە نابم، کە نسکۆی ڕۆشبنیری لە چاککردن نەهاتووی لەوەدایە. چونکە بۆ ئەوەی لە مێژووی ڕۆماندا بمێنینەوە: ستێرن کاردانەوەی بۆ ڕابلی هەیە، دیدرۆ لەلایەن ستێرنەوە دەهەژێنرێ، فیدلینگ هەردەم بۆ سێرڤانتس دەگەڕێتەوە و ستێندال خۆی بە فیدلینگ دەپێوێ، نەریتی فلاوبێر لە کاری جۆیسدا درێژەی پێ دەدرێ و بروٚخ لە تاودانەوەی لەبارەی جۆیسەوە پەرە بە شیعرییەتیی ڕۆمانی خۆی دەدا، کافکا بۆ گارسیا مارکیزی ڕوون دەکاتەوە، کە شیاوە، لە نەریت دەربچێتە دەرێ و "بەجۆرێکی تر بنووسی".

ئەوەی ئێستا من دەیڵێم، بۆ یەکەم جار لەلایەن گوێتەوە داڕێژرا: "ئێستا ئەدەبی - نەتەوە نایەوێ زۆر شت بڵێ، قۆناغی ئەدەبی جیهانی هاتووە و ئێستا دەبێ هەموو کەسێک هەوڵ بدا، ئەم قۆناغە خێراتر بکا." ئەمە تا ڕادەیەک میراتنامەی گوێتەیە. میراتنامەیەکی ناپاکی لێکراوی تریش. ئێوە دەتوانن لاپەڕەکانی هەر پەیڕەونامەیەکی بتانەوێ، هەر ئەنتۆلۆجییەکی بتانەوێ هەڵبدەنەوە، ئەدەبی جیهانی تیایدا هەمیشە وەکو لە تەنیشتییەکەوەی ئەدەبە نەتەوەییەکان دانراون. وەکو مێژوویەکی ئەدەبەکان! ئەدەبەکان، بە کۆ!

ڕابلیش، کە هاونیشتمانەکانی هەمیشە کەمتر لە خۆی نرخیان دەگرت، هەرگیز باشتر لە ڕووسێک لێی تێ نەگەیشتن: باختین؛ دۆستەیەڤسکی لەلایەن فرەنسییەکەوە: جید؛ ئیبسن لەلایەن ئیرلەندییەکەوە: گ.ب. شاو؛ جەیمس جۆیس لەلایەن نەمساوییەکەوە: هێرمان بروٚخ. بایەخی گەردوونی وەچەی ئەمەریکاییە گەورەکانی باکور، هەمێنگوەی، فۆکنەر، دۆس پاسۆس یەکەم جار لەلایەن نووسەرەوە فرەنسییەکانەوە بەیان کرا ("من لە فرەنسا باوکی بزووتنەوەیەکی ئەدەبیم"، لە ساڵی ١٩٤٦ فۆکنەر ئەمەی نووسی لە هەمان کاتدا گازاندە لەو کەرییە دەکا، کە لە وڵاتەکەی خۆیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە). ئەم نموونە کەمانە ڕیزپەڕی تایبەتی ڕێسا نین، نەخێر، ڕێساکە

ئەمەیە: میانەیەکی جوگرافیی چاودێر لە ناوکۆیی ناوچەیی دوور دەخاتەوە و ڕێی پێ دەدا، بەسەر ناوکۆیی گەورەی ئەدەبی جیهانیدا بڕوانێ، کە تەنیا ئەو لە توانایدایە، بەهای ئیستاتیکی ڕۆمانێک بخاتە گەڕ، واتە: ڕەهەندی هەتا ئێستا نەناسراوی بوون، کە ئەم ڕۆمانە توانیویەتی زانیاری لەبارەی بە دەستەوە بدا؛ تازەییی شێواز، کە تێ گەیشت بیدۆزێتەوە.

ئاخۆ دەمەوێ بەمە بڵێم، بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ حوکم بەسەر ڕۆمانێکدا بدات مەرج نییە زمانە ئەسڵەکە بزانێ؟ بێگومان، بە تەواوی دەمەوێ ئەوە بڵێم! جید ڕووسی نەدەزانی، گ.ب. شاو نەرویجیی نەدەزانی، سارتەر دۆن پاسۆسی بە زمانی ئەسڵی نەخوێندووەتەوە. ئەگەر کتێبەکانی ڤیتۆڵد گۆمبرۆڤیچ و دانیلۆ کیش تەنیا وابەستی حوکمی ئەوانە بوونایە، کە پۆڵۆنی و سێربۆکرواتیان دەزانی، ئەوا تازەییی توندڕۆی ئیستاتیکیان هەرگیز نەدەدۆزرایەوە.

(ئەی پرۆفیسۆرەکانی ئەدەبی بیانی؟ ئاخۆ بە تەواوی ئەرکی سروشتییان نییە، لە ناوکۆیی ئەدەبی جیهانی لە کارەکان بکۆڵنەوە؟ نائومێد. بۆ ئەوەی شارەزاییان وەکو پسپۆڕ بسەلمێنن، شەرەنگێزانە هاوسۆزی لەگەڵ ناوکۆیی نەتەوەییی بچووکی ئەو ئەدەبانەدا دەکەن، کە دەیلێینەوە! خۆیان دەکەنە بڵندگۆی ڕایەکان، حەز و حوکمە پێشوەختەکانیان! ئومێدبڕاو: لە زانکۆی وڵاتە بیانییەکان کارێکی هونەری بە قووڵترین شێوە لە دەڤەری وڵاتەکەیدا قەتیس ماوە.)

## ناوچەگەریی بچووکەکان

مرۆڤ ناوچەگەری چۆن پێناسە دەکا؟ وەکو بێتوانایی (یان ملنەدان)، کولتووری خۆی لە ناوکۆیی گەورەدا ببینێ: دوو جۆر ناوچەگەری هەیە: ناوچەگەریی نەتەوە گەورەکان و ناوچەگەریی نەتەوە بچووکەکان. نەتەوە گەورەکان بەرهەڵستی بیرۆکەی گوێتەییی ئەدەبی جیهانی دەکەن،

لەبەرئەوەی ئەدەبی خۆیان ئەوەندە دەوڵەمەند بۆ دەردەکەوێ، وەکو پێویستیان بەوە بێ بایەخ بەوە بدەن، کە لە شوێنێکی تر دەنووسرێ.
کازیمیرتس براندیس لە یاداشتنامەکانیدا دەنووسێ. پاریس ١٩٨٥-١٩٨٧:
"خوێندکاری فرەنسی کەلێنی زانستیی لە کولتووری جیهانیدا زۆرترە لە خوێندکاری پۆڵۆنی، بەڵام فرەنسییەکە دەتوانێ ڕێی ئەمە بەخۆی بدا، چونکە کولتوورەکەی خۆی کەم تا زۆر سەرجەمی ڕەهەندەکان، سەرجەمی ئەگەرەکان و قۆناغەکانی گەشەکردنی سەرجەمی جیهانی لە خۆی گرتووە."

نەتەوە بچووکەکان لەبەر هۆی بەتەواوی پێچەوانە لە هەمبەر ناوکۆییە گەورەکاندا دوورەپەرێزن: ڕێزێکی زۆریان بۆ کولتووری جیهان هەیە، بەڵام ئەمەیان وەکو شتێکی نامۆ بۆ دەردەکەوێ، وەکو ئاسمانێک بە سەریانەوە، دوور و دەستپێنەگەیشتوو، واقیعێکی ئیدیال، کە ئەدەبی نەتەوەییان پێوەندییەکی کەمی پێیەوە هەیە. نەتەوەی بچووک نووسەرەکانی بەو قەناعەتە گۆش کردووە، تەنیا هی خۆیەتی. نیگایەک بۆ ئەودیوی سنوورەکان ئاراستە بکرێ، خۆپێوەستکردن لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەی لە دەڤەری هونەری سەرووی نەتەوە وەکو لووتبەرزی، قێزەون لە بەرامبەر ئەوانەی خۆیدا سەیر دەکرێ. لەبەر ئەوەیش نەتەوە بچووکەکان زۆرجار ئەزموونی بارودۆخی وا دەکەن، کە تیایدا مەسەلە مانەوەیە، بە بێ زەحمەت بۆیان دەلوێ، ئەم هەڵوێستە وەکو پاساودانی ئاکاری بخەنە ڕوو.

فرانتس کافکا لە یاداشتنامەکانیدا باسی ئەوە دەکا. لە دیدی ئەدەبێکی "گەورە"وە، واتە ئەڵمانییەوە، چاودێریی ئەدەبی جوولەکە و چیکی دەکا. دەڵێ، نەتەوەیەکی بچووک، ڕێزێکی زۆر بۆ نووسەرەکانی دادەنێ، لەبەرئەوەی فیزی "بەرامبەر ژینگەی نەیار" لەلا دەخولقێنێ؛ "ئەدەب کەمتر کاروبارێکی مێژووی ئەدەبە وەکو کاروباری گەل"؛ هەر ئەم دەلاندنە ناوازەیە لە نێوان ئەدەب و گەلەکەیدا بڵاوکردنەوەی ئاسان دەکا "لەو وڵاتەدا، کە خۆی بە دروشمی سیاسییەوە بەستووەتەوە". ئەمجا دەگاتە ئەم چاودێرییە

چاوەڕواننەکـراوە: "ئـەوەی لەنـاو ئەدەبـی گـەورە لـە خـوارەوە ڕوو دەدا و ژێرزەوینێکی پێویسـتی بیناکـە پێک دەهێنێ، لێرەدا لە بە تیـشکی تەواودا ڕوو دەدا، ئەوەی لەوێ تێکەڵبوونێکی شێوە چرکەساتی پێک دەهێنێ، لێرەدا هیچ شتێک لە بڕیاری ژیان و مردنی هەمووان کەمتر ناهێنێتە ئاراوە."

دوا سەرنج کۆراڵێکی سمێتانا (ساڵی ١٨٦٤ نووسراوە) بەم شیعرانەوە بیـرمـان دەخـاتەوە: "دڵت خـۆش بێ، دڵت خـۆش بێ، قـەلەڕەشکەی چڵـێس، خـواردنێکی خـۆشت بۆ ئـامـادە دەکـرێ: تۆ دەتوانـی لەزەت لە خـواردنی ناپاکـەکانی نیـشـتمـان ببینـی ..." مۆسـیـقـاژەنێکی وا گـەورە چۆن توانی قـەشـمـەرییـەکی وا خـوێناوی پێشکێش بکا؟ گوناهێکی گەنجـێتی؟ ئەمـە بەهانە نییـە، ئەو کاتە تەمـەنی چل ساڵ بوو. جگە لەوە، ئەو کاتە ئەمـە چی دەگەیاند، "ناپاکێکی نیـشـتمـان"؟ ئەوانەی هاووڵاتییـەکانیـان سـەربڕی لە مـەفـرەزەدا ڕیز ببـەستن؟ زۆر هەڵەیە: ناپاک هـەمـوو چیکییـەک بـوو، کە پێی خـۆشـتـر بوو لە پراگـەوە بگوازێتـەوە بۆ ڤـیـەننا، بۆ ئـەوەی بە ئاسـوودەیی ئاوێتـەی ژیانی ئەڵمانی بێ. وەکو کافکا دەڵێ، "لەوێ تێکەڵبـوونێکی شـێوە چرکـەسـاتی پێک دەهێنێ، لێـرەدا هیچ شـتـێک لـە بڕیاری ژیان و مـردنی هەمووان کەمتر ناهێنێتە ئاراوە".

دەسـتبـەسـەرداگرتنی هونەرمـەندان لەلایەن نەتەوەوە وەکو تیرۆریزمـێکی ناوکۆییی بچووک گوزارشتی لێ دەکرێ، کە هەمـوو مـانای کـارێک بۆ ئەو ڕۆڵە کـورت دەکـاتەوە، لـە وڵاتی خـۆیدا ڕوو دەیگێـڕێ. مـەلزەمـە کـۆنەکـەی ڤینتسێنت دئندی کۆرسەکانی ئاوازدانان لە قوتابخانەی گۆرانی لە پاریس هەڵدەدەمەوە، کە سـەرەتای سـەتەی بیستەم وەچەیەکی سـەرومڕی مۆسیقاری فرەنسیی پێ گەیاند. هەندێکی پشت بە سـمێتانا و دڤۆراک دەبەسـتێ، بە تایبـەتی دوو ئاوازەکـەی سـمێتانا بۆ چوار ژەنـەری ئامێری ژێدار. چی فێر دەبین؟ بانگەشـەیەکی لە شێوەی جیاوازی چەندان جار دووبارەبووەوەدا: ئەو مۆسـیـقـایەی کە لە "شـێوازی فۆلکلۆردا"دایـە، گوایە "سروشـی لە گۆرانیی

فـۆلكلۆر و سـەمای فـۆلكلۆر وەرگـرتووە". ئەگـینا هیـچی تـر؟ هیچ. قسـەی هیـچوپـووچ و بێ مـانا؟ قسـەی هیـچوپووچ لەبەرئەوەی مـرۆڤ جـێپـەنجـەی گۆرانیی فـۆلكلۆر لە هـەموو شـوێنێک دەدۆزێتـەوە، لەلای هـایدن، لەلای شـۆپا، لەلای لیست، لەلای برامـز؛ بێ مانا لەبـەرئەوەی دوو ئاوازەكەی سـمێتـانا بۆ چوار ژەنـەری ئامـێـری ژێدار هـەتا بـڵـێـی ددانپـێـدانانێكی ناوەكین، لـەژێر دڵەخورپەی تراجیدیایەكدا نووسراون: سمێتـانا هـەستی بیسـتنی لە دەست دابوو؛ ئاوازە (نایـاب!)ەكانی چوار ئامـێر، وەكـو خـۆی وتوویەتی، "كـرێوەی مـۆسـیـقـان لە سـەری پیـاوێكی كـەڕدا". ڤـینتـسـێنت دئندی چـۆن توانی وا بەهەڵەدا بچێ؟ زۆر ڕێی تێ دەچێ ئەم مـۆسـیقـایەی نەناسیبێ و هـەر ئەوەی دووبارە كردووەتەوە كە گـوێی لێی بووە. دادوەرییـەكـەی لەگـەڵ ئەو وێنایەدا دەگـونجـا، كـە كـۆمـەڵگەی چیكی بۆ ئەم دوو ئاوازدانەرە دەیكرد. بۆ ئەوەی ناوبانگیـان بۆ سـوودی سیـاسی بەكـار بـهێنرێ (بۆ ئەوەی بتـوانرێ فـیـزیان "بەرامبـەر دەوروبەری نەیار" پێشـان بدرێ)، پارچە بچووكە دۆزراوەكانی ناو مـۆسـیـقـاكـانیـان كـۆ كـردەوە و ئاڵایەكی نـەتەوەییـان پێ درووی، كـە بەسـەر سـەرجـەمـی كـارەكـانیـانەوە شـەكـایەوە. جـیـهـان سـووک و سـانا تەنیـا بە نەزاكـەتەوە (یان بـەدخـوازنە) ئـەو شـرۆڤـەیەی قـبـووڵ كـرد كـە خـرابووە بەردەستی.

## ناوچەگەریی مەزنەكان

ئەی ناوچەگەریی مـەزنەكان؟ پێناسـەكە هـاوشـێوە دەمـێنێتـەوە: بێتـوانایی (یان ملنەدان)، كـولتـووری خـۆ لە ناوكـۆیی گـەورەدا ببـینی. پێش چـەند سـاڵێک، پێش كۆتایی سەدەی ڕابردوو، ڕۆژنامـەیەكی پاریس ڕاپرسـییـەكی لەناو سـی كـەسـایەتیی كـاریگەری ڕۆشـبـیـری ئەو كـاتە كـرد ڕۆژنامـەوان، مـێـژوونووس، كۆمـەڵناس، پەخشـكار و چەند نووسـەرێک. هەمـوو كـەسـێک دەبوو كتێبەكانی سـەرجەمی مێژووی فرەنسـا بە ڕیز بژمـێرێ كـە بە لایەوە

زۆر گرینگن؛ دوای ئەم سی لیستەیە بە دە کتێبەوە ئەمجا باشترین لیستەی سەد کتێب دروست کرا؛ ئەگەر پرسیارەکەش ("کام کتێبانە فرەنسایان دروست کرد؟") توانرا بە شێوەی جیاواز شرۆڤە بکرێ، بەڵام ئەنجامەکە وێنایەکی تا ڕادەیەک تەواو بە دەستەوە دەدا، سەربژاردەیەکی ڕۆشبیری فرەنسی ئەمڕۆ چی لە ئەدەبی وڵاتەکەیدا بە گرینگ دەزانێ.

لەم پێشبڕکێیەدا بێنەواکانی ڤیکتۆر هۆگۆ وەکو بەرندە دەرکەوت. ئەمە نووسەرێکی بیانی تووشی سەرسووڕمان دەکا. لەبەرئەوەی نە بۆ خۆی و نە بۆ مێژووی ئەدەب جارێک لە جارێک ئەم کتێبەی بە تایبەت بە گرینگ زانیوە، دەمودەست تێ دەگا، کە ئەو ئەدەبە فرەنسییەی ئەو حەزی لێیە، هەمان ئەدەب نییە، کە لە فرەنسا حەزی لێ دەکرێ. لە پلەی یازدەیەمدا بیرەوەرییەکان ١٩٣٩-١٩٤٢ی دی گۆل دێت. کتێبی پیاوێکی دەوڵەت، سوپاییەک دەتوانرێ بە زەحمەت لە دەرەوەی فرەنسا بایەخێکی بەو جۆرەی بدرێتێ. بەڵام ئەمە سەرلێشێوێنەر نییە، بگرە ئەو هەقیقەتەی، کە شاکارەکان دوای ئەمە دێن سەرلێشێوێنەرە! ڕابلی لە پلەی چواردەمدا دێت! ڕابلی دوای دی گۆل! لەم بۆنەیەدا، دەقی پرۆفیسۆرێکی کاریگەری فرەنسی دەخوێنمەوە، کە تیایدا ڕوونی دەکاتەوە، ئەدەبی وڵاتەکەی دامەزرێنەرێکی وەکو دانتێ بۆ ئیتاڵیا، شەکسپیرێکی بۆ ئینگلتەرای کەمە... هتد. مەحاڵە، ئای لەوە، ڕابلی لە دیدی هاووڵاتییانیەوە پیرۆزیی دامەزرێنەری نییە! لەگەڵ ئەوەشدا لە چاوی نزیکەی هەموو ڕۆماننووسە مەزنەکانی سەردەمەکەمانەوە لە پاڵ سێرڤانتسدا دامەزرێنەری سەرجەمی هونەرێکە، هونەری ڕۆمان.

ئەی ڕۆمانی سەتەی هەژدە و نۆزدە، ڕووپەلی شکۆمەندیی فرەنسا؟ سوور و ڕەش بە پلەی بیست و دوو، مەدام بۆڤاری پلەی بیست و پێنج، گێرمینال پلەی سی و دوو؛ کۆمیدیای مرۆڤانە تەنیا پلەی سی و چوار (ئاخۆ ئەمە شیاوە؟ کۆمیدیای مرۆڤانە، کە بەبێ ئەو ئەدەبی ئەوروپایی وێنا نەدەکرا!)؛

دۆستایەتییە مەترسیدارەکان پلەی پەنجا؛ بوڤار و پیکوچی، ئەو داماوانە، وەکو دوو قوتابیی هەناسەسوار لە دوای دواوە ڕادەکەن. چەند شاکارێکی ڕۆمانیش لەناو سەد کتێبە هەڵبژێردراوەکاندا هەر نین: خەڵوەتگەی پارما، پەروەردەکردنی هەستەکان؛ جاکی چارەنووسگەر (بە ڕاستیش نۆژەنیی بێهاوتای ئەم ڕۆمانە تەنیا دەتوانرێ لە ناوکۆییی مەزنی ئەدەبی جیهانیدا بنرخێندرێ).

ئەی سەتەی بیستەم؟ گەڕان بە دوای کاتی ونبوودا لە پلەی حەوتەمدا. نامۆی کاموی پلەی بیست و دوو؟ ئەی چیی تر؟ نزیکەی هیچ. نزیکەی هیچ شتێک کە ئەدەبی مۆدێرنی پێ دەگوترێ، هیچ لە شیعری مۆدێرن. وەکو کاریگەریی گەورەی فەرنسا بەسەر هونەری مۆدێرنەوە هەرگیز ڕووی نەدابێ! وەکو بۆ نموونە ئەپۆلۆنیر (کە لەسەر ئەم لیستەیە نییە) سەرجەم قۆناغێکی شیعری نەورووژاندبێ!

لەمەش سەرسووڕهێنەرتر: نەبوونی بێکێت و ئیۆنیسکۆ. چەند درامانووسی سەتەی ڕابردوو وزەی ئەوانی هەبوو، تیشکدانەوەیان؟ یەکێک؟ دوو؟ زیاتر نەء. بیرخستنەوەیەک: ئازادیی ژیانی کولتووری لە چیکۆسلۆڤاکیای کۆمۆنیستدا بەسەرهەڵدانی شانۆی بچووکەوە لە سەرەتای شەستەکاندا بەسترابوو. لەوێ بۆ یەکەم جار شانۆنامەیەکی ئیۆنیسکۆم بینی، ئەویش لە بیر نەدەچووەوە؛ تەقینەوەی فەنتازیایەک، سەرهەڵدانی ئەقڵێکی بێ نەترس. من زۆرجار وتوومە: بەهاری پراگ هەشتساڵ پێش ١٩٦٨ لەگەڵ نمایشی شانۆنامەکانی ئیۆنیسکۆ لە شانۆی بچووکی نازابرادلی دەستی پێ کرد.

دەتوانرێ بەرپەرچم بدرێتەوە، ئەم بەدوایەکداهاتنەی ناوم هێنا کەمتر گەواهیدەری ناوچەگەرییە وەکو بەرەو ئاقارچوونێکی تازەتری ڕۆشنبیری، کە بە پێی ئەوە پێوەرە ئیستاتیکییەکان هەردەم سەنگیان کەمترە: ئەوانەی دەنگیان بە بێنەواکان داوە بیریان لە گرینگیی ئەم کتێبە لە مێژووی ڕۆماندا

نەکردووەتەوە، بگرە بیریان لە زایەڵەی گەورەی کۆمەڵایەتیی ئەم کتێبە لە فەرەنسادا کردووەتەوە. ئەمە ڕوونە، بەڵام تەنیا ئەوە دەسەلمێنێ، کە بێپەروایی بەرامبەر بەهای ئیستاتیکی بە حەتمی سەرجەمی کولتوور بۆ ناوچەگەریی دەگەڕێنێتە دواوە. فەرەنسا تەنیا ئەو وڵاتە نییە، هەر فەرەنسیی تێدا بژی، فەرەنسا ئەو وڵاتەشە، کە ئەوانی تر تێی دەنوارن و بەهرەی لێ وەردەگرن. بیانییەکیش ئەو کتێبانەی لە دەرەوەی وڵاتەکەیدا سەریان هەڵداوە بە پێی بەها (ئیستاتیکی، فەلسەفی)یەکان دەنرخێنێ. ڕێساکە جارێکی تر دەسەلمێنرێ: ئەم بەهایانە لە گۆشەنیگای ناوکۆییی بچووکەوە خراپ دەناسرێنەوە، ئەگەر فیزی ناوکۆییی بچووکی نەتەوەیەکی گەورەش بێ.

## پیاوەکەی ڕۆهەڵات

لە ساڵانی حەفتاکاندا وڵاتەکەم بەجێ هێشت و چووم بۆ فەرەنسا، بە سەرسوورمانەوە دەبوو بۆم دەربکەوێ، کە من "کۆچبەرێکم لە ڕۆهەڵاتی ئەورووپاوە". بۆ فەرەنسییەکان بە ڕاستی وڵاتەکەم سەر بە ڕۆهەڵاتی ئەورووپا بوو. پەلەم دەکرد، لە هەموو شوێنێک فەزیحەی ڕاستەقینەی ڕەوشەکەمان ڕوون بکەمەوە: سەربەخۆییی نەتەوەییمان زەوت کرابوو، تەنیا لەلایەن وڵاتێکی ترەوە داگیر نەکرابووین، بگرە لەلایەن جیهانێکی ترەوە، جیهانی ڕۆهەڵاتی ئەورووپا، ڕەگداکوتاو لە ڕابردووی بیزەنتیدا، لە گێرمە و کێشەی مێژوویی خۆیدا، لە سیمای بیناسازیی خۆیدا، لە ئاینی خۆیدا (ئۆرتۆدۆکس)، ئەلفبای خۆی (کریلی لە نووسینی یۆنانییەوە هەڵهێنجراو) هەروەها کۆمۆنیزمی خۆی هەیە (کەس نازانێ کۆمۆنیزمی ئەورووپای ناوەڕاست بەبێ سەروەریی ڕوسیا چی لێ دەردەچوو ، بەڵام بە هیچ جۆرێک هاوشێوەییی لەگەڵ ئەوەدا نەدەبوو، کە ئێمە بینیمان).

بەرە بەرە تێ گەیشتم، کە من "لە وڵاتێکی بچووکەوە هاتووم کە زۆر کەم

شـــتی لەبارەوە دەزانـرا". خــەڵکەکـــەی دەوروبەرم بـایەخـــێکی زۆریـان بە سـیـاســەت دەدا، بەڵام زانیـاریـیـەکی کـەمی جـوگـرافـیـیـان هـەبوو: وەکـو "بەکۆمۆنیستکراو" سەیریان دەکردین، نەک وەکو "داگیرکراو". جگە لەوەش: ئاخۆ چیکییەکان لە کەوناراوە سەر بە هەمان "جیهانی سلاڤی" نەبوون وەکو ڕووسـەکـان؟ من ڕوونم کردەوە، کـە لەگـەڵ ئـەوەشـدا یەکـەیەکی زمـانی نەتەوە سـلاڤـیـیـەکان لە ئارادایە، بەڵام نەک کولتـوورێکی سـلاڤی، نەک جیـهـانێکی سـلاڤی: مـێژووی چیکەکان هـەروەکو مـێژووی پۆڵۆنیـیەکـان، سـلۆڤاکـەکـان، کرواتەکان یان سـلۆڤێنەکـان (بێگومـان هـەنگاریـیـەکانیش، کـە هـەر سـلاڤی نین) ڕۆئاواییـیـەکی ڕووتە: گـۆتیک، ڕێنێـسـانس، باڕۆک؛ پێـوەنـدیـیـەکی توندوتۆڵ لەگـەڵ جیـهـانی جێرمانیدا؛ تێکۆشـانی کاتۆلیزم و چاکسـازی. چ پێوەندییەکیان بە ڕووسیـاوە نەبوو، کە زۆر دوور بوو، هـەروەکو جیهانێکی تر بوو. تەنیـا پۆڵۆنیـیـەکـان لـە دراوسـێـیـیـەکی ڕاسـتـەوخـۆدا دەژیان، بەڵام بە شەڕی مان و نەمان دەچوو.

ماندووییەکی بێ ئاکام. بیرۆکەی "جیهانێکی سلاڤی" هیـچوپووچییەکی لە بنەهـاتووی مـێژووگـەراییی ئەم جیـهـانە دەمـێنێتـەوە. من مـێژووی گشـتی چاپی حــەوتەوانە هـەڵدەدەمـەوە: لە بەشـی جـیـهـانـی سـلاڤـیـدا یان هوس، ئایینزانی گەورەی چیکی داماوانە لە ویکلیفی ئینگلیز (کـە قوتابیی وی بوو) جیا دەکرێتەوە، هـەروەکو چۆن لە لوتەری ئەڵمانی (کە لەودا دەستپێشکەر و مـامـۆسـتـای دەبینی) جـیـا دەکـرێتــەوە و ناچارە، پاش سـووتاندنی لە کۆنسـتانس تەحـەمولی نەمرییەکی نەگبـەت بە هـاوەڵیی ئیڤـانی دڵڕەق بکات، کە لەگەڵیدا ناتوانێ تەنیا وشەیەک قسە بکات.

هیچ بەڵگـەیەک لە ئەزمـوونی کـەسـانی قـەنـاعـەتپێکەرتر نییـە: لـە کـۆتاییی حـەفـتـاکـاندا دەسـتنووسـی پێشـەکیی یەکێک لە ڕۆمـانەکانم پێ گـەیشت، سـلاڤیناسـێکی بەناوبانگ نووسـیـبووی، کـە هەمـیشـە بـەراوردی (بێگومـان مــەراییکارانە، ئـەو کــاتە کـــەس خــراپـەی نەدەویســتم) لـە نێــوان من و

دۆستـەیەڤسکی، گۆگۆل، بونین، پاستـەرناک، مـاندلسـتـام و بەرهەڵسـتکارە ڕووسییـەکان دەکرد. بە ترسـەوە ڕێم لە بڵاوکردنەوەی گرت. نەک لەبەرئەوەی کینەیەکم بەرامـبـەر ئەم ڕووسـە گەورانە هەبێ، بە پێچـەوانەوە بە هەمـوویان سـەرسام بووم، بەڵام لە مەشرەبی ئەواندا بوومە یەکێکی تر. هێشتا هـەر ئەو دڵەخورپە سـەیرەم بیر دەکـەوێتـەوە، کە ئەو دەقـە بوو لە نـاخـمـدا خولّقـاندی: خـستنـە ناو ناوکـۆییـیـەکـەوە، کـە هـی من نەبوو، وەکـو چۆن کـۆچـپێکردنن زۆرملێم ئەزموون کرد.

## چەقی ئەورووپا

لە نێوان ناوکۆییی گەورەی گەردوونی و ناوکۆییی بچووکی نەتەوەییدا مرۆڤ دەتوانێ وێنای پلەیەک بکا، با بڵێین ناوکـۆییی ناوەڕاست. لە نێوان سـوێد و جیـهاندا ئەم پلەیە سـکاندناڤیـایە. بۆ کۆلۆمـبیا ئەمـەریکای لاتینییـە. ئەی بۆ هـەنگاریا، بۆ پۆڵۆنیا؟ لە تاراوگـەدا هـەوڵم دا، وەڵامی ئەم پرسیارە دابڕێژم و ناونیشـانی ئەو کاتەی یەکێک لە دەقەکانم بۆ کۆوارەکان پوختـەی دەکاتەوە: ڕۆئاوایەکی ڕفێنراو یان تراجیدیای چەقی ئەورووپا.

چەقی ئەورووپا. ئەمە لە ڕاستیدا چییە؟ کۆی ئەو نەتەوە بچووکانەی، کە لە نێوان دوو هێزدا، ڕووسـیـا و ئەڵمـانیـادان. پالێمی ڕۆهەڵاتی ڕۆئاوا. باشـە، بەڵام ئەم نەتەوانە کام نەتەوانەن؟ سێ دەوڵەتەکەی بالتیک سـەر بەوانن؟ ئەی ڕۆمـانیـا، لە کـڵـێـسـای ئۆرتۆدۆکـسـیـیـەوە بەرەو ڕۆهـەڵات، لـە زمـانـە ڕۆمانییەکەیەوە بەرەو ڕۆئاوا کشـاوە؟ ئەی نەمسـا، کە مـاوەیەکی زۆر چەقی سیاسیی هەمـووی پێک هێناوە؟ نووسـەرە نەمـساییـیـەکان تەنیا لـە ناوکۆییی ئەڵمـانیـدا لێـیان دەکۆڵرێتـەوە و دڵـیان خۆش نـابێ (منیش بووام لە جیـاتیی ئەوان دڵم خۆش نەدەبوو)، ببینن بخرێنە ناو ئەو پشێوییە فرە زمانییەوە، کە چـەقـی ئەورووپایـە. ئـاخـــۆ هـەمـــوو ئـەم نـەتـەوانـە ئـەو ویـســـتـــە ڕوون و هـەمـیـشـەییـیـەیان بـەیان کـردووە، گشـتـێکی هـاوبەش پێـک بـهێـنن؟ بە هیچ

جۆرێک. بە درێژایی چەند سەتەیەک بەشێکی گەورەیان سەر بە دەوڵەتێکی گەورە بوون، ئیمپراتۆریەتی قەیسەری هابسبورگەکان، کە لە دواییدا دەیانویست تەنیا لێی هەڵبێن.

هەموو ئەم سەرنجانە مەودای چەمکی چەقی ئەوروپا ڕێژەیی دەکەن، کارەکتەرە نادیار و نزیکییەکەی دەسەلمێنن، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕوونی دەکەنەوە. ئاخۆ ئەوە ڕاستە، کە هەرگیز ناتوانرێ سنوورەکانی چەقی ئەوروپا بۆ هەمیشە و تەواو بکێشرێن؟ بێگومان! ئەم نەتەوانە هەرگیز سەروەری چارەنووس یان سنوورەکانی خۆیان نەبوونە. کەمجار سوبژێکت بوونە، نزیکەی هەمیشە بابەتی مێژوو بوونە. یەکەتییان بە مەبەست نەبوو. لەبەر ویستی خۆیان یان سۆزیان بۆ یەکتر یان خزمایەتیی زمانەکانیانەوە لە یەکتر نزیک نەبوون، بگرە لەبەر ئەزموونی هاوشێوە بووە، لەبەر بارودۆخی مێژوویی هاوبەش بووە، کە لە کاتی جیاوازدا لە پێکهاتەی جیاواز و لەناو سنووری ناجێگیر و هەمیشە نایەکجارەکیدا کۆی کردوونەتەوە.

چەقی ئەوروپا بۆ "ئەوروپای ناوەند" (من هەرگیز ئەو چەمکەم بەکار نەهێناوە) سنووردار ناکرێ، وەکو ئەو کەسانە بە خۆشحاڵییەوە ناوزەدی دەکەن، کە تەنیا لە پەنجەرەی ڤیەنناوە دەیناسن؛ چەقی ئەوروپا فرە چەقە و لە وارشۆوە، لە بۆدابێستەوە یان زەگریبەوە لە تیشکێکی تردا دەردەکەوێ. بەڵام گرینگ نییە لە چ گۆشەنیگایەکەوە لێی دەڕوانرێ، هەمیشە مێژوویەکی هاوبەش دەدرەوشێتەوە؛ لە پەنجەرەی چیکەوە یەکەم زانکۆی سێنترالی ئەوروپا لە سەتەی چواردەدا لە پراگ دەبینم؛ لە سەتەی پازدەدا شۆڕشی هوسی دەبینم، کە چاککاری بەیان دەکەن؛ لە سەتەی شازدەدا ئیمپراتۆریەتی قەیسەری هابسبورگەکان دەبینم کە بە کاوەخۆ لە بۆهیمیا، هەنگاریا، نەمساوە دادەمەزرێ؛ جەنگەکان دەبینم، کە دوو سەتە بەرگری لە ڕۆئاوا دەکەن دژی پەلاماری تورک؛ من بزووتنەوەی پەرچە چاکسازی دەبینم

بە گەشانەوەی هونەری بارۆکەوە، کە مۆرکی یەکەتییەکی بیناسازی بەسەر سەرجەمی دەڤەرە گەورەکەدا هەتا وڵاتەکانی بالتیک دەسەپێنێ.

لە سەتەی نۆزدەدا نیشتمانپەروەریی هەموو ئەم گەلانە ڕچەی شکان، کە ڕەتیان کردەوە، خۆیان بگونجێنن، واتە خۆیان بکەنە ئەڵمان. تەنانەت نەمساییەکانیش لەگەڵ پێگەی زاڵیاندا لە قەڵەمڕەوی قەیسەردا خۆیان لە هەڵبژاردن لە نێوان شوناسنامەی نەمسایی و سەر بە قەوارەی گەورەی ئەڵمانیبووندا، کە گوایە خۆیانیان تێیدا تواندووەتەوە نەیانتوانی خۆیان بدزنەوە. ئەی مرۆڤ چۆن دەتوانێ ئەو زایۆنیزمە لە بیر بکات، کە ئەویش لە چەقی ئەوروپا سەری هەڵدابوو، لە هەمان ئەو ویستەوە خۆ نەگونجێنن، هەمان ویستی جووەکان، وەکو نەتەوە، لەگەڵ زمانی خۆیاندا بژین! یەکێک لە گرفتە بنەماییەکانی ئەوروپا، گرفتی نەتەوە بچووکەکان، لە هیچ شوێنێک هێندە ئاشکرا، ئاوها چڕ و نموونەیی خۆی بەیان نەکرد.

لە سەتەی بیستەمدا پاش جەنگی یەکەمی جیهانی چەندان دەوڵەتی سەربەخۆ لە وێرانییەکانی قەڵەمڕەوی هابسبوگەوە سەریان هەڵدا و هەموو جگە لە نەمسا سی ساڵ دواتر لەژێر دەستەڵاتی ڕووسیادا بوون: ئەمە بارودۆخێک بوو کە لە مێژووی سەرجەمی چەقی ئەوروپادا هەرگیز ڕووی نەدابوو! قۆناغێکی درێژی بەرخۆدانی دژە سۆڤیەتی بەدوادا هات، لە پۆڵۆنیا، بە خوێنڕشتنێکی زۆرەوە لە هەنگاریا، ئەمجا لە چیکوسلۆڤاکیا و دیسان، دوور و درێژ و بەهێز، لە پۆڵۆنیا؛ من هیچ شتێکی لەوە سەرسامکەرتر لە ئەوروپای نیوەی دووەمی سەتەی بیستەمدا نابینم، وەکو ئەو زنجیرە زێڕینەی شۆڕش، کە لە ڕەوتی چل ساڵی قەڵەمڕەوی ڕۆژهەڵاتی بنکەن کرد، وای لێ کرد حوکم نەکرێ و زەنگی کۆتایی دەسەڵاتی خۆی لێ دا.

## ڕێگە پێچەوانەکانی شۆڕشی مۆدەرنیستی

من لەو بڕوایەدا نیم، مرۆڤ مێژووی چەقی ئەورووپا وەکو ڕشتەیەکی تایبەت لە زانکۆکان بڵێتەوە. لە هۆڵی نووستنی ئەو دنیادا یان هوس هەمان بۆنی ئارەقەی سلاڤی هەڵمژێ وەکو ئیڤانی سامناک. ئاخۆ من خۆم ئەم چەمکەم جارێک لە جاران بەو جەغدەوە بەکار دەهێنا، ئەگەر بەو جۆرە بە چارەنووسی دراماتیکی نیشتمانەکەمەوە پەرێشان نەبوومایە؟ بێگومان نەء. لە تەمتوماندا وشەگەلی خەواڵوو هەن، کە لە چرکەساتی پێویستدا خێرا فریامان دەکەون. تەنیا لە ڕێی پێناسەکەیەوە بەرنامەڕێژیی چەقی ئەورووپا درۆی یاڵتای سپی کردەوە، ئەم سەودا و مامەڵەیەی ئەم سێ براوەیەیەی جەنگ، کە سنووری هەزار ساڵەی نێوان ڕۆهەلات و ڕۆئاوایان چەند سەد کیلۆمەتر بەرەو ڕۆئاوا گواستەوە.

چەمکی چەقی ئەورووپا جارێکی تر بە فریام کەوت، لەبەر هۆکارێکی، کە هیچ پێوەندییان بە سیاسەتەوە نەبوو. ئەمە ڕووی دا، کاتێک من دەستم بەوە کرد بەو هەقیقەتە سەرم سووڕ بمێنێ، کە وشەگەلی "ڕۆمان"، "هونەری مۆدێرن"، "ڕۆمانی مۆدێرن" بۆ من مانایەکی تریان هەبوو وەکو لە هاوڕێ فەرەنسییەکانم. ئەمە جیاوازیی بیروڕا نەبوو، ئەمە زۆر خاکەرا بۆ دەرکەوتنی جیاوازییەک بوو لە نێوان دوو نەریتدا، کە ئێمەیان خەملاندبوو. لە ڕوانگەیەکی کورتی مێژوویی‌دا دوو کولتوورەکەمان وەکو دوو پێچەوانەی هاوتەریب لە بەردەممدا قووت بوونەوە. لە فرەنسا: کلاسیکی، ئاوەزگەرایی، عەقڵی ئازاد، ئەمجا لە سەتەی نۆزدەدا قۆناغی ڕۆمانی گەورە. لە چەقی ئەورووپا: دەسەڵاتی بارۆکێکی بە تایبەت جەزبەگەرا، ئەمجا لە سەتەی نۆزدەدا ئیدیلەی ئاکارگەری بیدەرمایەر، هونەری مەزنی شیعری ڕۆمانتیکی و چەند ڕۆمانێکی گەورەی کەم. وزەی بێ هاوتای چەقی ئەورووپا لە مۆسیقاکەیدا بوو، کە لە هایدنەوە هەتا شۆێنبێرگ، لە لیستەوە هەتا

بارتۆک دوو سـەتە سـەرجـەمی ئاراسـتـە جـەوهـەرییـەکـانـی مـۆسـیـقـای ئەوروپاییی لـە خـۆی گرتبوو؛ چەقی ئەوروپا لەژێر ناوبـانگی مـۆسـیـقـاکـەیدا چەمایەوە.

"هونەری مـۆدێرن" لەبەر ئـەو لێزمەبـارانە سـەرسـوورهێنەرەی یەک لەسـەر سێی سـەتەی بیسـتـەمـدا چی بوو؟ شـۆڕشـێکی تونـدڕۆ دژی ئیسـتـاتیکای ڕابردوو؛ بێگومـان ئەمـە ڕوونە، بەڵام ڕابـردووەکـان هـاوشـێـوە نەبوون. دژە ئاوەزگـەرایی، دژە کـلاسـیـکی، دژە واقـیـعی، دژی سـروشـتگـەرایی، هونەری مۆدێرن لە فرەنسـا یاخـیبـوونی شـیـعریی گـەورەی بۆدلێـر و ڕامبـۆ درێژە پێ دەدا. گوزارشـتـی تازیاری (امـتـیـاز) لە تابلۆکـێـشی و پێش هـەمـوو شـتـێک شـیـعردا دۆزییـەوە، کـە هونەری هـەڵبـژاردەی بوو. بە پێـچـەوانەوە ڕۆمـان (بە تایبـەتـی لەلایەن سـوریالیـسـتـەکانەوە) نـەفرەتی لێ کـرا؛ وەکـو بەسـەرچـوو، وەکو بۆ هـەمـیـشـە لە شـێـوازێکی تەقلیـدیدا قـەتیس سـەیری کـرا. لە چەقی ئەوروپـادا بارودۆخـــەکـــە بـەجـــۆرێکی تر بـوو؛ بەرهـەڵســـتـی دژی نەریـتی جـەزبەگـەر، ڕۆمـانـتـیکی، مـۆسـیـقـای مـۆدێرنیـزمی چەند بلیـمـەتێکی – ڕەسـەنترینیـان – بەرەو ئەو هونەرە برد، کە مەودای تازیاری ڕاڤە و ڕەوانی و تەوسە: واتە ڕۆمان.

## هەسارە گەورەکەی من

لە پیـاوە بێ خـەسـڵـەتـەکـە (١٩٣٠–١٩٤١)ی ڕۆبێـرت مـوزیلدا کـلاریسـە و ڤـاڵتـەر وەکـو "دوو شـەمـەندەفـەری کـە بە تەنیـشـت یەکـەوە بن دەردەپەڕن" بە چوار دەسـت هێنـدە تـونـدوتـۆڵ پیـــانـۆ لێ دەدەن، "کــە قـــاچـە باریکـەکـــانی مۆبیلەکان کەوتبوونە سەما ... تێکەڵبوون بوو، هاوشێوەی ناو زراوچوونێکی گەورە، سەدان مـرۆڤ، کـە لە هـەمـوو شـتـێکدا جیـاوازن، هەمـان بزووتنەوەی سـەوڵ لێدانی هـەڵاتن بەجێ دەهێنن، هـەمان هـاواری بێمانا دەکەن، بە هـەمـان شـێـوە دەمـوچـاو بەیەکدا دەدەن ... بە قـیـتی و دڵخـۆش لەسـەر کـورسـیـیـە

بچووکەکانیان دانیشتبوون، لە هیچ و لە هیچدا و لەبارەی هیچەوە توورە نەبوون یان لە هەموو کەسێک، لەناو یان لەبارەی هەموو شتێکەوە توورە، عاشق و غەمگین بوون..." تەنیا "فەرمانی مۆسیقا ئاوێتەی کردبوون ..." "ئەم جۆشە شەپۆلدەرانە و بزووتنەوە سۆزئاساکانی ناخیان، واتە ژێرەوەی ڕوحی هەژاوی هەورئاسای جەستەیان بەو زمانە سانا جاویدانە دەزانی، کە هەموو مرۆڤەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە."

ئەم نیگا تەوساوییە تەنیا مۆسیقای نەکردووەتە ئامانج، قوولْتر دەڕوا، بۆ خوارەوە هەتا جەوهەری شیعریی مۆسیقا، بۆ ئەو ئەفسوونەی، کە ئاهەنگ بە هەمان شێوە کوشتوبڕ دەڕازێنێتەوە و تاکەکان دەکاتە مێگەلی شاگەشکە؛ بەم توورەییە دژە شیعرییەتەوە موزیل فرانتس کافکام بیر دەخاتەوە، کە لە ڕۆمانەکانیدا قێز لە هەموو هەست جووڵانێک دەکاتەوە (ئەمە ڕادیکالانە لە تەعبیرییە ئەڵمانەکانی جیا دەکاتەوە) بە ئەمەریکا، وەکو خۆی دەڵێ، دژی "ڕەفتاری لە هەست و سۆزدا نغرۆ" دەنووسێ؛ کافکا بەمە هێرمان برۆخم بیر دەخاتەوە، کە ئەو بە تەواوی "دژی ڕۆحی ئۆپرا" هەستەوەر بوو، بە تایبەتی دژی ئۆپرای ڤاگنەر (ئەو ڤاگنەرەی، کە بۆدلێر و پرۆست دەیانپەرست)، کە ئەو بە نموونەی کیچی[1] دەزانێ (وەکو ئەو دەڵێ، "کیچێکی بلیمەتانە")؛ ئەمەی برۆخیش ڤیتۆلد گۆمبرۆڤیچم بیر دەخاتەوە، کە لە دەقە بەناوبانگەکەیدا دژی شاعیران کە پەرچەکردار لەبارەی ڕۆمانسییەتی لە بینەهاتووی ئەدەبی پۆڵۆنی و هونەری شیعرەوە وەکو ژنە خواوەندی پیرۆزی مۆدێرنیزمی ڕۆئاوا دەنوێنێ.

کافکا، موزیل، برۆخ، گۆمبرۆڤیچ ... گروهێک، قوتابخانەیەک، بزووتنەوەکیان پێک دەهێنا؟ نەخێر تاکڕەو بوون. زۆرجار وەکو "هەسارەی ڕۆماننووسە گەورەکانی چەقی ئەورووپای ناوەڕاست" ناوزەدم کردوون، بە

١. کیچ: بڕوانە میلان کوندێرا، هونەری ڕۆمان، و: کەریم پەڕەنگ، سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٨، لا ١٠، ١٩٩

ڕاستیش وەکو ئەستێرەیەکی کۆمەڵە ئەستێرەیەک بوون، هەریەکێکیان بە بەتاڵیی دەوروەدراو، هەیەکە و لەوی ترەوە دوور. لەوە سەرنج ڕاکێشتر ئەوەم بۆ دەردەکەوت، کە کارەکانیان ئاراستەیەکی ئیستاتیکی هاوشێوە گوزارشت لێ دەکەن: هەموویان شاعیرانی ڕۆمان بوون، واتە: سەرسام بە شێوە و تازەکردنەوەی؛ بەهایان بۆ چڕیی هەموو وشەیەک، هەموو ڕستەیەک دادەنا؛ ئەو فەنتازیایە فریوی دابوون، کە هەوڵی بەزاندنی سنووری "ڕیالیزم" دەدا؛ بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێگە بە هیچ لەخشتەبردنێکی شیعری نادات: دوژمنی کردنی ڕۆمانە بە دانپێدانانی کەسانی؛ بە هەموو ڕازاندنەوەیەکی پەخشان هەستەوەرە؛ سەرومڕ خۆی بۆ جیهانی واقیع چڕ کردووەتەوە. هەموویان لە ڕۆمان وەکو شیعرێکی گەورەی دژە شیعرییەت تێ گەیشتبوون.

## کیچ و بازاڕیەتی

وشەی "کیچ" لە ناوەڕاستی سەتەی نۆزدەمدا لە میونیخ لەدایک بوو و پاشماوەی شیلەئاسای سەتەی گەورەی ڕۆمانتیکی ناوزەد دەکا. بەڵام لەوانەیە هێرمان برۆخ لە ڕاستییەوە نزیکتر بووبێتەوە، کاتێ پێوەندیی ڕۆمانتیکی بە کیچەوە لە ڕێژەیەکی چەندیەتی پێچەوانەدا بینی: بە ڕای وی شێوازی زاڵی سەتەی نۆزدە (لە ئەڵمانیا و چەقی ناوەڕاست)، کیچ بوو، وەکو دیاردەیەکی ناوازە، چەند کارێکی گەورەی ڕۆمانتیکیی تیایاندا دەرکەوتن. هەر کەسێک زەبروزەنگی کیچ (زوڵم و زۆری گۆرانیبێژەکانی ئۆپرا)ی ناسیبێ هەست بە هەڵچوونێکی تایبەت دەکا دژی ئەو پەردە پەمەییەی بەسەر واقیعدا دراوە، دژی نمایشی شەرمنی دڵی هەمیشە شکاو، دژی "نانی بۆنخۆشکراو" (موزیل)؛ کیچ لەمێژەوە بووەتە بەرنامەڕێژییەکی زۆر تەواو لە چەقی ئەورووپا، لەو شوێنەدا کە وەکو خراپترین ناپەسندیی ئیستاتیکی سەیری دەکرێ.

من گومان ناخەمە سەر مۆدەرنیستە فرەنسییەکان، کە ملیان بۆ شادی هەست و کەشـوفش داوە، بەڵام لەبەر نەبوونی ئەزمـوونێکی درێژ لەگەڵ کیچدا حەزنەکردنی حەساس نەیتوانی لەلایان سەرهەڵبدا و گەشە بکا. لە ساڵی ١٩٦٠دا، واتە سەد ساڵ دوای سەرهەڵدانی لە ئەڵمانیا، ئەم وشەیە بۆ یەکەم جار لە فرەنسا بەکار هێنرا؛ لە ساڵی ١٩٦٦دا وەرگێڕی فرەنسی وتارەکانی برۆخ و ئەمجا ١٩٧٤ وەرگێڕی دەقەکانی هانا ئارێنت خۆیان ناچار دەبینن، وشـەی "کـیـچ" بە "هـونەری شـڕە" وەربگێـڕن و بەمـەش بیرکردنەوەکانی دانەرەکانیان پەی پێنەبراو دەکەن.

جارێکی تر لوسیەن لۆیەنی ستێندال دەخوێنمەوە، گفتوگۆی ڕێکوپێک لە هۆڵەکەدا؛ من لەلای وشـە سـەرەکـیـیـەکـان دەمـێنمـەوە، کـە ڕەفـتـارە جیاوازەکانی بەشدارەکان پێشان دەدا: لووتبەرزیی؛ بازاڕی؛ زرنگی ("ئەو زاخەی هەموو شتێکی دەتوێنێتەوە")؛ مایەی پێکەنین، نەزاکەت ("نەزاکەتی بێکۆتایی و بێهەستی")؛ ڕەوشتجوانی. من لە خۆم دەپرسم: چی وشەیەک بۆ من گوزارشت لە بەرزترین پەسندنەکردنی ئیستاتیکی دەکا وەکو چەمکی کیچ؟ لە دواییدا دەیدۆزمەوە؛ ئەوە وشەی "بازاڕی"، "بازاڕیبوون"ە، "مسیۆ دو پۆیریر مـرۆڤێکی ناوازە بازاڕی بوو، کـە بـەوە دەچوو بە ڕەفـتـارە نزم و نهێنییەکانی سەربەرز بێ، وەکو چۆن بەراز لە قوڕاودا خۆی دەگەوزێنێتەوە بۆ چاودێریکەر بە ئۆخژنێکی بێشەرمانەوە ..."

ڕق لە بازاڕیبوونەوە ئەو کاتە وەکو ئێستا لە کۆمەڵگەکاندا ڕووی دەدا. با وشـەناسـیی بیـری خۆمـان بهـێنینەوە: بازاڕیی (ڤولگێر) لە ڤولگوسەوە هاتووە، واتە گەل، ڤولگێر ئەو شتەیە، کە بە دڵی گەلە؛ دیموکراتێک، سۆسیالیستێک، خەباتگێڕێک بۆ مافی مرۆڤ دەبێ گەلی خۆش بوێ؛ بەڵام ئازادە لەوەی، ڕقی لە هەموو ئەو شتانە ببێتەوە کە لە سەرەوە بۆ خوارەوە بە بازاڕییان دەزانێ.

پاش نەفرەت و کردنە دەرەوەی سیاسییانەی سارتەر، دوای خەڵاتی نۆبڵ،

که ڕق و ئیرەیی بۆ هێنا، ئەلبێر کاموی لەناو ڕۆشبیرە پاریسییەکاندا زۆر هەستی بە نارەحەتی دەکرد. بۆم دەگێڕنەوە، ئەوەی جگە لە گومانی بازاڕیبوون زیانی لێی دا گوایە ئەوە بووە: بە ڕەچەڵەک لە دەوروبەرێکی زۆر هەژارەوە هاتووە، دایکی کە نەیزانیوە بنووسێ و بخوێنێتەوە؛ پێگەی وەکو فرەنسی- جەزائیری کە لەگەڵ فرەنسی- جەزائیرییەکانی تردا هاوسۆز بووە، تەنیا جووتیار بوونە بە "ڕەفتاری هێندە نەهێنی" (واتە "نزم")ەوە؛ سادەیی فەلسەفیی وتارەکانی؛ منیش واز لەم بابەتە دەهێنم. ئەو وتارانە دەخوێنمەوە، کە پێیانەوە ئەم کوشتنە ڕووی دا و بەم وشانەوە دەبەستریمەوە: کاموی "جووتیارێکە لە جلوبەرگی بۆنەدا، ... پیاوێکە لەناو گەلەوە هاتووە، دەستکێشەکانی بە دەستەوەیە، شەپقەکەی هێشتا بە سەرەوەیە، بۆ یەکەم جار دێتە ناو سالۆنەکەوە. میوانەکانی تر ئاوڕ دەدەنەوە، دەزانن سەروبەندیان لەگەڵ کێدا هەیە." مەجازەکە خۆی دێتە زمان: کاموی نەک هەر نەیدەزانی، مرۆڤ چۆن بیر دەکاتەوە (بڕوای بە پێشکەوتن نەبوو و هاوسۆزیی لەگەڵ فرەنسییە-جەزائیرییەکاندا دەکرد)، بگرە، لەوەش خراپتر، نەشیدەزانی لە سالۆنێکدا ڕەفتار بکا (بە مانای وشە یان بە مەجاز)؛ ئەو بازاڕی بوو.

پەسندنەکردنێکی ئیستاتیکی توندتر لە فرەنسادا نییە. هەندێ جار ناپەسندکردنێکی ڕەوا، وەلێ ڕەنگ بێ باشترین کەسیش بپێکێ: ڕابلی. ئەی فلوبێر. باربەی دئۆرڤیل نووسیویەتی، "خەسڵەتی سەرەکیی پەروەردەکردنی هەستەکان: بە پلەی یەکەم بازاڕیتییەتی. بە ڕای ئێمە ڕۆحی بازاڕی، ئەقڵی بازاڕی، شتی بازاڕیی لە دنیادا زۆرن، بەبێ ئەوەی پێویست بکات کە ژمارەی ئێجگار زۆری ئەم بازاڕیتییە قێزەونە گەورەتر بکرێ."

یەکەم حەفتەکانی کۆچکردنم بیر دەکەوێتەوە. پاش ئەوەی ستالینیزم بە یەک دەنگ ئیدانە کرابوو، هەموو توانییان لەو تراجیدیایە تێ بگەن،

داگیرکاریی ڕووسی بۆ وڵاتەکەم چیّ دەگەیاند و دەیانبینم بە خەرمانەیەکی غەمگینی سەنگین دەورە دراوم. لە بیرمە، لە بارێکی پاریسدا بەرامبەر ڕۆشنبیرێک دانیشتبووم، کە زۆر پشتگیریی کردبووم و زۆر یارمەتیی دابووم. یەکەم دیدەنیمان بوو لە پاریس و وشەگەلی گەورەم لە هەوادا دەبینی بەسەر سەرمانەوە دەفڕین: ڕاونان، گولاگ، ئازادی، دوورخستنەوە لە وڵات، بوێری، بەرهەڵستی، تۆتالیتاریزم، تیرۆری پۆلیس. بۆ ئەوەی کیچی ئەم تارماییە ئاسوودانە بڕەوێنمەوە، دەستم بە ڕوونکردنەوە کرد، کە ئەو ڕاستییەی، لەژێر چاودێریدا بی، مایکرۆفۆنی پۆلیس لە ماڵەکەتدا بیّ، هونەری پڕ لەزەتی چەواشەکردنی فێر کردووین. من و یەکێک لە هاوڕێکانم ناو و خانووەکانمان گۆڕییەوە؛ ئەو، مێبازێکی گەورە، بە بێپەروایییەکی مەزنەوە لە هەمبەر مایکرۆفۆنەکان لە ئەپارتمانەکەمدا شاکارە سەرنج ڕاکێشەکانی بەجیّ دەهێنا. لەبەرئەوەی سەختترین چرکەساتی چیرۆکی ئەڤین جوودابوونەوەیە، کۆچکردنم بۆ ئەو زۆر گونجاو بوو. ڕۆژێک ژنە گەنجەکان و ژنە پیرەکانی ئەپارتێمێنەکەمیان بە داخراوی، بەبیّ ناوی من دۆزیبووەوە، لە کاتێکدا من لە پاریسەوە خەریکی ئەوە بووم، کارتی ماڵئاوایی بە ئیمزای خۆمەوە بۆ حەوت ژن بنێرم، کە هەرگیز نەمبینیبوون.

دەمویست ئەو پیاوەی ڕێزی لەلام هەبوو دڵخۆش بکەم، بەڵام ڕووخساری بەردەوام تاریکتر دەبوو و لە دواییدا بە دەنگی وەکو تەوری ئامێری سەرپەڕاندنەوە وتی: "من ئەمە بە کۆمیدی نازانم."

هاوڕیّ ماینەوە، بەبیّ ئەوەی هەرگیز حەزمان لە یەکتر بێت. بیرەوەریی یەکەم دیدارمان بۆ من کلیلێک، بۆ ئەوەی لە جیاوازییە درێژە، هەرگیز ددان پێدانەنراوەکەمان تیّ بگەین: بەیەکدادانی دوو هەڵوێستی ئیستاتیکی لە یەکترمان جودا دەکاتەوە: پیاوە بە کیچ حەساسەکە ئەو پیاوەی بینی، کە حەساسیەتی بە بازاڕێتی هەبوو.

## مۆدێرنیزمی دژە مۆدێرنە

ئارتور ڕامبۆ نووسی: "مرۆڤ دەبێ ڕەها مۆدێرن بێ". نزیکەی شەست ساڵ دواتر گۆمرۆڤیچ دڵنیا نەبوو، ئاخۆ بە ڕاستی مرۆڤ دەبێ مۆدێرن بێ. لە فێردیدەرکدا (١٩٣٨ لە پۆڵۆنیا بڵاو بووەوە) کچەکە جڵەوگیریی خێزانی یونگمان دەکا، "کچە خوێندکارێکی مۆدێرن". شێت و شەیدای تەلەفۆنکردنە و ڕقی لە کلاسیکییەکان دەبێتەوە؛ بە ئامادەییی بەڕێزێک، کە بۆ سەردان هاتووە، "تەنیا خۆی بەوەوە خەریک دەکا، لێی بڕوانێ و لە کاتێکدا دەرنەفیزێک لە نێوان ددانەکانیدا توند دەکا، کە بە دەستی ڕاستییەوە گرتبوو، بێ کەشوفش بە دەستی چەپ تەوقە لەگەڵ پیاوەکە دەکا".

دایکیشی مۆدێرنە؛ ئەندامی "کۆمیتەی پاراستنی منداڵی کۆرپە"یە؛ دژی سزای کوشتن و بۆ ئازادیی ڕەوشت و خوو تێ دەکۆشێ"، "خاکییانە بەخۆبادان دەچێ بۆ ئاودەست"، بۆ ئەوەی "بەفیزتر لەوەی کاتێ چووە ژوورەوە" جارێکی تر بێتە دەرەوە؛ لەگەڵ پیربوونیدا مۆدێرنێتی دەبێتە تاقە "جێگرەوەی گەنجایەتی" کە بۆ ئەو زۆر پێویستە.

ئەی باوکەکە؟ ئەویش مۆدێرنە؛ هیچ بیر ناکاتەوە، بەڵام هەموو شتێک دەکا، بۆ ئەوەی بە دڵی کچەکەی و ژنەکەی بێ.

گۆمبرۆڤیچ لە فێردیدەرکدا ئەو وەرچەرخانە بنەمایییەی دارشت، کە لە ڕەوتی سەتەی بیستەمدا هاتە ئاراوە: هەتا ئەو کاتە مرۆڤ دابەش بووبووە سەر ئەوانەی، کە بەرگرییان لە بارودۆخی سەروەر دەکرد و ئەوانەی دەیانویست بیگۆڕن. واتە خێراکردنی مێژوو ئەنجامی خۆی هەبوو: لە کاتێکدا پێشووتر مرۆڤ لە هەمان ئەو شوێنەی کۆمەڵگەدا دەژیا، کە زۆر لەسەرخۆ دەگۆڕا، ئێستا ئەو چرکەساتە هاتووە، لە پڕ هەستی بەوە کرد، چۆن مێژوو وەکو چەرخە لەژێر پێیدا دەخوولایەوە: باری ئێستا لە جووڵانەوەدا بوو! لە پڕ ڕازیبوون بە باری ئێستا هەمان ڕازیبوونی بەو

مێژووە دەگەیاند کە لەگەڵ خۆیدا دەسووڕێتەوە! بەهەرحاڵ مرۆڤ دەیتوانی لە هەمان کاتدا پێشکەوتنخواز و نەریتگەر، گوێڕایەڵ و یاخی بێ!

لەلایەن سارتەر و هەوادارەکانییەوە کاموی وەکو کۆنەخواز هێرشی کرایە سەر، کامـوی ئەو وەڵامـە بەناوبانگەی لەبارەی ئەوانەوە دایەوە، کـە "کورسییەکانیان بە ئاراستەی مێژوو داناوە"؛ کاموی ڕاستی دەکرد، تەنیا بۆی ڕوون نەبوو، کە ئەو کورسییە بە نرخە چەرخەی هەیە و ماوەیەک بوو هەمــوو بەرەو پێـشــەوە پاڵیــان پێـوە دەنا، خـوێندکـارە مــۆدێرنەکـان، دایکەکانیان، باوکەکانیان، بە هەمان شـێوە وەکو هەموو ئەندامەکانی کۆمیتەکانی پاراستنی کۆرپەکان و بێگومان هەموو ئەو سیاسییانەی، کە، لە کاتێکدا پاڵیان بە کورسییەکانەوە دەنا، ڕووی ڕووخساری بەخەندەیان کردە خەڵکی، ئەو خەڵکەی بە دوایاندا دەڕۆیشتن و پێش دەکەنین، چونکە باش دەیانزانی، تەنیا ئەو کـەسـەی پێ خـۆشـحـاڵ دەبێ مـۆدێرن بێ، بە ڕاستی و لە ڕاستیدا مۆدێرنە.

بۆ بەشێکی دیاریکراوی میراتگرانی ڕامبۆ سامناکییەک ڕوون بووەوە: ئەمڕۆ تاقە مۆدێرنیزمێک، کە شایستەی ئەم ناوە بێ، مۆدێرنیزمی دژی مۆدێرنەیە.

بەشی سێیەم

# ڕۆچوونە ناو ڕۆحی شتەکانەوە

## ڕۆچوونە ناو ڕۆحی شتەکانەوە

ســان بـۆڤ لە ڕەخنـەکـەیدا لـەبارەی خـانمـی بۆڤـارییـەوە دەنووسـێ: "ئەو سـەرزەنشـتەی کتێبەکەی کە من دەیکەم ئەوەیە، شـتی باشـی کەم تێدایە." دەپرسێ، بۆچی لەم ڕۆمانەدا "تاقە کەسێک نییە، ڕەوشـتی بە جـۆرێک بێ، بتوانێ بە نیگایەکی باش خوێنەر دڵنەوایی بکا، بیبزوێنێ"؟ ئەمجا ڕێنوێنیی نووسـەرە لاوەکـە دەکـا: "من لە گـوند، لە نـاوجـەرگـەی فـرەنسـادا هێـشـتـا کـچێکی گـەنج بـە ژیرییـەکی زاڵەوە دەناسم، خـوێنگـەرم، وەرس: مێـردارە، بەڵام منداڵی نییە، چی کرد، لەبەرئەوەی منداڵی نەبوو گەورەی بکا، خۆشی بوێ، بۆ ئەوەی عـەقڵ و هـەسـتـە زۆرەکـەی پێ پڕ بکاتـەوە؟... ژنەکـە بووە خـێرەومـەندێکی چالاک... زۆرجـار منداڵە مـاڵ لە یەکـتـر دوورەکـان فێـری خـوێندنەوە و ڕەوشـتی بـاش دەکا... ئەو جـۆرە ڕۆحـانە لە شـارە بچـکۆلە و گـوندەکـان هـەن: بـۆچی ئەوانیش پێـشـان نادرێن؟ ئەمـە دڵخـۆشکەرە، ئەمـە دڵنەواییکـەرە، وێنای مـرۆڤ لە ڕێیـەوە تەواوتر دەبێ." (جـەغدکـردن لە وشـە سەرەکییەکان هی خۆمن.)

بۆ من فـریودەرە، گـاڵتـەجـاڕی بەم وانەیەی ڕەوشت بکـەم، کـە بەبێ ئەوەی بتـوانم ڕێگریـی لێ بکەم سـەرزەنشـتـە پـەروەردەکـارییـەکـانی "ڕیالیـزمی سـۆسـیـالیـستی"ی زووم بیر دەخـەنەوە. بەڵام، بـا بیرەوەری ئافـەرۆز بکەین، ئاخـۆ ئەوەندە نەشـیـاوە، کاتێ بەناوبـانگترین ڕەخـنەگری فرەنسی ئەدەبی کـاتی خـۆی نووسـەرێکی لاو وریا بکاتەوە، خـوێنـەرەکـانی، وەکـو ئێـمـە هـەمـوومـان، شـایسـتـەی کـەمێک هـەواداری و هـاندان نین، لە ڕێی "نیگایەکی باشـەوە" "ببزوێنرێین" و "دڵنەوایی بکرێین"؟ بەڵام ژۆرژ سـاند نزیکەی بیست

ساڵ دواتر لە نامەیەکیدا نزیکەی هەمان شت دەڵێ: بۆچی ئەو "هەستە" دەشارێتەوە، کە بۆ کەسایەتییەکانی هەیەتی؟ بۆچی لە ڕۆمانەکانیدا "بنەماگە کەسییەکانی" پێشان نادا؟ بۆچی "بێنەوایی" بە خوێنەران دەگەیەنێ، لە کاتێکدا بەپێچەوانەوە ئەو خۆی، ساند، پێی خۆشترە خوێنەران "دڵنەوایی" بکا؟ بە میهرەبانی سەرزەنشتی دەکا: "هونەر تەنیا ڕەخنە و ساتیر نییە."

فلاوبێر وەڵامی دەداتەوە، کە هەرگیز ڕەخنە یان ساتیری لە زەیندا نەبووە. ئەو ڕۆمانەکانی نانووسێ، بۆ ئەوەی حوکمەکانی بە خوێنەر ڕابگەیەنێ. ئەو شتێکی تری لە دڵدایە: "من هەمیشە هەوڵم دا، بچمە ناو ڕۆحی شتەکانەوە ..." وەڵامەکەی بە ئاشکرا دەیسەلمێنێ: بابەتی ڕاستەقینەی ئەم ناتەباییە کارەکتەری فلاوبێر نییە (ئاخۆ باشە یان خراپ، دڵسارده یان هاوسۆز؟)، بگرە ئەو پرسیارەیە، ڕۆمان چییە.

هونەری شێوەکاری و مۆسیقا سەدان ساڵ لە خزمەتی کڵێسادا بوون، کە بە هیچ کلۆجێک جوانییانی نەشێواند. بەڵام ئەگەر ڕۆمان بخرێتە خزمەتی دەسەڵاتێکەوە، هەرچی چەندە دەسەڵاتەکە بە شکۆ بێ، بۆ ڕۆماننووسێکی ڕاستەقینە مەحاڵە. چ بێماناییەکە، ئەگەر یەکێک بیەوێ بە ڕۆمانێک شکۆ بە دەوڵەتێک یان سوپایەک بدات! بەڵام ڤلادیمیر هۆلان لە سەرساميدا بۆ ئەوانەی، کە لە ساڵی ١٩٤٥دا نیشتمانەکەیان ئازاد کرد، شیعرگەلی جوان، لە بیرنەکراوی بۆ سەربازەکانی سوپای سوور نووسی. دەتوانم وێنای تابلۆیەکی نایابی فرانس هالس بکەم، کە "ژنە خێرەومەندێکی چالاک" لە لادێدا پێشان دەدا، بە منداڵ دەورەدراو، کە "ڕەوشتی جوان"یان فێر دەکا، بەڵام ڕۆماننووسێکی زۆر مایەی پێکەنین دەیتوانی ئەم خانمە بکاتە ژنە پاڵەوانێک، بۆ ئەوەی لە ڕێی نموونەییەوە ورەی خوێنەر "بەرز بکاتەوە". مرۆڤ نابێ هەرگیز لە بیری بکا: هەموو هونەرەکان هاوشێوە نین؛ هەریەکەیان لە دەرگەیەکی ترەوە دێتە ناو جیهانەوە. یەکێک لەم دەرگەیانە

تەنیا بۆ ڕۆمان تەرخان کراوە.

من وتم: تەنیا، چونکە بۆ من ڕۆمان "ژانرێکی ئەدەبی" نییە، تەنیا لقێک لەناو لقە زۆرەکانی تاقە درەختێکدا نییە، مرۆڤ ناتوانێ لە ڕۆمان تێ بگا، ئەگەر مشتومڕ لەبارەی ئەفراندنی ڕۆمان خۆیەوە بکا، ئەگەر مرۆڤ لە هونەری ژانری خۆی، هونەرێکی سەربەخۆ نەبینێ. ڕۆمان سەرهەڵدانی خۆی هەیە (لە کاتێکدا، کە تەنیا هی خۆیەتی)؛ مێژووی لە هاوئاهەنگیی قۆناغی خانەبەندکراوی تایبەت بە خۆی هەیە (کە پەرەسەندنی ئەدەبی درامی ماوەی گرینگی گۆڕانی لە شیعرەوە بۆ پەخشان لەگەڵ پەرەسەندنی ڕۆماندا بە هیچ جۆرێک هاوتا نییە؛ مێژووی ئەم دوو هونەرە هاوکات ڕێ ناکا)، ئاکاری خۆی هەیە (هێرمان برۆخ ئەوەی گوتووە: تاقە ئاکاری ڕۆمان مەعریفەیە؛ ئەو ڕۆمانەی بەشێکی هەتا ئێستا نەناسراو نەدۆزێتەوە نائاکارییە؛ "چوونە ناو ڕۆحی شتەکانەوە" و نموونەیەکی باش بداتە دەستەوە لە ئەنجامدا دوو مەبەستی جیاواز و ناتەبان)؛ ڕۆمان پێوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ "من"ی نووسەردا هەیە (بۆ ئەوەی دەنگی پەنهانی، زۆر نزم لە "ڕۆحی شتەکان"دا ببیسترێ، دەبێ ڕۆماننووس، بەپێچەوانەی شاعیر و ئاوازدانەرەوە تێ بگا، هاوارەکانی ڕۆحی خۆی بێدەنگ بکا)؛ کاتی سەرهەڵدانی (نووسینی ڕۆمانێک قۆناغێکی تەواو لە ژیانی نووسەر داگیر دەکا، کە لە کۆتاییی کارەکەدا هەمان ئەو کەسە نییە وەکو لە سەرەتادا)؛ لە سەرووی زمانی نەتەوەییەوە خۆی بۆ جیهان دەکاتەوە (لەوەتەی ئەورووپا سەروای خستووەتە سەر شیعر، ناتوانرێ جوانیی شیعر بۆ زمانێکی تر بگوازرێتەوە؛ وەرگێڕانی دەستپاکی کارێکی شیعری سەختە، بەڵام شیاوە؛ لە جیهانی ڕۆماندا سنووری دەوڵەت نییە؛ ئەو ڕۆماننووسە گەورانەی، کە بۆ ڕابلییە گەڕاونەتەوە، نزیکەی هەموویان بە وەرگێڕدراوی خوێندوویانەتەوە).

## بە هەڵەداچوونی بنەبڕنەکراو

ڕاستەوخۆ دوای جەنگی دووەمی جیهانی ئەڵقەیەکی ڕۆشنبیری نایابی فرەنسا وشەی "بوونگەرایی"یان بەناوبانگ کرد، بەوەی نەک تەنیا ناویان لە ئاراستەیەکی نوێی نەک هەر فەلەسەفی، بگرە هەروەها لە ئاراستەی شانۆ و ڕۆمانیش نا. سارتەر وەکو تیۆرکاری شانۆنامەکانی خۆی بە هەستە نایابەکەیەوە بۆ دارشتن "شانۆی کارەکتەر" لە بەرامبەر "شانۆی بارودۆخ"دا دادەنێ. لەساڵی ١٩٤٦دا لە دەقێکیدا دەنووسێ، ئامانجمان ئەوەیە، "لە هەموو ئەو بارودۆخانە بتۆژینەوە، کە لە ئەزموونی مرۆڤدا زۆرجار دێنە ئاراوە و... ڕەهەندی جەوهەری مرۆڤبوونیش ڕوون بکرێتەوە ..."

کێ هەیە جارێک لە جاران لە خۆی نەپرسیبێ: ژیانم چۆن دەبوو ئەگەر من لە جێیەکی تر، لە وڵاتێکی تردا، لە کاتێکی تردا لەدایک بووبوومایە؟ لەم پرسیارەدا یەکێک لە بەربڵاوترین وەهمەکانی مرۆڤ گوزارشتی لێ دەکرێ، وەهمێک، بارودۆخی ژیانمان تەنیا وەکو پشتی شانۆیەک، وەکو هەلومەرجێکی ڕێککەوت، لە گۆڕینهاتوو سەیر بکرێ، کە بە ناو "ئێگۆ"ی ناوابەستە و نەگۆڕماندا گوزەر دەکا. ئاخ، ئەوەندە خۆشە، ژیانەکانی تر بۆ خۆ بنەخشێنی، دەرزەنێک ژیانی شیاوی تر! بەڵام خەون بەسە! ئێمە هەموومان داماوانە بە بەرواری لەدایکبوون و شوێنی لەدایکبوونمانەوە بەستراوین. "ئێگۆ"ی ئێمە لە دەرەوەی بارودۆخی ژیانی سەقامگیر و دانسقەمانەوە پەی پێ نەبراوە، تەنیا لەناو ئەم بارودۆخە و لە ڕێی ئەم بارودۆخەوە پەی پێ دەبرێ. ئەگەر بەیانییەک دوو کەسی نەناسراو یوسف (ک.)یان نەبردایە و پێیان ڕانەگەیاندبایە، شکاتی لێ کراوە، ئەو بە تەواوی کەسێکی تر دەبوو وەکو لەو کەسەی ئێمە دەیناسین.

درەوشانەوەی کەسایەتیی سارتەر خۆی، شوێنگەی دووفاقەی وەکو فەیلەسووف و نووسەر، ئەو وێنایە بەهێز دەکا، گوایە ئاراستەی

بوونگەراییی شـانۆ و ڕۆمـان لە سـەتەی بیـسـتـەمـدا بۆ کـاریگەریی فەلسەفەیەک دەگەڕێتەوە. دیسان ئەو بەهەڵەداچوونە بنەبڕنەکراوەمان هەیە. هەڵەی هەمـوو بەهەڵەداچوونەکان، واتە وا بیر بکرێتەوە، پێوەندیی نێوان فەلسەفە و ئەدەب تەنیا بە یەک ئاراستەدا دەڕوا، "پسپۆڕەکانی گێڕانەوە" دەیانتوانی، ئەگەر بیرۆکەیان هەبوایە، تەنیا لە "پسپۆڕەکانی هزر"ی قەرز بکەن. ئەو وەرچەرخـانەی کـە نادیار هونەری ڕۆمـانی لە ئاراسـتـەی سـایکۆلۆجـیـیـەوە (تۆژینەوەی کـارەکتـەرەکـان) بەرەو ڕاڤـەی بوونگەرایی (ڕاڤەی "ئەو بارودۆخـانەی، کە ڕەهەندە جەوهەرییەکـانی مرۆڤبـوون ڕوون دەکەنەوە") برد، بەڵام بیست یان سی ساڵ پێش ئەوەی مۆدەی بوونگەرایی لە ئەوروپادا بڵاو ببێتەوە؛ بە فـەلسـەفـەش نەرووژابوو، بگرە بە لۆجـیکی گەشەکردنی ڕۆمان.

## بارودۆخگەل

سێ ڕۆمانەکەی فرانتس کافکا سێ شێوەی جیاوازی هەمان بارودۆخن: مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤێکی تردا ناکەوێتە کێشەوە، بگرە لەگەڵ جیهانێکی بێهاوتا بەکارگێڕیکراو. لە یەکەم ڕۆماندا (١٩١٢ سەری هەڵداوە) مرۆڤەکە ناوی کارل ڕۆسمانە و جیهانەکە ناوی ئەمەریکایە. لە دووەمدا (١٩١٧) مرۆڤەکە ناوی یوسف (ک.)یە و دنیا دادگەیەکی گەورەیە، کە شکاتی لێ دەکا. لە سێیەمدا (١٩٢٢) مرۆڤەکە ناوی (ک.)یە و دنیا گوندێکە لەژێر سەروەریی کۆشکدا.

کە کافکا پشتی لە سایکۆلۆجیا کردووە، بۆ ئەوەی خـۆی لە تۆژینەوەی بارودۆخێکدا چڕ بکاتەوە، بە هیچ جۆرێک ئەوە ناگەیەنێ، کە فیگورەکان لەلایەنی سایکۆلۆجییەوە قەناعەتپێکەر نین، بگرە کە گێرمە و کێشەی سایکۆلۆجی کەوتووەتە پشتەوە: ئاخۆ (ک.) منداڵییەکی بەختەوەر یان غەمگینی هەبووە، ئاخۆ کوڕی شیرینی دایکی بووە یان لە هەتیوخانەیەکدا

گەورە بووە، ئاخۆ ئەڤینێکی گەورەی لە پشتەوە بووە یان نەء، هەموو ئەم شتانە هیچ لە چارەنووسی یان لە ڕەفتاری ناگۆڕن. لە ڕێی پێچەوانەکردنی ئەم گیروگرفتەوە، لە ڕێی ئەم شێوەیەی ترەوە، پرسیار لە ژیانی مرۆڤ بکرێ، ئەم تێگەیشتنەی تر لە شوناسنامەی تاکێک، کافکا تەنیا لەگەڵ ئەدەبی پێشووتردا جودا ناکاتەوە، بگرە لە پرۆست و جۆیسی گەورەی هاوچەرخیشی جودای دەکاتەوە.

"ڕۆمانی مەعریفی لە جیاتیی ڕۆمانی سایکۆلۆجی"، برۆخ لە نامەیەکیدا، کە تیایدا شیعرییەتی خەوڕۆکان (لە سالانی ١٩٢٩ و ١٩٣٢دا سەریهەڵداوە) ڕوون دەکاتەوە؛ هەموو ڕۆمانێکی ئەم سێیەیە، ١٨٨٨ – پاسێنۆڤ یان ڕۆمانتیک، ١٩٠٣ – (ئێش) یان پاشاگەردانی، ١٩١٨ – هوگیەناو یان بابەتگەرایی (ژمارەی ساڵەکان سەر بە ناونیشانەکەن)، پازدە ساڵ پاش ئەوەی پێشوو ڕوو دەدا، لە دەوروبەرێکی تردا، لەگەڵ بەشدارێکی تردا. ئەوەی ئەو سێ ڕۆمانە (کە هەرگیز بە تەنیا ئامادە ناکرێن) دەکاتە یەک کار، یەک بارودۆخ و هەمان بارودۆخ، بارودۆخی سەرووی تاکی پرۆسێسی مێژووییە، کە برۆخ بە "داڕزانی بەهاکان" ناوزەدی دەکا، هەموو تاکێکی بەشدار هەڵوێستی تایبەت بە خۆی دەدۆزێتەوە: یەکەم جار پاسێنۆڤ، بۆ ئەو بەهایانە دڵسۆز دەمێنێتەوە، کە بە بەرچاویەوە خەریکن لەناو دەچن؛ ئەمجا دواییتر (ئێش)، کە پێویستیی بەهاکان دای گرتووە، بەڵام ئیتر ناتوانێ بیانناسێتەوە؛ لە دواییدا هوگیەناو، کە بە باشترین شێوە لەگەڵ جیهانی لە بەها خاڵیدا هەڵدەکا.

بۆ من سەختە، یارۆسلاڤ هاشەک لەگەڵ ئەم ڕۆماننووسانەدا خانەبەند بکەم، کە من لە "مێژووی شەخسی ڕۆمانی خۆمدا" بە بنتیاتنەری مۆدێرنیزمی لە هونەری ڕۆماندا دەزانم؛ چونکە مۆدێرن یان نامۆدێرن، ئەمە هیچ بە لای هاشەکەوە گرینگ نییە؛ ئەو نووسەری گەلەکی بوو بە مانایەک ئیتر بەکار نەدەهێنرا، گەڕیدەیەکی نووسەر، سەرچڵێکی نووسەر، کە ڕقی

لە دەوروبەری ئەدەبی دەبووەوە و ڕقی لەوە دەبووەوە، داڕێژەری تاقە ڕۆمانێک بێت، کە لە سەرجەمی جیهاندا خوێنەرێکی زۆری دۆزییەوە. دوای ئەم وشانە بۆ من ئەوەی شایانی سەرنج بێ ئەوەیە، کە ڕۆمانەکەی، سەرکێشییەکانی سەربازی سەلار شڤایک لە کاتی شەڕی جیهانیدا (لە نێوان ١٩٢٠ و ١٩٢٣) سەریهەڵداوە، هەمان ئاراستەی ئیستاتیکی تێدا دەردەکەوێ وەکو ڕۆمانەکانی کافکا (هەردوو نووسەر لە هەمان ئەو ساڵانەدا لە هەمان شاردا ژیاون) یان ڕۆمانەکانی برۆخ.

کاتێ شڤایک لەلایەن لیژنەی پشکنینی سەربازییەوە بانگ دەکرێ، لە عەرەبانەیەکی کەمئەندامانداا بەناو شەقامەکانی پراگدا پاڵی پێوە دەنرێ و لە بەرچاوی پڕ لە تەوسی پراگیکییەکان هەردوو دارشەقەکەی شەڕخوازانە ڕادەوەشێنێ و هاوار دەکا: "لێ خوڕە بۆ بەلگراد!" ئەمە لەو ڕۆژەدایە، کە ئیمپراتۆریەتی قەیسەریی نەمسا-هەنگاریا جاڕی جەنگ دژی سێربیا دەدا و ئەمە بووە هۆی بەرپابوونی جەنگی گەورەی ١٩١٤ (کە بۆ برۆخ ڕووخانی بەهاکان و کاتی کۆتاییی سێینەکەی دەگەیەنێ.) بۆ ئەوەی بە بێ زیان لەم جیهانەدا بژی، شڤایک زیادەڕۆیی بە هەوادارییەوە بۆ سوپا، نیشتمان و قەیسەرەوە بە ڕادەیەک دەکا، کە کەس بە دڵنیاییەوە ناتوانێ بڵێ، ئاخۆ ئەو گەمژەیە یان قۆشمەیە. هاشەکیش ئەمەمان پێ ناڵێ؛ ئێمە هەرگیز نازانین، شڤایک بیر لە چی دەکاتەوە، کاتێ گەمژەیی خۆگونجاندنی نمایش دەکا و هەر لەبەرئەوەی ئێمە نایزانین، کونجکۆڵمان دەکا. ئەو لەسەر تابلۆی ڕێکلامی میوانخانەکانی هەمیشە کورتەباڵا و قەڵەو ئەو دەبینرێ، بەڵام وێنەکێشی بەناوبانگی کتێبەکە ئەوی بەو جۆرە وێنا کردووە، لە کاتێکدا هاشەک هەرگیز تاقە وشەیەکی لەبارەی دیمەنی شڤایکەوە نەوتووە. ئێمە نازانین، ئەو سەر بە چ ماڵباتێکە. هەرگیز لەگەڵ ژنێکدا نایبینین. بە بێ ژن دەردەبا؟ بە نهێنی دەیهێڵێتەوە؟ وەڵام نییە. بەڵام ئەوەی لەمەش گرینگترە: پرسیار نییە! دەمەوێ بڵێم: ئێمە هیچ بە لامانەوە گرینگ نییە، ئاخۆ شڤایک

حەزی لە ژنانە یان نا!

ئەمە وەرچەرخانێکی نابەرچاو لە هەمان کاتدا ڕادیکالی ئیستاتیکییە: بۆ ئەوەی فیگورێک "زیندوو"، "بەهێز"، هونەرمەندانە "لواو" دەرکەوێ، پێویست ناکا، هەموو زانیارییە شیاوەکان لەبارەیەوە بەدەستەوە بدرێ؛ پێویست ناکا، ئەو هەستە بێدار بکرێتەوە، ئەو وەکو ئێوە و من ڕاستییە؛ بۆ ئەوەی بەهێز بێ و لە بیر نەچێتەوە، ئەوە بەسە، کە ئەو پانتاییەی لەلایەن ڕۆماننووسەوە خوڵقێنراوە بەتەواوی پڕ بکاتەوە. (لەم کەشە ئیستاتیکییە نوێیەدا تەنانەت ڕۆماننووس خۆی لەوەدا بە دڵە، جاروبار ئەوە بیر بخاتەوە، کە هیچ شتێک لەوانەی دەیگێڕێتەوە، ڕاست نین، کە هەموو شتێک دۆزینەوەی خۆیەتی – وەکو فێلێنی، لە کۆتاییی پاپۆڕی خەونەکاندا هەموو پشتی شانۆ و هەموو میکانیزمەکانی شانۆی خەیاڵمان پێشان دەدا.)

## ئەو شتەی تەنیا ڕۆمان دەتوانێ بیڵێ

پێشهاتی پیاوە بێ خەسڵەتەکە لە ڤیەننا ڕوو دەدا، بەڵام ئەم ناوە لە ڕۆمانەکەدا، ئەگەر باش لە بیرم مابێ، تەنیا دوو یان سێ جار وتراوە. هەروەکو چۆن جاری جاران فیدلینگ وەسفی لەندەن دەکا، تەنیا دووجار ناوی ڤیەننا دەهێنرێ. هێشتا کەمتریش وەسف دەکرێ. ئەی ئەو شارە پەنهانە کامەیە، کە تیایدا یەکتربینینی گرینگی ئولریخ لەگەڵ ئاگاتەی خوشکیدا ڕوو دەدا؟ ئێوە ناتوانن بیزانن؛ شارەکە بە چیکی ناوی برنۆیە، بە ئەڵمانی بروین؛ من بە چەند وردەکارییەک بە ئاسانی ناسیمەوە، چونکە من لەوێ لەدایک بووم. هەر لەگەڵ ئەمەم گوت، سەرکۆنەی خۆمم کرد، بەمە مەبەستی موزیلم پێشێل کردووە. مەبەست؟ چ مەبەستێک؟ هیچی هەبووە بیشارێتەوە؟ نەخێر، نەخێر؛ مەبەستەکەی ئیستاتیکی ڕووت بوو: خۆی تەنیا بە شتی جەوهەرییەوە خەریک بکا؛ ئاگاییی خوێنەر بە چاودێریی ناپێویستی جوگرافییەوە خەریک نەکات.

مانای مۆدێرنیزم زۆرجار لە هەوڵی هەر هونەرێکدا و بۆ خۆی دەبینرێ، خۆی لە تایبەتمەندیی خۆیدا، ئەوەندەی دەکرێ لە جەوهەری خۆی نزیک ببێتەوە. چۆن شیعر هەموو شتێکی کە ڕەوانبێژی، فێرکاری، جوانکەر بوو فرێ دا، بۆ ئەوەی کانیی ڕوونی فەنتازیای شیعری هەڵقوڵێ. هونەری شێوەکاری وەزیفەی دۆکیومێنتاری، لاساییکەرەوەی خۆی ئافەرۆز کرد، هەموو ئەو شتانە، کە لە ڕێی هۆکاری ترەوە توانرا گوزارشتیان لێ بکرێ (بۆ نموونە وێنە). ئەی ڕۆمان؟ ئەویش مل نادا ببێتە وێنەی قۆناغێکی مێژوویی، وەسفی کۆمەڵگەیەک، بۆ بەرگری لە ئایدیۆلۆجیایەک لە ئارادا بێ و خۆی دەخاتە خزمەتی ئەو شتەوە، "کە تەنیا ڕۆمان دەتوانێ بیڵێ".

من ڕۆمانەکەی کێنزابورۆ ئۆم، مێگەلی بارەبارکەر، کە ساڵی ١٩٥٨ نووسراوە، بیر دەکەوێتەوە: دەستەیەک سەربازی سەرخۆشی سوپایەکی بیانی ئێوارەیەک سواری پاسێک دەبێ کە پڕە لە ژاپۆنی. دەست بەوە دەکەن، نەفەرێک، خوێندکارێک، ئازار بدەن. ناچاری دەکەن پانتۆڵەکەی دابکەنێ و پاشەڵی پێشان بدا. خوێندکارەکە لە دەوروبەری گوێی لە پێکەنینی چەپەرکراو دەبێ. بەڵام سەربازەکان بەم تەنیا قوربانییە دڵیان ئاو ناخواتەوە و نیوەی نەفەرەکان ناچار دەکەن، بە هەمان شێوە پانتۆڵەکانیان دابکەنن. پاسەکە دەوەستێ و سەربازەکان دادەبەزن و لێقەوماوەکان پانتۆڵەکانیان لە پێ دەکەنەوە. ئەوانی تر لە ناکاراییان بێدار دەبنەوە و ڕیسواکراوەکان ناچار دەکەن، بچن بۆ پۆلیس و ڕەفتاری سەربازەکان ڕابگەیەنن. یەکێکیان، مامۆستایەک، دوای خوێندکارەکە دەکەوێ: لەگەڵی دادەبەزێ، هەتا خانووەکەی لەگەڵی دەڕوا، دەیەوێ ناوی بزانێ، بۆ ئەوەی سووکایەتیپێکردنەکەی بە خەڵکی ڕابگەیەنێ و شکات لە بێگانەکان بکا. هەموو شتێک بە تەقینەوەی ڕقێک لە نێویاندا بەکۆتا دێت. چیرۆکێکی نایابی ترسنۆکی، شەرم، هەڵەشەیی سادیستی، کە جلی خۆشەویستی بۆ دادپەروەری لەبەر دەکا ... بەڵام من تەنیا لەبەر ئەوە باسی ئەم نۆڤێلە

دەکەم، بۆ ئەوەی بپرسم: ئەم سەربازە بێگانانە کێن؟ بێگومان ئەمەریکایی، کە دوای جەنگ ژاپۆنیان داگیر کرد. ئەگەر نووسەر بەناو باسی نەفەرە "ژاپۆنییەکان" دەکا، بۆچی ناوی ڕەگەزنامەی سەربازەکان ناهێنێ؟ ئاخۆ ئەمە سانسۆری سیاسییە؟ کاریگەری شێوازە؟ نەخێر. وێنای ئەوە بکەن، لە سەرجەمی نۆڤێلەکەدا نەفەری ژاپۆنی ڕووبەڕووی سەربازی ئەمەریکایی دەبنەوە! لەژێر قورسایی تەنیا ئەم وشە بە ئاشکرا گۆ کراوەدا نۆڤێلەکە دەبێتە دەقێکی سیاسی، شکاتکردن لە داگیرکار. دەستبەرداربوونی ئەم ئاوەڵناوە بەسە بۆ ئەوەی ڕەهەندی سیاسی لە نیوە تاریکیدا ون بێ و تیشک دەخرێتە سەر گرینگترین گرێ، کە ڕۆماننووس بە لایەوە گرینگە، گرێ بوونگەرایییەکە.

مێژوو بەجووڵانەوەکانیەوە، بە جەنگەکانیەوە، بە شۆڕش و دژە شۆڕشەکانیەوە، بە سوکایەتپێکردنە نەتەوەیییەکانیەوە خۆیان لە خۆیاندا بۆ ڕۆماننووس، وەکو بابەتێکی وەسفکەر، ناوزڕێنەر، ئاماژەبۆکراو گرینگ نین: ڕۆماننووس خزمەتکاری مێژوونووس نییە؛ مێژووی بە لاوە گرینگە، لەبەرئەوەی وەکو پرۆجەکتۆرێکە بە دەوری بوونی مرۆڤدا دەسووڕێتەوە، کە تیشکەکەی دەخاتە سەر ئەو، تیشک دەخاتە سەر ئەگەرە چاوەڕواننەکراوەکانی، لە کاتی ئاشتیدا، کە مێژوو وەستاوە، بە واقیع ناکرێن، نادیار و نەناسراو دەمێننەوە.

## ڕۆمانە بیرکەرەوەکان

ئەو داواکارییەی، کە ڕۆماننووس ئاگەدار دەکاتەوە، "بیر و هۆشی خۆی بخاتە سەر شتە جەوهەرییەکان" (سەر ئەو شتەی، کە "تەنیا ڕۆمان دەتوانێ بیڵێ")، هەق بەوانە نادا، کە تاودانەوەکانی نووسەر وەکو ڕەگەزێکی بە شێوەی ڕۆمان نامۆ ڕەت دەکەنەوە؟ واتە ئەگەر ڕۆماننووس هۆکارگەلێک بەکار دەهێنێ، کە هی خۆی نین، بگرە زیاتر هی زانا و فەیلەسووفەکانن،

ئاخۆ ئەمە نیشانەیەکی بێتوانایی نییە، کتومت ڕۆماننووس بێ و جگە لە ڕۆماننووس هیچی تر نەبێ، ئاخۆ ئەمە نیشانەی لاوازیی هونەرییە؟ جگە لەوە: تێرامانە پەرش و بڵاوەکان مەترسیی ئەوەیان نییە، هەڵسوکەوتی کەسەکان بکەنە تەنیا وێنەیەکی تێزەکانی نووسەر؟ ئەی: ئاخۆ هونەری ڕۆمان، بە زەینییەوە بۆ ڕێژەگەرایی ڕاستییەکانی مرۆڤ داوای ئەوە ناکات، کە بیروڕای نووسەر پەنهان بمێنێتەوە و هەموو تاودانەوەکان بۆ خوێنەر بن؟

وەڵامی برۆخ و مووزیل زۆر ڕوون بوو: لە ڕێی دەرگەیەکی زۆر ئاوەڵاوە ڕێیان دا بیرکردنەوە بێتە ناو ڕۆمانەوە کە هەرگیز پێشووتر ئەمە نەکرابوو. ئەو وتارەی بە ناونیشانی دارزانی بەهاکان ئاوێزانی خەوڕۆکان کراوە (بە دە بەش لە سێیەم ڕۆمانی بەناو سێینە پەرش و بڵاوەکەدا پێک دەهێنێ) بەدوای یەکداهاتنی ڕاڤە، تێرامان، قسەی نەستەقن لەبارەی بارودۆخی عەقڵی ئەوروپاوە لە سێ دەیەدا؛ مەحاڵە مرۆڤ بتوانێ بانگەشەی ئەوە بکا، ئەم وتارە بۆ شێوەی ڕۆمان نەگونجاوە، چونکە لە ڕێی ئەوەوە ئەو شوورەیە ڕووناک دەکرێتەوە، کە لەسەری چارەنووسی سێ بەشدارەکە نسکۆ دەهێنێ، لە ڕێی ئەوەوە سێ ڕۆمانەکە بۆ یەک ڕۆمان یەکانگیر دەکرێ. من ناتوانم هەرگیز پڕ بە دڵ جەغدی لێ بکەم: تاودانەوەیەکی وا بەرزی ڕۆشنبیرانە لە ڕۆمانێکدا ئاوێزان بکرێ و بە شێوەیەکی جوان، مۆسیقایی بکرێتە بەشێکی جیانەکراوەی بینا و یەکێکە لە بوێرترین نوێکردنەوەکان، کە ڕۆماننووسێک لە قۆناغی هونەری مۆدێرندا پرکێشی کردووە.

بەڵام ئەوەی لە دیدی منەوە گرینگترە: لەلای ئەم دوو ڤیەننایییە تاودانەوە ئیدی وەکو ڕەگەزێکی ناوازە، وەکو ناوبڕ تەماشا ناکرێ؛ سەختە، "لەباسلادان"یان ناو لێ بنرێ، لەبەرئەوەی لەباسلادان بێ وچان لە ڕۆمانگەلی بیرکەرەوەدا ئامادەیە، تەنانەت کاتێک ڕۆماننووس ڕووداوێک دەگێڕێتەوە یان وەسفی ڕووخسارێک دەکا. تۆڵستۆی یان جۆیس، وایان

کرد گوێمان لەو ڕستانە بێ، کە بە مێشکی ئانا کارینینا یان مۆلی بلومدا گوزەر دەکەن؛ موزیل پێمان دەڵێ، خۆی بیر لە چی دەکاتەوە، کاتێ نیگایەکی درێژ دەخاتە سەر لیۆ فیشەر و نمایشە شەوانەییەکانی:

"بەڵام ژووری نووستنی هاوبەش، ئەگەر تاریک کرابێ، پیاوێک دەخاتە باری ئەکتەرێکەوە، کە لە بەردەم بینەرانێکی نادیاردا دەبێ ڕۆڵی پاڵەوانێکی سوپاسگوزار، بەڵام زۆر سواو نمایش بکا، کە بە ئەفسوون شێرێک بە پرمەوە دێنێتە سەر شانۆ، چەندان ساڵە هۆڵی تاریکی بینەران نە بێدەنگترین چەپڵە نە بچووکترین نیشانەی ڕەتکردنەوەی لێوە دەرچووە و مرۆڤ دەتوانێ بڵێ، کە ئەم شتە توانیویەتی بەهێزترین ئەعساب بهەژێنێ. بەیانی لە کاتی بەرچایی خواردندا ... کلێمەنتینە وەکو تەرمێکی بەستوو و شکهەڵاتوو وابوو و لیۆش هەستیاری ڕای دەتەکاند. تەنانەت گێردای کچی هەموو جارێک کەمێک تێبینیی ئەوەی دەکرد و زۆر بە ترس و بە نابەدڵییەکی تاڵەوە وێنای ژیانی ژن و مێردایەتیی وەکو شەڕەپشیلە لە تاریکیی شەودا دەکرد." موزیل ئاوا دەچێتە "ناو ڕۆحی شتەکانەوە"، واتە "چوونە ناو ڕۆحی کۆرپەلە"ی فیشەڵی ژن و مێردەوە. بەهۆی درەوشانەوەی تاقە مەجازێکەوە، مەجازێکی بیرکەرەوە ڕووناکی دەخاتە سەر ژیانی سێکسیی ئێستا و ڕابردوویان و تەنانەت ژیانی داهاتووی کچەکەیان.

با جەغد لە شتە جەوهەرییەکان بکەین: تاودانەوە، بەو جۆرەی برۆخ و موزیل هێنایانە ناو ئیستاتیکای ڕۆمانی مۆدێرنەوە، هیچ پێوەندییەکی بە تاودانەوەی زانا یان فەیلەسووفێکەوە نییە؛ من تەنانەت دەڵێم، بە دەستی ئەنقەست نافەلسەفی، بەڵێ تەنانەت دژە فەلسەفییە، واتە بنەبڕکەرانە ناوابەستەی هەموو سیستەمی هزرێکە کە لە ئارادایە. حوکم نادا؛ جاڕی هەقیقەت نادا؛ پرسیار لە خۆی دەکا، سەری سووڕ دەمێنێ، دەیەوێ بگاتە بنج و بنەوان؛ شێوەکەی زۆر جیاوازە: مەجازییە، تەوسگەرایە، گریمانەییە، زیادەڕەوە، پڕە لە قسەی نەستەق، کۆمیدییە، شەڕەنگێزە، پڕ فەنتازیایە.

پێش هەموو شتێکیش: هەرگیز جوغزی ئەفسوونی ژیانی کەسەکان بەجێ ناهێڵێ؛ چونکە ژیانی کەسەکان خۆراکی دەداتێ و پاساوی دەدا.

لە ڕۆژی خۆپێشاندانێکی گەورەدا ئولریخ لە نووسینگەی گراف لاینسدۆرفی وەزیرە. خۆپێشاندانێک؟ دژی چی؟ ڕوونکردنەوە دەدرێتە دەست، بەڵام لاوەکییە؛ گرینگ دیاردەی خۆپێشاندان خۆیەتی: خۆپێشاندان لەسەر جادە مانای چییە؟ ئەم خۆسەرقاڵکردنێکە دەستەجەمعییە بۆ سەتەی بیستەم چی دەگەیەنێ؟ ئولریخ بە پەستییەوە لە پەنجەرەوەکەوە تەماشای خۆپێشاندەرەکان دەکا؛ کاتێ لە خوارەوە دەگەنە تەلارەکە، سەریان بەرز دەکەنەوە و تووڕەیی دایان دەگرێ، پیاوەکان بەگۆچەنەکانیان هەڕەشە دەکەن، بەڵام "چەند هەنگاوێک ئەولاتر، کە ڕێگەکە پێچی دەکردەوە و وا دەردەکەوت لە پشتەوەدا ون بێ، زۆربەیان دەستیان بەردابوو؛ بێمانا دەبوو، بە بێ بینەران هێشتا هەڕەشە بکرێ". لەبەر تیشکی ئەم مەجازەدا خۆپێشاندەران مرۆڤی تووڕە نین، ئەوان ئەکتەری تووڕەیین! هەر لەگەڵ نمایشەکە بەکۆتا دێت، پەلەیانە، "دەست هەڵگرن"! ماوەیەکی زۆر پێش ئەوەی سیاسەتناسەکان بیکەنە بابەتی خۆشەویستیی خۆیان، "کۆمەڵگەی نمایش" لە سایەی ڕۆماننووسێکەوە ئیشاعەی گیرابوو، لە سایەی "تێگەیشتنی خێرا و تیژی" (فیدلینگ) شتە جەوهەرییەکەی بارودۆخێک.

پیاوە بێ خەسڵەتەکە ئینسکلۆپیدیای بێ هاوتای بوونی سەرجەمی سەتەکەی خۆیەتی. ئەگەر بمەوێ ئەم کتێبە جارێکی تر بخوێنمەوە بە ئاسایی لامسەرلایی دەیکەمەوە، هەرچ لاپەڕەیەک بێ، بەبێ ئەوەی مشووری ئەوە بخۆم، چی پێشتر هاتووە و چی دواتر دێت؛ ئەگەر "چیرۆک"ێکیش هەبێ، لەسەرخۆ، نادیار بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێ، بەبێ ئەوەی بیەوێ هەموو ئاگەدارییەکە بۆ خۆی ڕابکێشێ؛ هەموو بەشێک بۆ خۆی شتێکی چاوەڕواننەکراوە، دۆزینەوەکەیە. بیرکردنەوەی لە هەموو شوێنێکدا ئامادە بە هیچ جۆرێک کارەکتەری ڕۆمانی لە ڕۆمانەکە نەسەندووەتەوە؛ شێوەکەی

دەوڵەمــەند كـردووە و بواری ئەوەی زۆر فـراوان كـردووە، كـە تەنیـا ڕۆمـان دەتوانێ بیدۆزێتەوە و بیڵێ.

## ئیتر سنووری ناشیمانەیی پاسەوانی ناكرێ

دوو ئەسـتێرەی گەورە ئاسـمانی سـەر ڕۆمـانی سەتەی بیسـتەمیـان ڕووناک كردەوە: سوریالیزم بەناوبانگی دڵڕفێنییەوە بۆ ئاوێتەكردنی خەون و ڕاستی و بـوونـگەرایی. كـــافكا زوو مـــــرد، بـۆ ئـەوەی بتـــوانـێ نـووســـــەران و پرۆگرامـەكانیـان بناسێ. بەڵام ئـەوەی جێگەی سـەرنجـە ئەو ڕۆمـانانەی ئەو نووسـیونی، پێشدەسـتی ئەم دوو ئاراسـتـە ئیسـتاتیكییـەی كردووە، لەوەش سـەرنج ڕاكێشتر، پێشانی دا، كە بەیەكەوە گرێ دراون.

ئەگـەر بەلزاک یـان فـلاوبێـر یـان پرۆست بیــانەوێ ڕەفـتــاری تاكـێک لە دەوروبەرێكی سـۆسیـالی تۆكمـەدا وەسف بكەن، هـەموو بەزاندنێكی شیمـانـە لە جێگەی خـۆیدا نییـە و لەلایەنی ئیـسـتـاتیكییـەوە پچڕپچڕە؛ بەڵام ئەگـەر ڕۆماننووس بایەخی سەرەكی بخـاتە سەر گیروگرفتێكی بوونگەرایـی، ئیدی بە مەرج پێویست نییە، جیهانێكی شیـمانەیی بۆ خوێنەر بخوڵقێنێ. نووسـەر دەتوانـێ ڕێ بەخـۆی بدا، لە بەرامـبـەر ئـەم ئامــرازی زانیــاری، وەسف، پاڵنـەرانە، كـە دەبێ ڕووكـەشیـیـەكی واقیـعی بە گـێـڕانەوەكـە بدا، زۆر بێ پەرواتر بێ. لە حاڵەتی تـایبـەتیشدا لەوانـەیە بەباشی بزانێ، كەسـەكانی بۆ جیهانێكی زۆر ئاشكرا مەحاڵ بگوازێتەوە.

دوای ئەوەی كـافكـا سنووری مـەحـاڵی بەزاند، ئـەو سنوورە بەبێ پـۆلیس، بەبێ گومرک، بۆ هـەمیشە بە كراوەیی مایەوە. ئەمە چركەسـاتێكی گەورە بوو لە مێژووی ڕۆمـاندا، بۆ ئەوەی لە زەینـی ئەو سـەهـوو سـەرهـەڵنەدا، یەكسـەر ئەوەی دەخەمە سـەر، كە ڕۆمانتیكییە ئەڵمانییەكانی سـەتەی نۆزدە پێشەنگ نـەبوون. خـــەیاڵی نایابیـــان مـــانـایەكی تری هـەبوو؛ پشــتكردنـە ژیانـی ڕاسـتـەقینـە، لە گەڕاندا بوون بەدوای ژیانێكی تردا؛ زۆر سـەروبەندی لەگەڵ

هونەری ڕۆمـانـدا نەبوو. کـافکا ڕۆمـانـتـیکی نەبوو؛ نۆڤـالیس، تیک، ئارنیم، ئـ.ت.ئا. هۆفـمـان لە دڵـیدا شـیـرین نەبوون. برێتـۆن حـەزی لە ئـارنیم بوو، کـافکا نەء، وەکو کوڕێکی لاو لەگەڵ برۆدی هـاوڕێیدا، بە جـۆش و خرۆشـەوە فـلاوبێـریـان بە فـرەنسی دەخـوێندەوە. لێـی کـۆڵـیـیـەوە. ئەو چاودێریکەرە گەورەیە مامۆستای بوو.

هەتـا ئاگـەدارتر، هـەتا ڕژدتر مـرۆڤ چاودێریی واقـیـعـێک بکا، ئـەوەندە باشـتر تێ دەگـا، کە هـاوتای ئەو وێنایە نییە، کـە هـەمووان بۆی هـەیانە؛ لەژێر نیگـایەکی درێژی کـافکادا هـەردەم زیاتـر خـۆی وەکـو نامـەنتـیـقی، واتە دژە مـەنتیق. واتە مـەحاڵ بـەیان دەکا. هەر ئەم نیگا درێژە چـاوبرسییەیە بەسـەر دنیـای واقـیـعـیدا کـافکا و دوای ئـەو ڕۆمـاننووسـی گـەورەی بـردە ئـەودیوی سنووری شیمانەوە.

## ئاینشتاین و کارل ڕۆسمان

نوکتە، سـەرگوزەشـتـە، چیرۆکی خۆش _ من نازانم، چ وشـەیەک بۆ ئەم شێوە چیرۆکە زۆر کورتە کۆمـیدیانە هەڵبـژێرم، کـە من پێشـووتر زۆر لەزەتم لێـیـان بینیـوە، چونکە پراگ پایەتەخـتی بوو. نوکـتـەی سـیـاسـی، نوکـتـە لەسـەر یەهوودی. نوکتە لەسـەر جووتیار. لەسەر پزیشک. شێوەیەکی سـەیری نوکتە لەسـەر پرۆفیـسـۆر، هەمیشـە نارێک و هـەمـیشـە، نازانم بۆچی، بە چەتری بارانەوە.

ئـاینشـتـاین تازە وانـەکـەی لە زانکـۆی پراگ کـۆتایی پێ هـێنابوو (بـەڵێ، مـاوەیـەک لەوێ وانـەی دەوتەوە) و دەیـەوێ بڕوا. "جـەنـابی پرۆفـیـسـۆر، چەترەکـەتان لەگـەڵ خـۆتان ببـەن، باران دەبارێ!" ئـاینشـتـاین بە دەم بیـرکـردنەوەوە لە سـووچێکی هـۆڵەکـەدا سـەیری چەترەکـەی دەکـا و بە خـوێندەکـارەکـە دەڵێ: "هـاوڕێی ئازیز، دەزانن، زۆرجـار چەترەکـەم لـە بیـر دەچێ، لـەبەر ئەوە دوو دانەم هـەیە. یەکـێکیـان لـە مـاڵەوەیە، دووەمـیـان لە

دانیشگه. بێگومان ئێستا دەتوانم لەگەڵ خۆم بیبەم، وەکو ئێوە دروست دەیڵێن، لە دەرەوە باران دەبارێ. بەڵام لە ئەنجامدا دوو چەترم لە ماڵەوە دەبێ و لێرە هیچ چەترم نابێ." دوای ئەم وشانە دەچێتە دەرەوە بۆ بەربارانەکە.

ئەمەریکای کافکا بە هەمان وێنەی چەترێکی وەڕسکەر، بێزارکەری بەردەوام ونبوو دەست پێ دەکا؛ کارڵ ڕۆسمان لە کاتی بەجێهێشتنی پاپۆڕەکەدا لە لەنگەرگای نیویۆرک بە جانتا قورسەکەیەوە دەکەوێتە ناو قەرەباڵغییەکەوە. لە پڕ چەترەکەی بیر دەکەوێتەوە، کە لە خوارەوە لەناو کەشتییەکە لە بیری چووە. جانتاکەی لەلای کوڕێکی گەنج بەجێ دەهێڵێ، کە لە کاتی سەفەردا ناسیویەتی، لەبەرئەوەی ڕێڕەوەکەی پشتەوەی لەبەر حەشاماتاکە گیراوە، لە پلیکانەیەکەوە کە ئەو شارەزای نییە دادەبەزێتە خوارەوە و لەناو ڕاڕەوەکەدا ڕێ ون دەکا، لە دواییدا لە دەرگەی کابینەیەک دەدا، کە پیاوێکی تێدا دەبینێ، تونچییەکی کەشتی، یەکسەر قسەی لەگەڵ دەکا و گازندە لە سەرکارەکانی دەکا؛ لەبەرئەوەی گفتوگۆکە تاوێک دەخایەنێ، داوا لە کارڵ دەکا لەسەر پێخەوەکە ڕاکشێ، بۆ ئەوەی ئیستراحەت بکا.

مەحاڵیی سایکۆلۆجیی ئەم بارودۆخە ڕوون و ئاشکرایە. بەڕاستی، ئەو شتەی بۆمان دەگێڕدرێتەوە ڕاست نییە! ئەمە نوکتەیە، لە کۆتاییدا کارڵ ڕۆسمان بێگومان بەبێ جانتا و بەبێ چەتر دەمێنێتەوە! بەڵێ، ئەمە نوکتەیە؛ تەنیا کافکا وای ناگێڕێتەوە، وەکو چۆن نوکتە دەگێڕدرێتەوە؛ بە پانی و درێژی، وردینەیی دای دەڕێژێ، هەموو نیشانەیەک ڕوون دەکاتەوە، بۆ ئەوەی لەلایەنی سایکۆلۆجییەوە جێی بڕوا دەرکەوێ؛ کارڵ بە زەحمەت سەردەکەوێتە سەر جێخەوەکە و بە شەرمەوە بە بێسەلیقەیی خۆی پێ دەکەنێ؛ دوای ئەوەی ماوەیەکی درێژ مشتومڕ لەبارەی ئەو سووکایەتییەوە دەکا کە بە تونچییەکە کراوە، لە پڕ چاوەڕواننەکراو بەرچاوڕوون دەڵێ، "لە

جیاتیی ئەوەی لێرە ئامۆژگاری بکا باشتر بوو جانتاکەی بهێنێ..." کافکا ماسکی شیمانە دەکاتە سەری مەحاڵ، کە بەم ڕۆمانە (و هەموو ڕۆمانەکانی) دڵڕفێنییەکی ئەفسوونی بێ ئەندازە دەبەخشێ.

## ستایشی نوکتەکان

نوکتە، سەرگوزەشتە، چیرۆکی خۆش – باشترین بەڵگەن، کە زەینی خەملاو بۆ ڕاستی و فەنتازیای گەڕیدەی ناو مەحاڵ بە باشترین شێوە لەگەڵ یەکتردا هەڵدەکەن. پانورگە تاقە ژنێک ناناسێ، کە حەز بکا بیخوازێ؛ لەگەڵ ئەوەشدا وەکو عەقڵی مەنتیقی، تیۆری، پێشبینیکەر بڕیار دەدا، کە یەکسەر پرسیاری بنەمایی ژیانی بۆ هەمیشە چارەسەر بکا: مرۆڤ دەبێ هاوسەرکاری بکا یان نا؟ ئەو لە پسپۆڕێکەوە بۆ لای یەکێکی تر ڕادەکا، لە فەیلەسووفەوە بۆ لای یاساناس، لەلای فاڵگرەوەیەکەوە بۆ لای فەلەکناسێک، لەلای شاعیرەوە بۆ لای ئاینزان، بۆ ئەوەی پاش تۆژینەوەیەکی زۆر بگاتە ئەو یەقینەی، کە بۆ ئەم پرسیارەی هەموو پرسیارەکان وەڵام لە ئارادا نییە. سەرجەمی کتێبی سێیەم جگە لە باسکردنی ئەم وەگەڕخستنی مەحاڵە باسی هیچی تر ناکا، ئەو نوکتەیە، کە خۆی دەکاتە سەفەرێکی درێژ و نامیهرەبانی کۆمیدی بەناو زانستی سەردەمی ڕابلێدا. (کە من دەخاتە سەر ئەو بیرەی  کە سێسەت ساڵ دواتر بوڤار و پێکوچێ بە هەمان شێوە نوکتەیەکی لە ڕێی زانستی کاتەوە درێژبووەوەیە کە بووەتە سەفەر.)

سێرڤانتس بەشی دووەمی دۆن کیخۆتە دەنووسێ، کاتێ بەشی یەکەم چەندان ساڵە بڵاو بووەتەوە و ناسراوە. ئەمە دەیگەیەنێتە بیرۆکەیەکی نایاب: ئەو کەسانەی دۆن کیخۆتە تووشیان دەبێ، وەکو پاڵەوانی زیندووی ئەو کتێبە دەیناسنەوە، کە خوێندوویانەتەوە؛ لەبارەی سەرچڵییەکانی پێشوویەوە مشتومڕی لەگەڵ دەکەن و دەرفەتی ئەوەی دەدەنێ، ڕاڤەی وێنە ئەدەبییەکەی خۆی بکا. بێگومان ئەمە شیاو نییە! ئەمە تەنیا فەنتازیایە! نوکتەیە!

ئەمجا ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو سێرڤانتس دەهەژێنێ: نووسەرێکی تر، نەناسراوێک پێشی کەوتووە، بەوەی درێژەپێدانی سەرچڵیی دۆن کیخۆتە بڵاو دەکاتەوە. لە تووڕەییدا هەڵچوو، سێرڤانتس لەسەر لاپەڕەکانی بەشی دووەم، کە ئێستا خەریکی نووسینیەتی تێر جنێوی پیسی پێ دەدا . بەڵام یەکسەر دوای ئەوە سوود لەم ڕووداوە ناخۆشە وەردەگرێ و بیرۆکەیەکی تری لێوە دەخوڵقێنێ: دوای هەموو نەگبەتییەکانیان دۆن کیخۆتە و سانچۆ شەکەت و غەمگین، بەڕێوەن بۆ گوندەکەیان، کاتێ دۆن ئەلڤارۆ ناوێک دەناسن، فیگورێک لە دزیی لەعنەتی نووسینەوە؛ ئەلڤارۆ سەری سووڕ دەمێنێ، کاتێ ناوەکانیان دەبیستێ، چونکە ئەو زۆر باش دۆن کیخۆتەیەک و سانچۆیەکی بە تەواوی جیاواز دەناسێ! تووشی یەکبوونەکە چەند لاپەڕەیەک پێش کۆتاییی ڕۆمانەکە ڕوو دەدا: ڕووبەڕووکردنەوەیەکی سەرلێشێوێنەرانەی فیگورەکان لەگەڵ تارماییەکانی خۆیاندا؛ بەڵگەی بنەبڕکەری درۆی هەموو شتەکان؛ تریفەی میلانخۆلی دوا نوکتەیە، نوکتەی ماڵئاوایی.

لە فێردیدەرکی گۆمبرۆڤیچدا پرۆفیسۆر پیمکۆ بڕیار دەدا یۆیۆی سی ساڵان بکاتە لاوێکی شازدە ساڵی، بەوەی ناچاری دەکا، ڕۆژەکانی لەسەر تەختەیەکی قوتابخانە بەسەر بەرێ، وەکو خوێندکارێکی ناو خوێندکارەکان. لەم بارودۆخە شانۆی تەوسئامێزەدا پرسیارێکی زۆر قووڵ حەشارە: ئاخۆ گەورەیەک، کە هەمووان بەڕێکوپێکی وەکو لاوێک ڕەفتاری لەگەڵ دەکەن، ئاگاییی تەمەنی ڕاستەقینەی لە دەست دەدا؟ گشتیتر: مرۆڤ بەو جۆرەی لێ دێ، چۆن ئەوانی تر دەیبینن و مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، یان ئەو وزەیە دەدۆزێتەوە، لەگەڵ هەموو شتێکدا و دژی هەمووان، شوناسنامەی خۆی بپارێزێ؟

سەرگوزەشتەیەک، نوکتەیەک وەکو بنەما بۆ ڕۆمانێک بەکار بهێنێ دەبوو بۆ خوێنەرەکانی گۆمبرۆڤیچ وەکو شەڕەنگێزیی مۆدێرنیستێک دەربکەوێ.

بەرەوایی: ئەمە شەرەنگێزی بوو. بەڵام رەگی لە رابردوویەکی زۆر دووردا داکوتابوو. لەو کاتەدا، کە هونەری رۆمان لە شوناسنامەکەی و ناوەکەی هێشتا دڵنیا نەبوو. فیدلینگ ناوی نابوو نووسینی- پەخشانی- کۆمیدی- داستانی؛ مرۆڤ دەبێ ئەمە هەموو کات لە مێشکیدا بهێڵێتەوە: کۆمیدیا یەکێک بوو لە فریشتەکانی مەتەڵ بەسەر لانکەی رۆمانەوە.

## مێژووی رۆمان لە روانگەی کارخانەکەی گۆمبرۆڤیچەوە

رۆماننووسێکی تر لەبارەی هونەری رۆمانەوە قسە دەکا کەمێک جیاوازە لەوەی کە پرۆفیسۆرێک سەر دوانگەوە وانە دەڵێتەوە. ئێوە وێنای زیاتر وەکو نیگارکێشێک بکەن، کە بۆ وەرشەکەی بانگهێشتنتان دەکا، ئێوە ئەو تابلۆیانە لە هەموو لایەکەوە تەماشا دەکەن کە بە دیوارەکانەوە هەڵواسراون. باسی خۆی دەکا، بەڵام پتر باسی ئەوانی تر دەکا، باسی رۆمانەکانیان، کە ئەو حەزی لێیانە و لە کارەکانی خۆیدا بەپەنهانی ئامادەن. سەرجەمی رابردووی مێژووی رۆمان سەرلەنوێ لە بەردەمتاندا نمایش دەکا و بیرێکی شیعرییەتی رۆمانی خۆیتان دەداتێ، کە تەنیا هی ئەمە و لەبەر ئەوە بێگومان بە پێچەوانەی شیعرییەتی ئەوانی ترەوەیە. بەم شێوەیە ئەو هەستەتان لەلا دروست دەبێ، بە سەرسامییەوە دابەزنە خواری خوارەوەی کەشتییەکەی مێژووەوە، کە لە مشتومڕدا، لە ناکۆکیدا، لە بەیەکداداندا بڕیاری داهاتووی رۆمان دەدرێ، پەرەی پێ دەدرێ، بە واقیع دەکرێ.

١٩٥٣، لە ساڵی یەکەمی بیرەوەرییەکانیدا (کە لە شازدە ساڵی داهاتوودا هەتا مردنی درێژەی پێ دەدا)، ڤیتۆڵد گۆمبرۆڤیچ نموونە لە نامەی خوێنەرێک دەهێنێتەوە: "خۆتان خۆتان راڤە مەکەن! تەنیا بنووسن! حەیف دەبێ، ئەگەر فریوی ئەوە بخۆن، پێشەکی بۆ کارەکانی خۆتان بنووسن، پێشەکی یان راڤە!" گۆمبرۆڤیچ وەڵامی دەداتەوە، ئەو لەمەودواش "ئەوەندەی بکرێ و هەتا بکرێ بەدرێژی" خۆی روون دەکاتەوە، چونکە نووسەرێک، کە

له توانایدا نەبێ، لەبارەی کتێبەکانی خۆیەوە بدوێ، ئەوا "نووسەرێکی تەواو نییە". با ماوەیەک لە وەرشەکەی گۆمبرۆڤیچدا بمێنینەوە. ئەمە لیستێکی دڵخواز و نادڵخوازەکانیەتی: "شێوەی مێژووی ڕۆمانی شەخسیی خۆی":

له هەموو ئەوانی تر زیاتر حەزی لە ڕابلێیە. (کتێبەکان لەبارەی گارگانتوا و پانتاگرویێل لە کاتێکدا نووسران، کە ڕۆمانی ئەوروپایی، هێشتا زۆر لە هەموو ڕێساکانەوە دوور بوو، تازە لەدایک بووبوو؛ ئەگەریان لێ دەڕژێ، کە مێژووی داهاتووی ڕۆمان بە واقیع دەکا یان ئافەرۆز دەکا، بەڵام هەموویانمان وەکو ورووژێنەر بۆ دەمێنێتەوە: سەفەر بۆ مەحاڵ، شەڕەنگێزی ڕۆشنبیری، ئازادیی شێواز. خۆشەویستی گۆمبرۆڤیچ بۆ ڕابلیە زەینی مۆدێرنیزمی ئەو بەیان دەکا: نەریتی ڕۆمان ڕەت ناکاتەوە، ئەو داوای دەکا، بەڵام بە تەواوی و سەرومڕ داوای دەکا، بە ئاگەدارییەکی تایبەتەوە بۆ چرکەساتی نایابی پەیدابوونی.)

له هەمبەر بەلزاکدا زیاتر بێ پەروایە. (لە دژی شیعرییەتی ئەو بەرگری لە خۆی دەکا، کە لەو سەروبەندەدا کرابووە مۆدێلی ڕێسای ڕۆمان.)

حەزی لە بۆدلێرە. (ئەو هەواداری شۆڕشی شیعری مۆدێرنە.)

بە پرۆست سەرسام نییە. (دووڕیانێک: پرۆست گەیشتووەتە کۆتاییی سەفەرێکی مەزن، کە هەموو ئەگەرەکانی بەکار هێناوە؛ گەڕان بەدوای شتی نوێدا بووەتە خولیای، گومبرۆڤیچ دەتوانێ تەنیا ڕێگەیەکی تر بگرێتە بەر.)

نزیکەی هیچ ڕۆماننووسێکی هاوچەرخی بە دڵ نییە. (نووسەران زۆرجار کەلێنی باوەڕنەکردەنی خوێندنەوەیان هەیە: گۆمبرۆڤیچ نە برۆخی خوێندووەتەوە نە موزیل؛ لەبەر تووڕەیی لەو خۆباییانەی کافکایان بەزۆر کردووەتە هی خۆیان مەیلێکی تایبەتی بۆ کافکا نییە؛ حەز بە ئەدەبی ئەمەریکای لاتینی ناکا؛ گاڵتەجاڕیی بە بۆرخێس کرد، کە بۆ زەوقی ئەو زۆر ڕواڵەتباز بوو و لە ئەرجەنتین لە دوورەپەرێزیدا ژیا؛ تەنیا ئێرنێستۆ ساباتۆ بایەخی بەو دەدا و گۆمبرۆڤیچیش هاوسۆزیی بۆ ئەو هەبوو.)

حەزی لە ئەدەبی پۆڵۆنی سەتەی نۆزدە نییە (بۆ ئەو زۆر ڕۆمانتیکییە).

بەشێوەیەکی گشتی لە بەرامبەر ئەدەبی پۆڵۆنیدا بە پارێزە. (هەستی دەکرد هاووڵاتییەکانی خۆشیان ناوێ؛ بەڵام پارێزەکەی کینە نییە، تەنیا گوزارشت لە قێزێک دەکات، لە جلی زۆردارەکی ناوکۆیی بچووکدا قەتیس بکرێ. لەبارەی توڤیمی شاعیری پۆڵۆنییەوە دەڵێ: "لەبارەی هەموو شیعرێکییەوە دەتوانین بڵێین، کە – مایەی سەرسامییە –، بەڵام ئەگەر پرسیارمان لێ بکرێ، توڤیم بە چی توخمێکی توڤیمی شیعری جیهانی دەوڵەمەند کردووە، سووک و سانا هیچ وەڵامێکمان پێ نییە.")

حەزی لە ئەڤەندگاردی سالآنی بیست و سییەکانە. (لەگەڵ ئەوەشدا لە هەمبەر ئایدیۆلۆجیای "پێشکەوتنخوازی" و لە هەمبەر "لایەنگری – مۆدێرنیزمی– مۆدێرنیان" دوودڵە، بەڵام لە تاسەیاندا بۆ شێوازی نوێ و ئازادیی فەتنازیا لەگەڵیاندایە؛ ئامۆژگاریی نووسەرێکی لاو دەکا: لە سەرەتاوە بیست لاپەڕە بەبێ هیچ کۆنترۆڵێکی ئەقڵانی بنووسێ، ئەمجا جارێکی تر زۆر ڕەخنەگرانە بیخوێنێتەوە، شتە جەوهەرییەکانی بهێڵێتەوە و لە نووسین بەردەوام بێ. وەکو ویستبێتی ئەسپێک کە ناوی "مەستی"یە بە تەنیشت ئەسپێکی مەشقپێکراوی تر کە ناوی "ڕوونی"یە لەپێش گالیسکەی ڕۆمانەوە ببەستێتەوە.)

ڕقی لە "ئەدەبی دەروەست" دەبێتەوە. (ئەوەی مایەی سەرنجە: زۆر دژی ئەو نووسەرانە وتار نادات، کە ئەدەبیان خستبووە ژێر خەباتی دژە کاپیتالیزمەوە. بۆ ئەو نموونەی "ئەدەبی دەروەست"، ڕۆماننووسی لە پۆڵۆنیا کۆمۆنیستەکەیدا قەدەغە، ئەو ئەدەبەی لەژێر ئاڵای دژە کۆمۆنیستی مارشکەردا. لە یەکەم ساڵی یاداشتنامەکەیدا سەرکۆنەی مانیخایزم[٢] و

---

٢. بڕوا بوون بە ناکۆکی نێوان باشی (ڕووناکی، خودا، گیان) و خراپی (تاریکی، شەیتان، لەش).

ساکارکردنەکانیان دەکا.)

ئەڤاندگاردی ساڵانی پەنجاکان و شەستەکان لە فرەنسا، پێش هەموو شتێک "ڕۆمانی نوێ" و "ڕەخنەی نوێ" (ڕۆلاند بارت) حەز لێ ناکا. (لەبارەی ڕۆمانی نوێوە: "ئەمە کەمە. ئەمە تاکنەوایە... سۆپیلیپیزمانەیە[3]. ئاوی خۆهێنانەوەیە..." لەبارەی "ڕەخنەی نوێوە": "هەتا ژێرانەتر بێ، ئەوەندە گەمژانەترە." ئەو تەنگوچەڵەمەیە ئەو پەست دەکا، کە ئەم ئەڤاندگاردە نوێیانە نووسەرەکانی دەخەنە بەردەم: یان مۆدێرنیزم بە بۆتەقەی ئەوان (ئەو مۆدێرنیزمەی، کە ئەو وەکو زمانی پسپۆڕانە، ئەکادیمی، دۆگمایی، بەبێ پێوەندی بە نەریت و بەبێ پێوەندی بە واقیعەوە دەبینێ) یان هونەری تەقلیدی، کە بەبێکۆتایی هەمان شێواز بەرهەم دەهێنێتەوە. بۆ گۆمبرۆڤیچ مۆدێرنیزم مانای وایە: بەدۆزینەوەی نوێوە بەسەر ڕێگەی بە میرات بۆ ماوەوە بەرەو پێشەوە بڕۆی. ئەوەندەی کە شیاو بێ. هەتا ڕێگەی بە میرات بۆ ماوەوەی ڕۆمان لە ئارادا بێ.)

## کیشوەرێکی تر

سێ مانگ دوای ئەوە بوو کە سوپای ڕووسیا چیکۆسلۆڤاکیای داگیر کرد؛ ڕووسیا هێشتا لە توانایدا نەبوو، بەسەر کۆمەڵگەی چیکیدا سەروەر بێ، کە لە ترسدا، بەڵام (هێشتا چەند مانگێک) لە ئازادییەکی زۆردا ژیا. یەکەتیی نووسەران، بەوە تاوانبار دەکرا، موکۆیەکی دژە شۆڕش بێ، هێشتا خانووەکانی خۆی هەبوو، کۆواری خۆی هەبوو، هێشتا پێشوازیی لە میوانان دەکرد. ئەو کاتە سێ ڕۆماننووسی ئەمەریکای لاتین، خولیۆ کۆرتێزار، گابریل گارسیا مارکیز و کارلۆس فوێنتەس بە بانگهێشتنێک هاتن بۆ پراگ. لە سیفەتیانیاندا وەکو نووسەر نابەرچاو هاتن. بۆ ئەوەی

٣. تێگەیشتنێکی فەلسەفییە کە دەڵێت مرۆڤ تەنیا هەست بە بەسەرهاتەکانی خۆی دەکات و هیچی تر.

ببین. بۆ ئەوەی تێ بگەن. بۆ ئەوەی پشتگیریی هاوەڵە چیکییەکانیان بکەن. هەفتەیەکی لە بیرنەچووەوەم لەگەڵیاندا بەسەر برد. بووینە هاورێ. بە کورتی دوای سەفەرکردنیشیان توانیم دەستنووسەکانی وەرگێڕانی چیکی سەد ساڵ تەنیایی بخوێنمەوە.

من بیرم لەوە کردەوە، سوریالیزم هونەری ڕۆمانی بەتەواوی نەفرەت کرد، وەکو دژە شیعرییەت مۆرکی لێ دا، وەکو بۆ هەموو ئەو شتانە داخراو بێ، کە خەیاڵی ئازادە. ڕۆمانەکەی مارکیزیش جگە لە خەیاڵی ئازاد هیچی تر نییە. یەکێک لە کارە مەزنەکانی شیعر، کە من بیناسم. هەموو ڕستەیەک لە دەوڵەمەندیی خەیاڵدا دەجریوێتەوە، هەموو ڕستەیەکی غافڵگیرییە، شاگەشکەییە: وەڵامێکی برەرە بۆ ئەو ڕقەی لە ڕۆمان لە مانیفێستی سوریالیزمدا جاڕی بۆ دراوە (لە هەمان کاتیشدا پەسندانێکی نایابی سوریالیزمە، هەژێنەری، عەقڵی، کە بەناو سەتەدا تێپەڕیوە).

ئەمە ئەوەش دەسەلمێنێ، کە هەڵبەست و شیعری عاتیفی جووتە چەمک نین، بگرە چەمکگەلێکن، کە دەبێ باش لەیەک جودا بکرێنەوە. شیعری گارسیا مارکیز هیچ پێوەندییەکی بە شیعری عاتیفییەوە نییە، نووسەر دانپێدانان ئەنجام نادا، ڕۆحی ناکاتەوە، ئەو تەنیا بەجیهانی بابەتی سەرمەستە، بۆ دەوروبەرێکی دەگوازێتەوە، کە تیایدا هەموو شتێک ڕاست، مەحاڵ و لە هەمان کاتدا ئەفسووناوییە.

شتێکی تریش: هەموو ڕۆمانێکی گەورەی سەتەی نۆزدە دیمەنی کردووەتە توخمی بنەڕەتی بیناکاری. ڕۆمانەکەی گارسیا مارکیز لەسەر ڕێگەیەکە، کە بە ئاراستەی پێچەوانەوە دەڕوا: لە سەت ساڵ تەنیاییدا دیمەن نییە! بە تەواوی لە تەوژمی مەستی گێڕانەوەدا تواونەتەوە. من نموونەیەکی تر بۆ شێوازێکی وا ناناسم. وا دەردەکەوێ، وەکو ڕۆمان بۆ لای گێڕەرەوەیەک گەڕابێتەوە، کە وەسفی هیچ ناکا، تەنیا دەگێڕێتەوە، بەڵام بەئازادییەکی فەنتازیای واوە دەگێڕێتەوە، کە مرۆڤ پێشووتر هەرگیز نەیبینیوە.

## پرده زیوینەکە

چەند ساڵێک دوای بەیەکگەیشتنەکە لە پراگەوە ماڵم گواستەوە بۆ فەرەنسا، لەوێ، ڕێککەوت وا بوو، کارلۆس فوێنتەس باڵیۆزی مەکسیک بوو. من ئەو کاتە لە ڕێنێ دەژیام، لە سەفەرە کورتەکانمدا بۆ پاریس لەلای ئەو لە هەورەبانێکی باڵیۆزخانەدا دەمامەوە لەگەڵیدا بەرچاییم دەخوارد، کە هەمیشە بۆ مشتومڕی بێکۆتایی درێژ دەبووەوە. لە پڕ ئەوروپای ناوەڕاستی خۆم بە دراوسێی چاوەڕواننەکراوی ئەمەریکای لاتین دەبینی: دوو کەناری ئەمسەر و ئەوسەری هاوپێچەوانەی ڕۆئاوا؛ دوو وڵاتی لەبیرکراوی، قێزەونی، ئافەرۆزکراو، دوو وڵاتی وەدەرنراو و بەشگەلێکی کە بە بەهێزترین ئەزموونی ڕاتەکێنی باڕۆک خەملاوی جیهانن. من وتم ڕاتەکێن، لەبەرئەوەی باڕۆک وەکو هونەری داگیرکەر بۆ ئەمەریکای لاتینی هاتووە و لەبەرئەوەی لەلایەن دژە ڕۆشنگەرییەکی بە تایبەتی خوێناوییەوە بۆ وڵاتەکەی من هێنراوە، ئەو شتەی ماکس برۆدی پاڵناوە، پراگ بە "شاری بەدناک" ناوزەد بکا؛ من دوو بەشی جیهانی بە هاوپەیمانیی پڕ نهێنی ئاگەداری بەدی و جوانیم بینی.

گفتوگۆمان کرد، پردێکی سووکی، تروسکەداری، درەوشاوەی زیوین وەکو پەلکەزێڕینەیەک بەسەر سەدەکەدا لە نێوان ئەوروپای ناوینی بچووکی من و ئەمەریکای لاتینی گەورەدا بەرز بووەوە، پردێک، کە پەیکەرە جەزبە گرتووەکانی ماتیاس براون لە پراگ و کڵێسا سەرنج ڕاکێشەکانی مەکسیکی بەیەکەوە دەبەستەوە.

بیرم لە خزمایەتییەکی تریش لە نێوان هەردوو وڵاتەکەماندا کردەوە: شوێنگەیەکی گرینگیان لە پەرەسەندنی ڕۆمانی سەتەی بیستەمدا گرتووە: لە سەرەتاوە ڕۆماننووسەکانی ساڵەکانی بیست و سییەکان (کارلۆس لە بەرامبەر مندا خەوڕۆکانی هێرمان برۆخی بە گرینگترین ڕۆمانی سەتە ناو

برد)؛ ئەمجا، پتر لە بیست، سی ساڵ دواییتر، ڕۆماننووسەکانی ئەمریکای لاتین، هاوچەرخەکانم.

نازانم کەی ڕۆمانەکانی ئێرنستۆ ساباتۆم دۆزییەوە؛ لە کارەکەیدا، عیزرائیل ١٩٧٤)، کە تاودانەوەی لێ دەپژێ وەکو چۆن لە کاتی خۆیدا ڕۆمانەکانی دوو ڤیەننایییەکە تاودانەوەیان لێ دەپژا، دەقاودەق دەڵێ: ئەو دنیایەی فەلسەفە بەجێ هێشتووە سەتان ڕشتەی زانست لەتوپەتیان کردووە ڕۆمانمان وەکو دوا ڕوانگە بۆ دەمێنێتەوە، کە لەوێوە مرۆڤ بتوانێ بەسەر سەرجەمی ژیانی مرۆڤدا بڕوانێ.

نیو سەتە پێش ئەو، لەلایەکەی تری هەسارەکەوە (پردە زیوینەکە بەسەر سەرمەوە کەوتە لەرزین)، خەوڕۆکەی بڕۆخ و پیاوە بێ خەسڵەتەکەی موزیل بیریان لە هەمان شت کردووەتەوە. لە کاتێکدا، سوریالیستەکان شیعریان بۆ بەرزترین ئاستی هونەرەکان بەرز کردەوە، ئەمان ئەم شوێنە هەرە بەرزەیان بۆ ڕۆمان تەرخان کرد.

بەشی چوارەم

# ڕۆماننووس چییە؟

## مرۆڤ بۆ ئەوەی تێ بگا، دەبێ بەراورد بکا

کە هێرمان برۆخ بیەوێ فیگورێک پوختە بکاتەوە، یەکەم جار پەی بەرەفتاری بنەکی دەبا و ئەمجا هەنگاو بەهەنگاو لە سیما تایبەتییەکانی نزیک دەبێتەوە. لە ئەبستراکتەوە بەرەو تۆکمەیی دەچێ. (ئێش) بەشداریی دووەمی رۆمانی خەورۆکانە. برۆخ دەڵێ، (ئێش) بەپێی جەوهەری خۆی یاخییە. یاخی چییە؟ برۆخ جارێکی تر دەڵێ، باشترین میتۆد، بۆ ئەوەی لە دیاردەیەک تێ بگەی، بەراوردە. برۆخ یاخییەکە لەگەڵ تاوانبارێکدا بەراورد دەکا. تاوانبار چییە؟ تاوانبار کۆنەخوازێکە، کە پشت بە رێسای چەسپاو دەبەستێ و تیایدا جێی خۆی خۆش دەکا، وەکو پیشە لە دزی و فرۆفێڵەکانی دەروانێ، کە ئەویش وەکو هەموو ئەوانی تر دەکاتە هاووڵاتی. بەپێچەوانەوە یاخی دژی رێسای چەسپاو دەوەستێتەوە، بۆ ئەوەی بیخاتە ژێر سەروەریی خۆیەوە. (ئێش) تاوانبار نییە. برۆخ دەڵێ، یاخییەکە وەکو لوتەر یاخی بوو. بەڵام بۆچی باسی (ئێش) دەکەم؟ لە راستیدا من رۆماننووسم بە لاوە گرینگە! مرۆڤ دەتوانێ لەگەڵ کێدا بەراوردی بکا؟

## شاعیر و رۆماننووس

مرۆڤ دەتوانێ رۆماننووس لەگەڵ کێدا بەراورد بکا؟ لەگەڵ شاعیری لیریکیدا. هێگل دەڵێ ناوەرۆکی لیریک شاعیر خۆیەتی، "وشە دەبەخشێتە ناخی خۆی"، بۆ ئەوەی ئەو هەستانە، ئەو باری سۆزانە لەلای گوێگرەکانی بورووژێنێ، کە خۆی هەستیان پێ دەکا. تەنانەت ئەگەر شیعرەکە مامەڵە لەگەڵ تێمای "بابەتی" دەرەوەی ژیانیشی بکا، "شاعیری گەورەی لیریکی لە

حاڵەتێکی وادا هەر زوو لە بابەتی ڕاستەقینە لادەدا و خۆی نمایشی دەکا".

مۆسیقا و شیعر بە بەراورد تابلۆکێشان باشییەکیان هەیە: هێگل دەڵێ، لیریکییەت. هێگل بەردەوام دەبێ و دەڵێ، لە لیریکییەکدا مۆسیقا دەتوانێ لە شیعر زۆرتر بڕوا، چونکە لە توانایدایە، پەنهانترین هەڵچوونەکانی جیهانی ناوەوە لە خۆی بگرێ، کە وشە پێی ناگا. واتە هونەرێک هەیە، لەم حاڵەتەدا مۆسیقا، کە لە شیعری لیریکی خۆی لیریکیترە. لەمەوە دەتوانین ئەنجامگیری بکەین، کە چەمکی لیریکی خۆی بۆ لقێکی ئەدەب (شیعری لیریکی) سنووردار ناکا، بگرە شێوەیەکی بوون ناوزەد دەکا و کە شاعیری لیریکی تەنیا نموونەییترین بەرجەستەکردنی ئەو مرۆڤەیە، کە بە ڕۆحی خۆی و ئەو ئارەزووەوە مەستە بە گوێی خەڵکیاندا بدا.

لەمێژەوە لاوی بۆ من تەمەنی لیریکییە، واتە ئەو تەمەنەی، کە تاک تیایدا، نزیکەی هەموو بیرکردنەوەی لە خۆیدا چڕ کردووەتەوە، لە توانایدا نییە، جیهانی دەوروبەری بە ڕوونی ببینێ، لێی تێ بگا، حوکمی بەسەردا بدا. ئەگەر مرۆڤ لەم گریمانەیەوە دەست پێ بکا (کە بە پێویست شێوازگەرە، بەڵام بۆ من وەکو شێوازێکی گونجاو دەردەکەوێ)، ئەمجا گواستنەوە لە ناپێگەیشتوییەوە بۆ پێگەیشتویی تێپەڕاندنی ڕەفتاری لیریکییە.

کاتێ سەرەتای گەشەکردنی ڕۆماننووسێک بە شێوەی گێڕانەوەیەکی نموونەیی، "ئەفسانە"یەک وێنا دەکەم، ئەو سەرەتای گەشەکردنە وەکو مێژووی وەرگەڕان دەبینم؛ ساولوس دەبێتە پاولوس؛ ڕۆماننووس لە وێرانەی جیهانی لیریکیی خۆی بەرز دەبێتەوە.

## مێژووی وەرگەڕانێک

چاپی کتێبی بەرباخەڵی مەدام بۆڤاری ١٩٧٢ لە ڕەفەی کتێبخانەکەم دەردەهێنم. دوو پێشەکیی لە خۆی گرتووە، یەکێکیان هی هینری مۆنتەرلای نووسەرە، ، ئەوی تریان هی ماوریس باردێشەی ڕەخنەگری ئەدەبییە.

هەردووکیان بەردەرگەکەیان لێی گرتووە و لە هەمبەر کتێبەکە بە نەزاکەتی دەزانن، خۆیان دوورەپەرێز پێشان بدەن. مۆنتەرلا: "نە ئەقڵ ... نە شتێکی نوێ لە بیرکردنەوەدا ...، نە بزێوی لە گوزارشتدا نە شتی چاوەڕواننەکراو، نە گەڕانی قووڵ بەناو دڵی مرۆڤدا، نە داڕشتنی ڕەسەن نە شێواز، نە نوکتە: فلاوبێر بە ئەندازەیەکی باوەڕنەکردەنی لە بلیمەتیی کەمە." درێژەی پێ دەدا، مرۆڤ دەتوانێ لەوەوە شتێک فێر بێ، بەڵام تەنیا بەو مەرجەی، کە مرۆڤ لەوە زیاتر بەهای بۆ دانەنێ، کە هەیەتی و کە مرۆڤ دەزانێ، "لە هەمان مەعدەن نییە وەکو ڕاسین، سان سیمۆن، شاتەبریان، میشلا".

باردێشە ئەم حوکمە دەسەلمێنێ و باسی سەرەتای سەرهەڵدانی بەرهەمی فلاوبێر دەکا: لە سێپتەمبەری ١٨٤٨دا، لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵیدا، فلاوبێر بۆ چەند هاوڕێیەکی کەمی دەستنووسی فریوەکانی ئەنتۆنیۆسی پیرۆز دەخوێنێتەوە، "پەخشانی گەورەی ڕۆمانتیکییەکەی"، کە تیایدا (من هێشتا هەر باردێشە ئیقتباس دەکەم) "هەموو دڵی، هەموو جۆش و خرۆشی"، سەرجەمی "بیرکردنەوەی قووڵی" خستووەتە ناوییەوە. ڕەتکردنەوەکە یەکدەنگە و هاوڕێکانی ئامۆژگاریی دەکەن، خۆی "لە بەرزفڕییە ڕۆمانتیکییەکان"ی، لە "هەژانە لیریکییە گەورەکان"ی ڕزگار بکا. فلاوبێر بە قسەیان دەکا و سێ ساڵ دوای ئەوە، لە سێپتەمبەری ١٨٥١دا، دەست بەوە دەکا، مەدام بۆڤاری بنووسێ. باردێشە دەڵێ، "بە بێ خۆشی" دەینووسێ، وەکو "سزایەک"، کە لە نامەکانیدا "هەمیشە سکاڵا لە کارەکەی دەکا و دەناڵێنێ": "بۆڤاری وەڕەسم دەکا، بۆڤاری بێتاقەتم دەکا، لە بازاڕیی تێماکەدا دڵم تێک هەڵدێ"،... هتد.

بۆ من مەحاڵ دەردەکەوێ، کە فلاوبێر "هەموو دڵی، هەموو جۆش و خرۆشی" چەپەر کردبێ، تەنیا بۆ ئەوەی بە ناچاری ویستی هاوڕێکانی بەجێ بهێنێ. نەخێر، ئەوەی باردێشە دەیگێڕێتەوە چیرۆکی خۆوێرانکردن نییە. ئەمە چیرۆکی وەرگەڕانە. فلاوبێر تەمەنی سی ساڵە، چرکەساتێکی

ڕاسته، بۆ ئەوەی قۆناغی نێوان کرمۆکەیی و مێرووی تەواوی لیریکی ببڕێ. که له دواییدا گازاندەی ئەوە دەکا، فیگورەکانی مامناوەندین، ئەمە ددانناته بەوەدا، هونەری ڕۆمان و کایەی تۆژینەوەی، واته پەخشانی ژیان، بۆی بوونەته شەیدایی.

## تیشکی ناسکی کۆمیدی

دوای ئێوارەکۆڕێک به ئامادەییی مەدام ئارنو، که فریدریک حەزی لێ کردووه، له پەروەردەکردنی هەستەکاندا فریدریک به داهاتووی مەسته و دەگەڕێتەوه بۆ ماڵەوه و دەچێته بەردەم ئاوێنه. من ئیقتباس دەکەم: "خۆی جوان هاته بەرچاو و به درێژاییی خولەکێک سەیری خۆی کرد."

"به درێژاییی خولەکێک". سەرجەمی گەورەییی دیمەنەکه لەم پێوانه تەواوەی کاتدایه. ڕادەوەستێ، تەماشای خۆی دەکا، خۆی به جوان دەزانێ. به درێژاییی خولەکێک. بەبێ جووڵه. عاشقه، بەڵام ئەوەنده به خۆی شاگەشکەیه، بیر لەو کەسه ناکاتەوه که حەزی لێی کردووه. له ئاوێنەدا سەیری خۆی دەکا، بەڵام خۆی بەو جۆره نابینێ، وەکو خۆی له ئاوێنەکەدا دەبینێ (وەکو چۆن فلاوبێر ئەو دەبینێ). ئەو له خودی لیریکیی خۆیدا قەتیس ماوه و نازانێ، تیشکی ناسکی کۆمیدیی خۆی خستووەته سەر ئەو و ئەڤینەکەی.

وەرگەڕانی دژه لیریکی ئەزموونێکی بنەماکییه له ڕەوتی ژیانی ڕۆماننووسێکدا؛ له خودی خۆی دوور، له پڕ خۆی دوورمەودا دەبینێ و پێی سەیره، ئەو ئەو کەسه نییه، که خۆی بەو زانیوه. دوای ئەم ئەزموونه دەزانێ، هیچ مرۆڤێک ئەوه نییه، که ئەو خۆی پێ دەزانێ، که ئەم بەدحاڵیبوونه گشتی، سەرەکییه و که مرۆڤەکان (بۆ نموونه فریدریکی له بەردەم ئاوێنەدا قیت ڕاوەستاو) له تیشکی ناسکیی کۆمیدیدا نقووم دەکا. (ئەم تیشکه یەکسەر دۆزراوەی کۆمیدیایه پاداشتی پەنهان و بەبەهای

وەرگەڕانەکەیەتی.)

ئێما بۆڤاری لە کۆتاییی چیرۆکەکەیدا، دوای ئەوەی بانککارەکان ڕەتی دەکەنەوە و لیۆ بەجێی دەهێڵێ سواری گالیسکەکە دەبێ. لە بەردەم دەرگەی کراوەی گالیسکەکەدا، "سواڵکەرێک ناڵەیەکی خنکاوی لێ بەرز بووەوە". "بەسەر شانیدا پێنج فرانکی بۆ فڕێ دا. ئەمە سەرجەمی سامانەکەی بوو. بە جوانی زانی، ئاوها بە فیڕۆی بدا."

بەڕاستی ئەمە هەموو سامانەکەی بوو. لە کۆتاییدا بوو. بەڵام دوا ڕستە کە من جەغدم لێی کرد، ئەوە بەیان دەکا، کە فلاوبێر بینیویەتی، بەڵام ئێما پێی نەدەزانی: نەوەکو تەنیا هەر ئاماژەیەکی بەرچاوتێرانەی کرد، لەوێدا خۆی بەدڵ بوو، ئەوە بکا؛ تەنانەت لەم چرکەساتەی دڕدۆنگی ڕاستەقینەیەشدا، ئەوەی لە دەست نەدا، ئاماژەکەی نمایش بکا، بێ گوناه، بۆ خۆی، لەبەرئەوەی دەیویست جوان دەربکەوێ. تیشکێکی ناسکی تەوس ئیتر بەجێی ناهێڵێ، تەنانەت لە کاتی ڕۆیشتنیدا بۆ مەرگە نزیکەکەی.

## پەردەی دڕاو

پەردەیەکی لە ئەفسانە چنراوی سیحری لە بەردەم جیهاندا هەڵواسرابوو. سێرڤانتس دۆن کیخۆتەی بۆ سەفەر نارد و پەردەکەی دڕاند. دنیا لە سەرتاپای ڕووتیی کۆمیدیی پەخشانی خۆیەوە خۆی بەردەم سوارە غاردەرەکەدا کردەوە.

وەکو ژنێکی، کە خۆی ئارایشت دەکا، بۆ ئەوەی پێش ئەوەی بۆ یەکەم ژووانی ڕابکا، جیهان، کاتێ لە چرکەساتی لەدایکبوونماندا بەهەڵەداوان دێ، ئارایشت کراوە، دەمامکدارە، پێشتر شرۆڤە کراوە. خۆگونجێنەرەکانیش تاقە خەڵگەلێک نابن، کە دەکەونە داوییەوە؛ مرۆڤە ئاژاوەگێڕەکان، بەپەرۆشن، لە هەموو شتێک و هەموو کەسێک یاخی بن، تێبینیی ئەوە ناکەن، چەندە گوێڕایەڵیش بن؛ تەنیا لەو شتە یاخی دەبن، کە

وەکو شایانی یاخیبوون شرۆڤە (پێششرۆڤە) کراوە.

دیلاکروا دیمەنی تابلۆ بەناوبانگەکەی ئازادیی پێشەنگی گەل دەکای لە بەردەم پەردەی پێششرۆڤەدا کێشاوە: کچێکی گەنج بەسەر بەربەستێکەوە، بە رووخساری مۆن و سنگی رووتەوە، کە مرۆڤ دەترسێنن؛ لە تەنیشتییەوە منداڵێکی نارەسەن بە دەمانچەیەکەوە. من ئەگەر حەزیشم لەم تابلۆیە نەبێ، بێمانایە، ئەگەر لە نیگارکێشیی مەزن دوور بخرێتەوە.

بەڵام رۆمانێک، کە شکۆ بە پۆزی لەسەر رێکەوتووی ئاوا، سیمبۆلی سواوی وا بدا، خۆی لە مێژووی رۆمان دەخاتە دەرەوە. چونکە بەوەی سێرڤانتس پەردەی پێششرۆڤەی درِی، ئەم هونەرە نوێیەی خستە سەرە رێگە؛ لە هەموو رۆمانێکدا، کە شایانی ئەم ناوە بێت ئاماژەی ویانکەری رەنگ دەداتەوە و درێژە بە خۆی دەدا؛ ئەمە مۆرکی هونەری رۆمانە.

## ناوبانگ

ئیۆنیسکۆی تەمەن بیست و شەش ساڵ، هێشتا لە رۆمانیا، لە هوگۆلیادا، کە نامیلکەیەکە دژی ڤیکتۆر هوگۆ، دەنووسێ: "مۆرکی بیۆگرافیای هەموو مرۆڤە ناودارەکان ئەوەیە، کە نەیانویستووە مرۆڤی ناودار بن یان بیریان لەوە نەکردووەتەوە، کە مرۆڤی بەناوبانگ بوون... مرۆڤی بەناوبانگ مرۆڤێکی قێزەونە..."

با هەوڵ بدەین چەمکەکان بە وردی دیاری بکەین: مرۆڤ بەناوبانگ دەبێ، ئەگەر ژمارەی ئەوانەی کە دەیناسن، روون و ئاشکرا لە ژمارەی ئەوانە زۆرتر بێ، کە خۆی دەیانناسێ؛ ئەو ددانپێدانانەی نەشتەرگەرێکی گەورە پێی رەوا دەبینرێ، ناوبانگ نییە؛ خەڵکی گشتی پێی سەرسام نین، بگرە لە نەخۆشەکانی و هاوەڵەکانی پێی سەرسامن. لە هاوسەنگیدا دەژی. ناوبانگ ناهاوسەنگییە. پیشەگەلێک هەن، بە تۆپزی و ناچاری ناوبانگ لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن: سیاسی، مۆدێل، وەرزشەوان، هونەرمەند.

ناوبانگی هونەرمەند بەشێوەیەکی گشتی گەورەترینیانە، لەبەرئەوەی بیرۆکەی نەمری لە خۆی دەگرێ. ئەمە داوێکی شەیتانییە، چونکە ئەو داواکارییە ناچیزەی شێتی گەورەیخوازییە، دوای مردنی بمێنێتەوە، بە ڕاستگۆییی هونەرمەندەوە بەستراوە لێی جیا نابێتەوە. هەموو ڕۆمانێکی بە جۆش و خرۆشێکی ڕاستەقینەوە نووسراو، زۆر بێگومان لە هەوڵی بەهایەکی ئیستاتیکیی هەمیشەییدایە، کە هاومانایە لەگەڵ ئەو بەهایەدا، کە لە توانایدایە، لە دوای نووسەرەکەی بمێنێتەوە. نووسین بەبێ ئەم کۆششە گاڵتەجاڕییە: چونکە ئەگەر بۆڕیچییەکی مامناوەندی بۆ خەڵکی بەسوود بێ، ئەوا ڕۆماننووسێکی مامناوەندی، کە بە دەستی ئەنقەست کتێبی بەسەرچوو، ئاسایی، تەقلیدی، واتە ناپێویست، واتە وەڕسکەر، واتە زیانگەیێن دەنووسێ، مایەی ڕقە. ئەمە نەفرەتی نووسەرە: سەرڕاستی بە چوارمێخەی شێتیی گەورەییخوازییەوە بەستراوە.

## ئەلبێرتیناکەیان کوشتم

ئیڤان بلاتنی (کە چەند ساڵێکە مردووە) دە ساڵ لە من گەورەتر، ئەو شاعیرەی کە لە چواردە ساڵیمەوە لە هەموو کەسێک زیاتر پێی سەرسام بووم. لە یەکێک لە کۆمەڵە شیعرەکانیدا کۆپلەیەک بە ناوی ژنێکەوە زۆرجار دەگەڕێتەوە: "ئەلبێرتینکۆ، تی"، کە مانای ئەوەیە: "تۆ، ئەلبێرتینە". بێگومان ئەمە ئاماژە بوو بۆ ئەلبێرتینەی پرۆست. ئەم ناوە بۆ منی هەرزەکار لاسەدەرترین ناو بوو لە ناوی هەموو ژنەکاندا.

ئەو کاتە تەنیا بەرگی پشتەوەی گەڕان بە دوای کاتی ونبوودای بیست بەشی پرۆستم لە وەرگێڕانە چیکییەکەیدا دەناسی، کە لە کتێبخانەی هاوڕێیەکدا بوون. لە سایەی بلاتنییەوە، لە سایەی "تۆ ئەلبێرتینە"وە، ڕۆژێک خۆم تێدا قووڵ کردەوە. کاتێ گەیشتمە لە سێبەری کچە گەنجەکاندا، بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکرێ ئەلبێرتینەی پرۆست ئاوێتەی ئەلبێرتینەی

شاعیرەکەی من بوو.

شاعیرە چیکییەکان حەزیان لە کاری پرۆست بوو، بەڵام ئاگایان لە بایۆگرافییەکەی نەبوو. ئیڤان بلاتنیکیش ئاگای لێی نەبووە. من خۆیشم زۆر درەنگ مزەی ئەم ئاگالێنەبوونە جوانەم لە دەست دا، کاتێ زانیم، کە پیاوێک سروشگەیێنی ئەلبێرتینا بووە، کە ئەڤینداری پرۆست بووە.

بەڵام ئەمە چی دەگەیەنێ! سروش بەم یان بەو ببەخشێ، ئەلبێرتینە ئەلبێرتینەیە و ببڕێتەوە! ڕۆمان ئەنجامی کیمیاگەرییەکە، کە ژن دەکاتە پیاو، پیاو دەکاتە ژن، پسی دەکاتە زێڕ، قسەیەکی خۆشی کورت دەکاتە دراما! ئا ئەم کیمیاگەرییە خواییەیە، کە وزەی هەموو ڕۆماننووسێک و نهێنییەکەی و مەزنیی هونەرەکەی پێک دەهێنێ!

ناتوانرێ هیچ بکرێ؛ من حەز دەکەم بە هێمنی ئەلبێرتینە بە یەکێک لە ژنە لە بیرنەچووەوەکان بزانم، هەر لەگەڵ بە گوێمدا دەچرپێن، کە میناکی ئەو پیاوێک بوو، وەکو چۆن ڤایرۆسێک بۆ ناو پرۆگرامی کۆمپیوتەرێک دزە دەکا ئاوها ئەم زانیارییە بێ سوودە لە سەرمدا جێی خۆی خۆش کرد. بوونەوەرێکی نێر بە فێڵ و تەڵەکە خۆی ترنجاندە نێوان من و ئەلبێرتینەوە، وێنەکەی کاڵ دەکاتەوە، ژنێتی دەشێوێنێ، لە چرکەیەکدا بە سنگ و مەمکێکی جوانەوە دەیبینم، ئەمجا بە سینەی تەختەوە و هەندێ جار سمێڵێک بەسەر ڕووخسارە ناسکەکەیەوە دەردەکەوێ.

ئەلبێرتینەکەی منیان کوشت. منیش بیر لە وشەکانی فلاوبێر دەکەمەوە: "هونەرمەند دەبێ قەناعەت بەو جیهانەی دوای خۆی دروست بکات، کە خۆی تێیدا نەژیاوە." مرۆڤ دەبێ مانای ئەم وشەیە بە ڕاست تێ بگا: ئەوەی ڕۆماننووس بە پلەی یەکەم دەیەوێ بیپارێزێ، خودی خۆی نییە، ئەلبێرتین و مەدام ئارنۆن.

## حوكمی مارسیل پرۆست

له گـــه‌ڕان بـه‌دوای كــاتـی ونبـــوودا پرۆسـت له‌ ڕوون ڕوونـتـــر ده‌یڵـێ: "له‌م ڕۆمـانه‌دا ... تاقـه‌ هه‌قیـقـه‌تێك نیـیـه‌، كه‌ هـه‌ڵبـه‌سـتـراو نه‌بێ ... تاقـه‌ هیـچ – فیگورێكی سـه‌ره‌كی –." هه‌رچی چه‌نده‌ ڕۆمانه‌كه‌ی پـرۆست به‌ توندی پشتی به‌ ژیانـی نووسـه‌ره‌كه‌شـی به‌سـتـبێ، ڕۆمـانه‌كـه‌ ڕاست و ڕه‌وان له‌ ده‌ره‌وه‌ی ئه‌وتۆبایۆگرافیایه‌؛ پرۆست نه‌ینووسیـوه‌، بۆ ئه‌وه‌ی باسـی ژیانی خۆی بكات، بگره‌ ده‌یه‌وێ چاوی خـوێنه‌ر لـه‌ هه‌مبـه‌ر ژیانی خـۆیان بكاته‌وه‌: "... هه‌مـوو خـوێنه‌رێك له‌ كاتی خـوێندنه‌وه‌دا خـوێنه‌ری خۆیه‌تی. كـاری نووسـه‌ر ته‌نـیـا شـێـوه‌ ئامـرازێكـی بینایـیـه‌، كـه‌ ده‌یخـاته‌ به‌رده‌م خـوێنه‌ر، بـۆ ئه‌وه‌ی بۆی بلوێنێ، ئه‌و شـتـه‌ بناسـێـتـه‌وه‌، كه‌ به‌بێ ئه‌و كـتـێبـه‌ له‌وانه‌ بوو لـه‌ناو خـۆیدا نه‌یبینیـایه‌. ناسینه‌وه‌ی ئه‌و شتـه‌ی، كتێبه‌كه‌ چی ده‌ڵێ، له‌ خـوێنه‌ر خـۆیدا، به‌ڵگه‌ی ڕاستییه‌تی ..." ڕسته‌كانی پرۆست ته‌نیا مانای ڕۆمانه‌كانی پرۆست پێناسه‌ ناكه‌ن؛ سووك و سانا هونه‌ری ڕۆمان پێناسه‌ ده‌كه‌ن.

## ئاكاری شتی جه‌وهه‌ری

بارتێش به‌مـجـۆره‌ حـوكمـه‌كه‌ی له‌باره‌ی مـه‌دام بۆڤـارییـه‌وه‌ پوخت ده‌كاته‌وه‌: "فلاوبێر چاره‌نووسـی خۆی وه‌كو نووسـه‌ر له‌ ده‌ست دا! ئاخۆ ئه‌مه‌ له‌ بنه‌مادا حـوكمـی زۆر له‌ سـه‌رسـامه‌كانی فـلاوبێر نین، كه‌ له‌ كۆتاییدا پێتـان ده‌ڵێن: به‌ڵێ، به‌ڵام ئه‌گـه‌ر نامـه‌كانی بخـوێننه‌وه‌، ده‌بینن چ شـاكـارێكن، چ پیـاوێكی سـه‌رنج ڕاكیش خۆی تیادا پێشان ده‌دا!"

خـۆم زۆرجـار نامـه‌كـانی فـلاوبێـر ده‌خـوێنمـه‌وه‌، چونكه‌ ده‌مـه‌وێ هـه‌ر بزانم، چۆن بیــری لـه‌ هونـه‌ره‌كـــه‌ی و ئـه‌وانی تر كـــردووه‌ته‌وه‌. لـه‌گـــه‌ڵ ئـه‌وه‌شـــدا نامـه‌كـانی، هه‌رچ چه‌نده‌ دڵفـرێنیش بن، نه‌ شـاكـارن نه‌ كـارن. چونكه‌ كـار هه‌مـوو ئه‌و شـتـانه‌ نیـیـه‌، كـه‌ ڕۆمـاننووسـێك نووسـیـویه‌تی نامـه‌، سـه‌رنج،

یاداشـــتنامــه، گــوتار. بەرهــەم تەواوکــردنــی کــارێکی درێژە لە پڕۆژەیـەکی ئیستاتیکیدا.

مـن لەوە زیـاتـریش دەڕۆم: کـــار ئەوەیـە، کـــە ڕۆمـــانـنووس لـە ســـاتـی کەوماڵکردندا پەسندی دەکا. چونکە ژیان کورتە و خوێندنەوە درێژە و ئەدەب ســـەرقـــاڵـی ئەوەیە، بـە زیادکــردنـی بێــمـــانـا خـــۆی بکوژێ. لەلای خـــۆوە دەسپێکردن، ڕۆماننووس دەبێ هەموو شتێکی پلە دوو لەناو ببا، دەبێ لەلای خۆی و ئەوانی تر دەبێ لەسەر ئاکاری شتی جەوهەری دابگرێ!

بەڵام تـەنیـا نووســەران نین، ســەدان، هـەزاران نووســەر، تۆژەریـش هـەن، ئۆردویەک تۆژەر هەیە، کە ئاکارێکی پێچەوانە ڕێنوێنییان دەکا، هەموو ئەو شـتـانە کـۆ دەکـەنەوە، کـە دەتوانن بیـدۆزنـەوە، بۆ ئەوەی هـەمـوو شـتـێک – بەرزترین ئامـانج – دابڕێژن. هەموو شـتێک، واتە شـاخێک ڕەشنووس، کە نووسـەر ئافەرۆزی کردوون، بڕگـە و نەسکی خـەت پێداهێنراو، بەڵام لەلایەن تۆژەرانەوە لـە چاپی بە نـاو "ڕەخـنـەگـــرانـە"وە لـەژێر نـاوی چـەپـەڵی "دەقـی جـیـا"وە بڵاو کـراونەتەوە، ئەمـە ئەوە دەگـەیەنـێ، ئەگـەر وشـەکـان هێـشـتـا مانایان هەبێ، کە هەموو ئەو شتانەی نووسەر نووسیویەتی، هاوسەنگە و بە هەمان ئەندازە پەسندی کردووە.

ئاکـــاری شـــتی جـــەوهەری ملی بۆ ئـاکـــاری ئەرشـــیف داوە. (ئیـــدیالی ئەرشیف: یەکسانییەکی ئاسوودە لە گۆڕێکی بە کۆمەڵی گەورەدا.)

## خوێندنەوە درێژە، ژیان کورتە

لەگەڵ هـاوڕێیـەک قسە دەکەم، نووســەرێکی بەتەمـەنی فرەنسی؛ من ســوورم لەسـەر ئەوەی، کە گۆمبرۆڤیچ بخوێنێتـەوە. کاتێ دەیبینمـەوە، شەرمـەزارە: "بە قسـەم کردی، بەڵام بە ڕاشکاوی دەڵێم نەمتوانی لە سـەرسامییەکەت تێ بگەم." "چیتان خوێندەوە؟" "کەڵکەڵە پێکەوتووەکان!" "شەیتان بە لەعنەت بی! بۆچی کەڵکەڵە پێکەوتووەکان؟"

کەڵکەڵە پێکەوتووەکان دوای مردنی گۆمبرۆڤیچ وەکو کتێب بڵاو کرایەوە. ڕۆمانێکی ساکارە، کە لە کاتی لاویدا لە پۆڵۆنیای پێش جەنگدا بە ناوێکی خوازراوەوە بە زنجیرە لە ڕۆژنامەیەکدا بڵاوی کردووتەوە. هەرگیز وەکو کتێب بڵاوی نەکردووەتەوە، هەرگیز ئەو مەبەستەی نەبووە. لە کۆتایی ژیانیدا بە ناونیشانی وەسیەتنامە بەرگی گفتوگۆیەکی درێژ لەگەڵ دۆمینیک دە ڕۆیدا بڵاو دەبێتەوە. لەوێدا گۆمبرۆڤیچ سەرجەمی کارەکانی خۆی ڕاڤە دەکا. سەرجەمی. کتێب بە دوای کتێبدا. تاقە وشەیەک لەبارەی کەڵکەڵە پێکەوتووەکانەوە ناڵێ.

من دەڵێم: "دەبێ فێردیدەرک بخوێننەوە! یان پۆرنۆگرافی!"

بە ماتییەوە سەیرم دەکا. "هاوڕێی ئازیز، ئەو ژیانەی لەپێشمەوە ماوە کورت دەبێتەوە. ئەو بڕە کاتەی بۆ نووسەرەکەتم تەرخان کردبوو، تەواو بوو."

## هەرزەکارەکە و نەنکی

ستراڤینسکی بۆ هەمیشە کۆتایی بە هاوڕێیەتیی درێژی لەگەڵ ئەنسەرمەتی مایسترۆی هێنا، کاتێ ئەو لە بالێتی کارتبازیدا ویستی هەندێ شوێنی کورت بکاتەوە. دواییتر ستراڤینسکی خۆی دەچێتەوە سەر سیمفۆنیای ئامێرە هەواییەکان و چەند شتێکی لێ چاک دەکاتەوە. کاتێک ئەنسەرمەت ئەمە دەبیستێ، تووڕە دەبێ؛ چاککردنەوەکانی بەدڵ نییە و ئەو مافە بە سراڤینسکی ڕەوا نابینێ، ئەوەی نووسیویەتی بیگۆڕێ.

لە یەکەم و دووەم حاڵەتدا وەڵامی ستراڤینسکی یەکسەر ئامانجپێکە: ئازیزەکەم، ئەمە هیچ پێوەندیی بە ئێوەوە نییە! لەگەڵ کارەکەمدا وا ڕەفتار مەکەن وەکو ژووری نووستنەکەتان! ئەوەی داهێنەر خوڵقاندوویەتی، نە هی باوکیەتی نە هی دایکی، نە هی نەتەوەکەی، نە هی مرۆڤایەتی، تەنیا هی خۆیەتی، هەر کاتێک و ئەگەر بیەوێ، دەتوانێ بڵاوی بکاتەوە، دەتوانێ گۆڕانکاریی تێدا بکا، ڕاستی بکاتەوە، درێژی بکاتەوە، کورتی بکاتەوە،

بیخاتە سیفۆنی ئاودەستەوە و ئاوەڕۆکە بخاتە کار، بەبێ ئەوەی پێویست بکات لای هیچ کەسێک پاساوی بدا.

تەمەنم نۆزدە بوو، کاتێک لە وڵاتەکەمدا مامۆستایەکی لاوی زانکۆ کۆڕێکی گشتیی گرت؛ یەکەم مانگەکانی شۆڕشی کۆمۆنیستی بوون، گوێڕایەڵ بە ئەقڵی سەردەم باسی بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتیی هونەری کرد. دوای کۆڕەکە مشتومڕێک لە ئارادا بوو؛ یوسف کایناری شاعیرم لە بیر ماوە (سەر بە هەمان وەچەی بلاتنییە و ئەویش چەند ساڵێکە مردووە)، وەکو کاردانەوە بۆ گوتارەکەی زاناکە سەرگوزەشتەیەکی خۆشی گێڕایەوە: هەرزەکارێک نەنکە پیرەکەی دەبا بۆ پیاسە. بە درێژاییی جادەیەک ڕێ دەکەن، هەرزەکارەکە جار ناجارێ دەڵێ: "داپیرە، ئاگەداری ڕبنجکەکە بە!" لەبەرئەوەی پیرەژنەکە لەو بڕوایەدایە لەسەر ڕچەڕێی دارستانێکە، باز دەدا. ڕێبوارەکان سەرزەنشتی هەرزەکارەکە دەکەن: "کوڕۆ، تۆ چۆن ڕەفتار لەگەڵ نەنکت دەکەی!" هەرزەکارەکە وەڵام دەداتەوە: "ئەمە نەنکمە، من بەو جۆرە ڕەفتاری لەگەڵ دەکەم، کە خۆم دەمەوێ!" کاینار درێژەی پێ دەدا: "ئەوە منم، خۆم و شیعرم." من ئەم نمایشەی داهێنەرم لەژێر نیگای بەگومانی شۆڕشی نوێدا هەرگیز لە بیر ناچێتەوە.

## حوكمی سێرڤانتس

سێرڤانتس لە ڕۆمانەکەیدا چەندان جار لیستەی درێژی کتێبی سوارچاکی دەژمێرێ، ناوی کتێبەکان دەهێنێ، بەڵام هەموو کات بەپێویستی نازانێ، ناوی دانەرەکانیان بهێنێ. ئەو کاتە هێشتا ڕێزدانان بۆ داهێنەر و مافەکانی باو نەبوو.

پێش ئەوەی بەرگی دووەمی ڕۆمانەکەی کۆتاییی پێ بهێنێ، نووسەرێکی هەتا ئەمڕۆ نەناسراو پێشی کەوت و بە نازناوەوە درێژەپێدانێکی سەرکێشییەکانی دۆن کیخۆتەی بڵاو کردەوە. سێرڤانتس کاردانەوەی

هەبوو، وەکـو چۆن نووســەرێکی ئـەمـڕۆ کـاردانەوەی دەبێ: بە تـووڕەیی. بە توندی هـێرش دەکـاتـە سـەر دزەکـە و بـەلەخـۆبایـیـبـوونەوە جـاڕ دەدا: "دۆن کیخـۆتە تەنیـا بۆ من لەدایک بووە و منیش بـۆ ئەو. ئەو زانی ڕەوتار بکا، من زانیم بنووسم. من و ئەو یەکین ..."

ئەمـە لە کـاتی سێرڤـانتسەوە گرینگترین و بنەمـاییـترین مـۆرکی ڕۆمـانە: تاقە ئافەریدەیەکی دانسقە، لە لاسایینەکردنەوە نەهاتووی لە فەنتازیای تاقە یەک دانەر دانـەبڕاوە. پێش ئـەوەی بنووسـرێ، کـەس نەیدەتوانی وێنای دۆن کـیـخـۆتەیـەک بکا؛ ئـەو خـۆی چاوەڕواننەکـراوی بـوو؛ لەوسـاوە بەبـێ ئەم دڵڕفـێنیـیـە چاوەڕواننەکـراوە هـیچ فـیگورێکـی تری مـەزنی ڕۆمـان (هـیچ ڕۆمانێکی مەزنیش) شیاوی بیرلێکردنەوە نەبوو.

لەدایکبـوونی هونـەری ڕۆمـان لەگـەڵ هـۆشـیـاریی مـافـی داهێنـەر و بەرگـریلێکردنی تووڕانەی وابەسـتـە بوو. ڕۆمـاننووس و کـارەکـەی "یەکن"؛ ڕۆماننووس تاقە خودانی کارەکەیەتی؛ کاری ئەوە. ئەمە بەردەوام وا نەبوو. بەردەوامیش وا نابێ، بەڵام ئەمجا هونەری ڕۆمان و میراتەکەی سێرڤانتس لە ئارادا نامێنێ.

بەشی پێنجەم

# ئیستاتیکا و بوون

## ئیستاتیکا و بوون

دەبێ مرۆڤ لە کوێ بە دوای ئەو هۆکارە قووڵانەدا بۆ ئەوە بگەڕێ، کە دەبنە هۆی هەست بە هاوسۆزی یان بە ڕق، بوونە هاوڕێ یان نەبوون دەکا؟ لە پیاوە بێ خەسڵەتەکەدا کلاریسە و ڤاڵتەر ناسیاوی کۆنی ئولریشن. کاتێ ئولریش سەردانیان دەکا و دەیانبینێ بە چوار دەست پیانۆ لێ دەدەن بۆ یەکەم جار لەسەر شانۆی ڕۆمان دەردەکەون. "ئەم بتە دەم پانە، لاق کورتە، لە تێکڵ[٤] و بولدۆگ[٥] چاککراوە"، ڕۆژێک لە ڕۆژان یەکێک لە میگافۆنە سامناکەکان، "کە لە ڕێیەوە ڕۆح وەکو ئاسکەکێوییەکی بەبا بەناو گەردووندا دەقیژێنێ"، پیانۆکە بۆ ئولریش هەموو ئەو شتانە بەرجەستە دەکا، کە لە هەموو شتێک زیاتر ڕقی لێیان دەبێتەوە.

ئەم خوازەیە ڕووناکی دەخاتە سەر ئەو ناتەباییە بەسەردا زاڵ نەبووەی نێوان ئەو دوو کەسە؛ ناتەباییەک، کە ئارەزووکار و ناڕەوا دەردەکەوێ، لەبەرئەوەی لە هیچ گێرمە و کێشەیەکی بەرژەوەندییەوە سەرچاوەی نەگرتووە و نە سیاسییە و نە ئایدیۆلۆجی، نەیش ئاینی؛ زۆر پەیپێنەبراوە، لەبەرئەوەی ڕەگەکانی قووڵ دەڕۆن، هەتا خوارەوە بۆ بناغەی ئیستاتیکی کەسەکەی؛ مۆسیقا -با بیرمان بکەوێتەوە، هێگل چی گوت _ شیعریترین هونەرە؛ لە شیعر خۆی شیعریترە. بە درێژاییی ڕۆمانەکە ئولریش بەر شیعرییەتی هاوڕێکانی دەکەوێ.

دواییتر کلاریسە بە هەرامەکەی مۆسگروبەر سەرسام دەبێت،

٤. سەگێکی ئەڵمانی بچووکی لەش درێژی قاچ کورتی گوێ شۆڕە (و.)

٥. سەگێکی گەورەی کەللەزلی تووک کورتی بە هێز و ئازایە. (و.)

مۆسگروبەر بکوژێکی حوکمی مەرگ بەسەردا دراوە، کە کۆمەڵگەی نوێباو دەیەوێ ڕزگاری بکا، بەوەی هەوڵ دەدا، نەخۆشییە دەروونییەکەی و بەوەش بێگوناهیی بسەلمێنێ. کلاریسە لە هەموو شوێنێک دووبارەی دەکاتەوە "مۆسگروبەر وەکو مۆسیقا وایە" و بەم گوزارشتە نالۆجیکییەوە (بە دەستی ئەنقەست نالۆجیکی، لەبەرئەوەی بۆ ڕۆحی شیعری گونجاوە، بە ڕستەگەلی نالۆجیکییەوە ئامادە دەبێ) ڕۆحی هاواری هاوسۆزییەکانی بەرەو گەردوون دەنێرێ. ئەم هاوارانە ئولریش نابزوێنن. نەک لەبەرئەوەی سزای مەرگ بۆ دەروونەخۆشێک دەخوازێ، بگرە لەبەرئەوەی بەرگەی شێتگیری شیعری پارێزەرەکانی ناگرێ.

من ئەو کاتە دەستم بەوە کرد بایەخ بە بەرنامەڕێژیی ئیستاتیکی بدەم، کە ڕەگە بوونگەراییەکانیانم دۆزییەوە، کاتێ وەکو بەرنامەڕێژیی بوونگەرایی لێیان تێگەیشتم؛ چونکە چی خەڵکی سادە و چی تێگەیشتوو، خەڵکی ژیر و گەمژە ڕۆژانە هەمیشە ڕووبەڕووی شتی جوان، ناشیرین، بڵند، کۆمیدی، تراجیدی، شیعری، دراماتیکی، ڕووداو، حاڵاتی گۆڕان، بە پاکبوونەوە یان بۆ ئەوەی کەمتر بەرنامەڕێژیی فەلسەفی ناو بهێنین، بە مۆنی، کیچ یان بازاڕییەوە دەبنەوە؛ ئەم بەرنامەڕێژییانە ڕێگەگەلێکن، دەچنەوە سەر ڕەهەندی جیاوازی بوون، کە بە هۆکاری تر پێیان ناگەین.

## ڕووداو

هونەری داستانی لەسەر ڕووداو بینا کراوە، کۆمەڵگەیەکی نموونەیی، کە توانرا لە ئازادییەکی تەواودا گوزارشت لە ڕووداو بکرێ، قۆناغی پاڵەوانیەتیی یۆنان بوو؛ هێگل ئەمە دەڵێ و لە ڕێی ئیلیادەوە دەیسەلمێنێ: لەگەڵ ئەوەشدا ئاگامێمنون بەرزترین پاشایە، پاشاکانی تر و میرەکان بە ویستی خۆیان لە دەوری کۆ بوونەتەوە و ئازادن، وەکو ئاخیل خۆیان لە کوشتار بەدوور بگرن. گەلیش بە ویستی خۆی دوای میری خۆی کەوتووە،

یاسایەک لە ئارادا نەبوو، کە بتوانێ ئەمە بە تۆپزی بسەپێنێ؛ تەنیا پاڵنەری کەسانی، هەستی شەرەف، ڕێز و سەردانەواندن لە بەردەم بەهێزتردا، ئەو سەرسامییەی لە ئازایەتیی پاڵەوانێکەوە هەڵدەقوڵێ... هتد. ڕەفتاری مرۆڤیان دیاری کرد. ئەو ئازادییەی لە شەڕدا بەشدار بی، بەهەمان شێوە ئەو ئازادییەی، جەنگ بەجێ بهێڵی، ناوابەستەییی هەموو کەسێکیان فەراهەم کرد. بەو جۆرە ڕووداو کارەکتەری کەسایەتیی خۆی پاراست و بەم ڕەنگەش شێوەی شیعرییانەی خۆی پاراست.

هێگل ئەم جیهانە کەونارایە، لانکەی داستانە، لە بەرامبەر کۆمەڵگەی سەردەمەکەی خۆیدا دادەنێ، کە وەکو دەوڵەت ڕێک خراوە، دەستوورێکی هەیە، یاسای هەیە، دادوەریی هەیە، کارگێڕییەکی بەدەسەڵاتی هەیە، بە وەزارەت، بە پۆلیسەوە... هتد. ئەم کۆمەڵگەیە پەیڕەوی بنەماگە ئاکارییەکانی بۆ تاک دادەنێ، کە ڕەفتاری بەم شێوەیە پتر لە ڕێی ویستی لە دەرەوە هاتووی نەناسراوەوە دیاری دەکرێ وەکو لە کەسایەتیی خۆی. لە جیهانێکی ئاوەهاشدا ڕۆمان لەدایک بوو. وەکو کاتی خۆی داستان ئەویش لەسەر ڕووداو بینا کراوە. بەڵام لە ڕۆماندا ڕووداو گرفت دەبێ، وەکو پرسیارێکی فرە توێژ دەردەکەوێ: ئەگەر ڕووداوێک تەنیا ئەنجامی ملکەچی بێ، ئاخۆ بە ڕاستی هێشتا ڕووداوە؟ ئەی مرۆڤ چۆن دەتوانێ ڕووداو لە ئاماژە دووبارەبووەوەکانی ڕۆتین جودا بکاتەوە؟ ئەی وشەی "ئازادی" لە جیهانی بیرۆکراتی مۆدێرندا بە مکۆمی چی دەگەیەنێ ، کە ئەگەرەکان بۆ ڕووداو تیایدا ئەوەندە بچووک بن؟

جەیمس جۆیس و کافکا سنوورەکانی هەرە دەرەوەی ئەم پرسیارەیان هەژاند. گەردوونی زۆر بچووکی جۆیس هەموو ئاماژەیەکی زۆر بچووکی ڕۆژانە گەورە دەکاتەوە و بەم ڕەنگە تاقە ڕۆژێکی زۆر پووچی بلوم دەکاتە ئۆدیسەیەکی گەورەی مۆدێرن. وەکو مەساح داواکراو، (ک.) دەگاتە گوندێک و ئامادەیە، بۆ مافی مانەوەی تێ بکۆشێ؛ بەڵام کەوماڵی تێکۆشینەکەی

دامـــاوانه دەبێ: دوای چەندان ئاســـتـەنگی بێکۆتایی تـەنیــا بـۆی دەلوێ، گازندەکانی بۆ کوێخایەکی بێدەسەلات و لە دواییدا کارمەندێکی خەوالّووی نزم هەڵـبـڕێژێ؛ ئەگـینا هـیـچـی تر؛ لە پاڵ ئۆدیسـەی مـۆدێرنی جـۆیسـەوە کۆشکی کافکا ئیلیادەیەکی نوێیە. ئۆدیسە و ئەلیادەیەکی لەسەر پشتەوەی جـیـهـانێکی داسـتـانی داهێنراو، کـە مـرۆڤ ئیـدی نـەیدەتوانی بگاتە لای پێشەوەی.

لاورێنس سـتـێرن سـەت و پەنجـا سـاڵ پێشـووتر لە تەنگژە و ناچیـزەییی ڕووداو تێگەیشـتبـوو؛ لە تریسـترام شاندیدا تەنیا بێ کۆتا ڕووداوی بچووک هـەیە؛ چـەند نـەسکێک شـــاندی بـاوک هـەوڵ دەدا بـە دەســـتی چـەپی دەسـتـەسـڕەکە لە گیرفانی ڕاستی دەربهێنێ و لە هەمـان کاتدا بە دەستی ڕاستی پیـرۆکەکە لەسـەری بکاتـەوە؛ چەند نەسکێک دوکتـۆر سلۆپ بەوەوە خـەریکە، گرێ فـرە و زۆر توندکراوەکـانی جانتـاکـە بکاتەوە، کە ئـامرازی نەشتـەرکاریـی تێدایە، بۆ ئەوەی تریسـترام بهێنێتـە دنیـاوە. ئەم نەبوونەی ڕووداوە (یان ئەم بچووککردنـەوەی ڕووداوە) بە زەردەخـەنەیەکی ئیدیلییـەوە ئامادە دەکرێ (زەردەخـەنەیەک، کە نە جۆیس نە کافکا دەیناسن و ئەمـە لە سـەرجـەمی مێژووی ڕۆماندا بـەبێ هاتا دەمێنێتـەوە). من لەو بڕوایەدام لەم زەردەخـەنەیەدا مـیـلانکۆلیـایەکی توندڕۆ ببـینم: هـەر کـەسـە ڕەفـتـار بکا، دەیەوێ ســـەرکـەوێ؛ هەر کـەسـێ ســـەرکـەوێ، ئازار بـەوی تر دەگـەیـەنێ؛ دەستبەرداربوونی لە ڕەفتار تاقە ڕێگەیە بۆ بەختەوەری و ئاشتی.

## گرژ و مۆنەکان

قـەشـە یۆریک، یەکێک لە فیگورەکانی تریسـترام شـاندی تەنیا فـڕوفێڵ لەو "ئابڕووە درۆزنانەیـەیەدا" دەبینێ کـە لە هـەمـوو شـــوێنێک تووشـی دەبێ و "پەردەیەکـە بـۆ بێـئـاگـایی یان گـەمـژەیی". لە هـەر شـوێنێک بتـوانـێ، بە ڕوونکردنەوە دویان دەکەوێ، کە "بەهاراتی گوزارەی تەوس و گەمـەیان" پێوە

کراوە. ئەم "گەمە پڕکێشانە" خۆیان وەکو مەترسی دەسەلمێنن، "دە نوکتە سەد دوژمنی بۆ پەیدا دەکەن"، بەجۆرێک ڕۆژێک، کاتێ هێزەکانی بەشی ئەوە ناکەن، بەرهەڵستی تۆڵەی گرژ و مۆنەکان بکا، "شمشێرەکەی فڕێ دەدا و بە دڵی شکاوەوە دەمرێ". بەڵێ، لاورێنس ستێرن لە کاتی گێڕانەوەی چیرۆکی یۆریکدا بە ڕاستی وشەی "گرژ و مۆنەکان" بەکار دەهێنێ. بەم وشە نوێباوە لە یۆنانییەوە پێک هێنراوەوە، ڕابلێ ئەوانەی ناوزەد کرد، کە ناتوانن پێبکەنن. ڕابلیە ڕقی لە "گرژ و مۆنەکان" دەبووەوە، کە بە قسەی خۆی، خەریک بووە بەهۆی ئەوانەوە "ئیتر هیچ نەنووسێ". چیرۆکی یۆریک ئەو سەلاوەیە، کە ستێرن بە درێژاییی زیاتر لە دوو سەت ساڵ بۆ مامۆستاکەی دەنێرێ.

مرۆڤگەلێک هەن، بە ژیرییان سەرسامم، ڕاستگۆییان بەرز دەنرخێنم، بەڵام لەگەڵیاندا هەست بە نارەحەتی دەکەم؛ من دەربڕینەکانی خۆم سانسۆر دەکەم، بۆ ئەوەی خراپ لێم تێ نەگەن، بۆ ئەوەی لاقرتێگەر دەرنەکەوم، بۆ ئەوەی بە وشەیەکی لامسەرلایی برینداریان نەکەم. لەگەڵ گاڵتەوگەپدا لە شەڕدا دەژین. من سەرکۆنەیان ناکەم: "گرژ و مۆنییەکەیان" بە قووڵی لە ناخیاندا ڕەگی داکوتاوە، گوناهی خۆیان نییە. بەڵام گوناهی منیش نییە، بەبێ ئەوەی ڕقم لێیان ببێتەوە، خۆمیان لێ بە دوور دەگرم. نامەوێ وەکو یۆریکی قەشە کۆتاییم بێت.

هەموو بەرنامەڕێژییەکی ئیستاتیکی ("گرژ و مۆنییش" یەکێکە لەوان) دەرگە بە ڕووی تەگەرەی بێکۆتاییدا دەکاتەوە. ئەوانەی کە ڕابلێیان بە هۆی پاڵنەری ئایدیۆلۆجی (ئاینییەوە) بە تەواوی بە نەفرەت کردووە، بە شتێکی قووڵتر بۆ ئەمە دنە دەدران وەکو لە باوەڕ بە دۆگمایەکی ڕووتەوە. ئەوەی پەستی دەکردن، پەسەندنەکردنی ئیستاتیکی بوو: پەسندنەکردنی قووڵی ناجیدییەت؛ تووڕەیی دژی سکانداڵی پێکەنینێکی نابەجێ. کە "گرژ و مۆنەکان" مەیلی ئەوەیان هەیە، لە هەموو گەمەیەکدا کفرێک ببینن، هۆیەکەی

ئەوەیە کە هەموو گەمەیەک کفرە. ناتەباییەکی بەسەردا زاڵنەبوو لە نێوان شتی کۆمیدی و شتی پیرۆزدا هەیە و مرۆڤ تەنیا دەتوانێ لە خۆی بپرسێ، پیرۆز لە کوێوە دەست پێ دەکا و لە کوێ بەکۆتا دێت. ئاخۆ ئەمە تەنیا تایبەتە بە کڵێسا؟ یان لەوە زیاتر بڕ دەکا، بەها بە ناو دنیاییە بەرزەکانیش لەخۆ دەگرێ: دایکایەتی، خۆشەویستی، نیشتمانپەروەری، ئابڕووی مرۆڤ؟ بۆ هەر کەسێکی ژیان کتومت، بە بێ سنوور پیرۆز بێت، بە تووڕەییی کراوە یان دزییەوە بۆ هەموو نوکتەیەک کاردانەوەی دەبێ، لەبەرئەوەی لە هەموو نوکتەیەکدا شتی کۆمیدی خۆی بەیان دەکا، کە وەکو کۆمیدیا بەدگۆییی پیرۆزیی ژیان بەرجەستە دەکا.

مرۆڤ لە شتی کۆمیدی تێ ناگا، ئەگەر لە "گرژ و مۆنەکان" تێ نەگا. لە ئارادابوونیان مانای تەواو دەبەخشێتە شتی کۆمیدی، وەکو ڕووبەڕوو وەستانەوە، سەرچڵییەک، پەردە لەسەر کرۆکی دراماتیکی هەڵدەداتەوە.

## گاڵتەوگەپ

لە دۆن کیخۆتەدا مرۆڤ گوێی لە پێکەنینێک دەبێ، وەکو چۆن لە نمایشەکانی چاخەکانی ناوەڕاستدا دەنگ دەداتەوە: مرۆڤ بە سوارێک پێ دەکەنێ کە لە جیاتیی خودە جامێکی ڕیشتاشینی بە سەرەوەیە، مرۆڤ بە خزمەتکارەکەی پێ دەکەنێ، کە دارکاری دەکرێ. بەڵام لە پاڵ ئەم زۆرجار کلێشانەوە، زۆرجار کۆمیدیای سامناکەوە، سێرڤانتس کۆمیدیایەکی زۆر جیاواز، وردترمان پێ چەژ دەکا:

پیاوێکی خانەدانی دەست و دڵ فراوان دۆن کیخۆتە بۆ ماڵەکەی بانگهێشتن دەکا، کە لەگەڵ کوڕە شاعیرەکەیدا تیای دەژی. کوڕەکە، لە باوکی بەرچاو ڕوونترە، یەکسەر لە میوانەکەدا شێتێک دەبینێ و ڕاستەوڕوو خۆی لێ بە دوور دەگرێ. ئەمجا دۆن کیخۆتە داوا لە کوڕە گەنجەکە دەکا شیعرەکانی بۆ بخوێنێتەوە؛ ئەویش خێرا بە قسەی دەکا و دۆن کیخۆتە بەئەندازەیەکی زۆر

ستایشی بەهرەکەی دەکا؛ بە فیز و بەختەوەر لە پڕ کوڕە بە ژیریی میوانەکە دەحەپەسێ و یەکسەر شێتیی پیاوەکەی لە بیر دەچێ. کەواتە کێ شێتترە، شێتەکەی کە بەرچاوڕوونەکە ستایش دەکا، یان بەرچاوڕوونەکە، کە بڕوا بەستایشی شێتەکە دەکا؟ بەمەش چووینەتە ناو بواری کۆمیدیایەکی ترەوە، کۆمیدیایەکی ناسکتر، هەتا بڵێی بەنرخ. ئێمە پێ ناکەنین، لەبەرئەوەی بە یەکێکیان ڕابواردووە، گاڵتەجاڕیی پێکراوە یان ڕیسوا دەکرێ، بگرە لەبەرئەوەی لە پڕ واقیعێک لە فرە ماناییدا خۆی پێشان دەدا، شتەکان مانا دیارەکانیان لە دەست دەدەن، مرۆڤ لە بەردەمماندا ئەوە نییە، کە ئەو خۆی لەو بڕوایەدایە وایە. ئەمە گاڵتەوگەپە؛ (ئەو گاڵتەوگەپەی، بۆ ئۆکتاڤیۆ پاپ لە سایەی سێرڤانتسەوە "دۆزینەوەی گەورەی" سەردەمی نوێیە).

گاڵتەوگەپ پزیسک نییە، کە لە کاتی هەڵوەشانەی کۆمیدیی ڕەوشێک یان چیرۆکێکدا بە کورتی ببریسکێتەوە، بۆ ئەوەی بمانهێنێتە پێکەنین. تیشکی نابەرچاوی گاڵتەوگەپ بەسەر سەرجەمی دەشت و دەری بەرفراوانی ژیانەوەیە. وەکو ڕۆڵێکی فلیم بێ، با هەوڵ بدەین ئەو دیمەنەی من ئێستا گێڕامەوە، جارێکی تر تەماشا بکەینەوە: پیاوە خانەدانە دەست و دڵ فراوانەکە دۆن کیخۆتە لەگەڵ خۆی دەبا بۆ کۆشکەکەی و بە کوڕەکەی دەناسێنێ، کە پەلە دەکا، دوورەپەرێزی و سەردەستیی خۆی پێشانی میوانە شڵەژاوەکە بدا. بەڵام ئەمجارە دەزانین: ئێمە شادیی نەرگسی کوڕە لاوەکەمان بینیوە، کاتێ دۆن کیخۆتە ستایشی شیعرەکانی دەکا. ئەگەر جارێکی تر تەماشای سەرەتای دیمەنەکە بکەین ڕەفتاری کوڕەکە یەکسەر بەفیز و لەگەڵ تەمەنیدا نەگونجاو دەبینین، واتە هەر لە سەرەتاوە کۆمیدییە. گەورەیەکی کە ئەزموونی زۆری لەگەڵ "سروشتی مرۆڤ"دا هەیە و دنیا وا دەبینێ (کە لە کاتی وردبوونەوە لە ژیان ئەو هەستەی هەیە، دەورەکانی فیلمە بینراوەکان جارێکی تر ببینێ) لە زووەوەش وازی لەوە هێناوە، جیدییەتی مرۆڤ بە جیدی وەربگرێ.

## ئەی ئەگەر تراجیدیا بەجێی بهێشتینایە

دوای ئەزموونێکی پڕ لە ئازار کروێن تێ گەیشت، کە ئەوانەی لە دەوڵەتەشار بەرپرسیارن ئەو ئەرکەیان لەسەر شانە، بەسەر جۆش و خرۆشی خۆیاندا زاڵ بن؛ بەم قەناعەتەوە لەگەڵ ئەنتیگۆنەدا دەکەوێتە کێشمەکێشێکی کوشندەوە، کە لە بەرامبەریدا بەرگری لە مافە ڕەواکانی تاکەکان دەکا. ئەم مل نادا، ئەو دەمرێ، ئەویش لەژێر باری گوناهەکەیدا، خۆزگە دەخوازێ، کە "ڕۆژێکی نوێ نەبینێ". ئەنتیگۆنە هێگلی بۆ ڕامانی وەستایانە بەسەر تراجیدیادا جووڵاند: دوو نەیار بەرامبەر یەکتر وەستاون، هەریەکە و جودا نەکراوە بە ڕاستییەکەوە بەستراوە، کە پارچە پارچە و ڕێژەییە، بەڵام لە خۆدا بەتەواوی بناغەی داناوە. هەردووکیان ئامادەن، ژیانی خۆیانی بۆ بکەنە قوربانی، بەڵام تەنیا دەتوانن بە نرخی لەناوبردنی سەرومڕی نەیارەکە بەرەو سەرکەوتن بڕۆن. واتە هەردووکیان لە هەمان کاتدا دادپەروەر و گوناهبارن. هێگل دەڵێ، گوناهبار بوون فیگوری گەورەی تراجیدی بە شەرەف دەگەیەنێ. بەڕاستی ئاگاییەکی قووڵ بە گوناه دەتوانێ ئاشتەواییەک لە داهاتوودا برەخسێنێ.

کێشمەکێشە گەورەکانی مرۆڤ لە لێکدانەوەی ساکاری وەکو شەڕی نێوان باش و خراپ ڕزگار بکرێ و لە سێبەری تراجیدیادا درکی پێ بکرێ، دەستکەوتێکی گەورەی عەقڵ بوو؛ ڕێژەییی ترسناکی ڕاستیی مرۆڤی ناساند؛ لە ڕێی ئەمەوە هەست بەو پێویستییە کرا، دادپەروەری بە دوژمن بە ڕەوا ببینرێ. بەڵام هێزی ژیانی دژوازی ئاکاری ناچار ناکرێ: من کارتێداکردنێکی ئەنتیگۆنەم بیر دەکەوێتەوە، کە بە ماوەیەکی کورت دوای جەنگ لە پراگ بینیم؛ نووسەرەکەی شتی تراجیدی لە تراجیدیاکەدا کوشتبوو، بەوەی کروێنی کردبووە فاشیستێکی بەدناک، کە ڕووبەڕووی ژنە خەباتگێڕێکی ڕێگەی ئازادی بووبووەوە.

ڕۆژەڤکردنی سیاسی لەو بابەتەی ئەنتیگۆنە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی زۆر حەزی لێ دەکرا. هیتلەر تەنیا دڕندەیی لە وتننەهاتووی بەسەر ئەوروپادا نەهێنا، تێگەیشتنیشی بۆ تراجیدیا شێواند. بە کلێشەی خەبات دژی ناسیۆنال سۆسیالیزم لەو کاتەوە سەرجەمی مێژووی هاوچەرخ وەکو خەباتی باش دژی خراپ تەماشای دەکرێ و ئەزموون دەکرێ. جەنگ، شەڕی ناوەخۆ، شۆڕش، دژە شۆڕش، کێشمەکێشی ناسیۆنالیزم، ڕاپەڕین و سەرکوتکردنی لە دەڤەری تراجیدیا دەرهێنران و خرانە ژێر دەسەلاتی دادوەری پەروەشی سزاوە. ئاخۆ ئەمە دواکەوتنە؟ گەڕانەوەیە بۆ قۆناغی پێش تراجیدیی مرۆڤایەتی؟ لێ لەم حاڵەتەدا کێ دواکەوتووە؟ مێژوو خۆی، کە تاوانکارەکان زەوتیان کردووە؟ یان تەرز و شێوەی ئێمە بۆ تێگەیشتن لە مێژوو؟ زۆرجار بە خۆم دەڵێم: تراجیدیا بەجێی هێشتین؛ ئەمەش بریتییە لە سزای ڕاستەقینە.

## هەڵاتوو

هۆمیرۆس گومان لەو هۆکارانە ناکا، کە بۆ یۆنانییەکان پاڵنەر بوون بۆ ئابلۆوقەدانی ترۆیا. بەڵام کاتێ ئۆیرۆپیدەس بە مەودایەکی چەندان سەتەوە نیگایەک دەگرێتە ئەم جەنگە، بە هیچ جۆرێک بە هێلێنا سەرسام نییە و بە ئاشکرا بەدحاڵیبوونەکەی نێوان ئەم ژنە و ئەو هەزاران ژیانەی بوونەتە قوربانیی ئەو تۆخ دەکاتەوە. لە ئۆریستدا بە زمانی ئەپۆلۆوە دەڵێ: "خواوەندەکان تەنیا لەبەر ئەوە هێلێنایان وا بەجوانی دەویست، بۆ ئەوەی یۆنانییەکان و ترۆیانییەکان بکەونە شەڕەوە و بە خوێنڕێژییەکانیانەوە باری زەوی لەو مردووە هەرە زۆرانە سووک بکات، کە وەرەسیان دەکرد." بەمەش هەموو شتێک ڕوونە: مەبەستی بەناوبانگترین جەنگ هیچ پێوەندییەکی بە ئامانجێکی پیرۆزەوە نییە؛ تاقە ئامانجی سەربڕین بووە. بەڵام ئاخۆ مرۆڤ دەتوانێ هێشتا لەم حاڵەتەدا باسی تراجیدیا بکا؟

لە خەڵکی بپرسن هۆکاری ڕاستەقینە بۆ جەنگی یەکەمی جیهانی چی بوو. هیچ کەس ناتوانێ وەڵام بداتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم قەسابخانە گەورەیە ڕەگ و ڕیشەی هەموو بەدناکییەکی سەتەی لەم دواییە بەسەرچووەدایە. ئەگەر مرۆڤ بەلای کەمەوە بیتوانیایە پێمان بڵێ، ئەوروپاییەکان ئەو کاتە یەکتریان دەکوشت، بۆ ئەوەی شەرەفی کەڵەشێرێکی خەسێنراو قورتار بکەن!

ئۆیرۆپیدەس ئەوەندە زۆر نەڕۆیشت، جەنگ لەسەر بە ترۆیا کۆمیدی ببینێ. ڕۆمانێک ئەم لەمپەرەی شکاند. – شڤایکی سەربازیی هاشەک ئەوەندە کەم خۆی وابەستە بە ئامانجەکانی جەنگەوە دەبینێ، کە تەنانەت بەرهەڵستیشیان ناکات؛ ئەو ئامانجەکان ناناسێ؛ نیازیشی نییە بیانناسێ. جەنگ سامناکە، بەڵام ئەو بەهەند وەری ناگرێ. ئەوەی مانای نەبێ، مرۆڤ بەهەند وەری ناگرێ.

چرکەساتگەلێک هەن لەوانەیە مێژوو بە پرسیارە گەورەکانیەوە، پاڵەوانەکانیەوە مایەی پێکەنین، تەنانەت ئەگەر نەڵێین کۆمێدی دەربکەوێ، لێ سەختە، نامرۆڤانەیە، بەڵێ تەنانەت سەروو مرۆڤانەیە، بەردەوام وا ببینرێ. لەوانەیە هەڵاتووەکان لە توانایاندا بێ. شڤایک هەڵاتوویەکە. نەک بەمانای یاساییی وشەکە (یەکێک، کە بەپێچەوانەی یاساوە سوپا بەجێ دەهێڵێ)، بگرە بە مانای بێپەروایییەکی گشتگیر بەرامبەر کێشمەکێشی گەورەی دەستەجەمعی. هەڵاتوو لە هەموو لایەنێکەوە – سیاسی، یاسایی، ئاکاری– قێزەون، ناپەسند دەردەکەوێ، دەبێ لەگەڵ ترسنۆک و خیانەتکارەکان حسێب بکرێ. نیگای ڕۆماننووس بە جۆرێکی تری دەبینێ؛ هەڵاتوو یەکێکە، کە مل نادات، بایەخ بە خەباتی هاوچەرخەکانی بدات. کە مل نادات، لە قەسابخانەدا مەزنیی تراجیدی ببینێ. بەرهەڵستی ئەوە دەکا وەکو ساویلکە لە کۆمیدیای مێژوودا بەشدار بێ. دیدی بۆ شتەکان زۆرجار پێشبینانەیە، زۆر پێشبینانەیە، بەڵام لە ڕێی ئەوەوەی کە شوێنگەکەی بە

زەحـمــەت دەهێـڵـرێـتـەوە؛ لەوانی تـر دایدەپـچـڕێـنێ؛ لە مـرۆڤـایەتی دووری دەخاتەوە.

(لە جــەنگی یەکـەمـی جـیـهــانیـدا لەبـەر ئەو ئامـانجـانەی قـەیسـەریەتی هابسـبورگ خـەڵکی لە پێناویاندا بۆ شـەڕ نارد، بۆ چیکییـەکان نامـۆ بوو؛ بە هەڵاتوو دەورە دراو، شڤایک هەڵاتوویەکی ناوازە بوو: هەڵاتوویەکی ئاسوودە بوو. ئەگـەر بیـر لەو ناوبـانگە زۆرە دەکـەمـەوە، کـە هێـشـتـا لە وڵاتـەکـەیدا هەیەتی، ئەو بیـرەم بۆ دێت، کـە دۆخگـەلێکی دانسـقـەی ئاوا گـەورە، نزیکە نهێنـی، بەبێ بەشـداریی ئەوانی تر تـەنانەت دەتوانن هۆکاری بوونـی گەلێک بەدەستەوە بدەن.)

## زنجیری تراجیدی

ڕووداوێک، هەرچی چەنـدە بێ وەیش بێ، هەر وا بەئاسـانـی لەسـەر ڕووبەری وێنە ون نـابێ. ڕووداوێکی تر دەهـێـنێ و زنجـیـرێکی سـەرومـڕی پێـشـهـات دەخاتە گەڕ. بەرپرسیاریەتیی مرۆڤ بۆ ڕەفتارەکانی لە کوێدا بەکۆتا دێت، کە لە گۆڕانکارییـەکی حسـێب بۆنەکراو و گەورە بێکۆتایی درێژە بە خۆی دەدا؟ لە مـۆنۆلۆگـە گـەورەکـەی کـۆتاییی ئۆدیبی پادشـادا ئۆدیب ئەوانە بە نەفرەت دەکا، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان جەستەی منداڵییان ڕزگار کرد، کە دایک و باوکی دەیانویست لەناوی ببەن؛ ئەو چاکە کوێرانەیە بە نەفرەت دەکا، کە نەگبەتییەکی لە وتننەهـاتووی نایەوە؛ ئەو زنجیرە ڕووداوانە بە نەفرەت دەکا، کە نیازی باش تێیدا ڕۆڵ نابینێ؛ ئەو زنجـیـرە بێکۆتاییـیە بـە نەفرەت دەکا، کـە هەمـوو مـرۆڤـەکـان بە یەکـەوە دەبەسـتـێـتـەوە و لە هەمـوویان تاقـە یەک مرۆڤایەتی تراجیدی پێک دەهێنێ.

ئاخۆ ئۆدیب گوناهبارە؟ ئەم وشـەیەی کە لە فـەرهـەنگی یاسـاناسـەکانەوە وەرگیراوە لێرەدا هیچ مانایەکی نییە. لە کۆتاییی ئۆدیبی پادشادا ئۆدیب بە ئاوزونی جلەکەی یۆکاستاس خۆی کوێر دەکا، کە ئەویش خۆی هەڵواسیوە.

ئاخۆ ئەمە کردەوەیەکی دادپەروەرییە، کە دەیەوێ بە خۆی بکا؟ ئەو ویستەی، خۆی سزا بدا؟ یان پتر هاوارێکی دڕدۆنگی نییە؟ ئەو ئارەزووەی، ئیتر دڕندەییەکان نەبینێ، کە خۆی هۆکار و ئامانجێتی؟ ئاخۆ ئەمە ئارەزووی دادپەروەری نییە، بگرە ئارەزووی هیچە؟ لە ئۆدیب لەسەر کۆلۆنۆسدا، دوا شانۆنامەی کە لە سۆفۆکلیس بەجێ ماوە، ئۆدیبی ئێستا کوێر لە دژی تاوانبارکردنەکانی کرۆێن بەتوندی بەرگری لە خۆی دەکا و لە بەردەم نیگای پەسندکەرانەی ئەنتیگۆنەی یاوەریدا بێگوناهیی خۆی بەیان دەکا.

پێشووتر، کاتێ هێشتا دەرفەتم هەبوو لە پیاوانی کۆمۆنیستی دەوڵەت ورد ببمەوە، دەبوو بە سەرسامییەوە بۆم دەربکەوێ، کە ئەوان زۆرجار زۆر ڕەخنەگرانە بوون بەرامبەر ئەو واقیعەی لە ڕەفتارەکانی ئەوانەوە سەری هەڵدەدا، کە لە بەرچاویان دەبووە زنجیرەیەکی کۆنترۆڵنەکراوی ئەنجامگیری. ئێوە لێم دەپرسن ئەگەر بە ڕاستی هێندە بەرچاوڕوون بوون، ئەی لەبەرچی دەستیان نەدەکێشایەوە. لەبەر ئۆپۆرتونیزم؟ لەبەر خۆشەویستیان بۆ دەسەڵات؟ لە ترسدا؟ لەوانەیە. بەڵام ناتوانرێ ئەوە بەمەحاڵ بزانرێ، بە لای کەمەوە چەند کەسێک هەستی لێپرسراویەتی بۆ ڕەفتارێک ڕابەرییانی کردووە، کە لە سەرهەڵدانیدا بەشدار بوونە و نەیانویست نکووڵی لە خاوەنداریەتیدا بکەن، لەبەرئەوەی هەمیشە ئەو ئومێدەیان هەبوو بتوانن ڕاستی بکەنەوە. ئاراستەیەکی تر، مانایەکی نوێی پێببەخشن. هەتا ئەم ئومێدە وەهمیتر دەبوو، ئەوەندە بەهێزتر تراجیدیای بوونیان دەردەکەوت.

## دۆزەخ

لە نەسکی دەیەمی (زەنگ کات بۆ کێ لێ دەدرێ)دا هێمەنگوای ئەو ڕۆژە دەگێڕێتەوە، کە کۆمارخوازەکان (لەگەڵیشیاندا چ وەکو مرۆڤ و چ وەکو نووسەر هاوسۆزە) شارێکی کە بەدەستی فاشییەکانەوەیە داگیر دەکەن.

بەبێ دادگایی حوکم بەسەر نزیکەی بیست کەسدا دەدەن و لەو گۆڕەپانەدا کۆیان دەکەنەوە، کە لەو سەروبەندەدا پیاوان بە شەن، سێلک و داسەوە ڕیزیان بەستووە، دەبێ تاوانبارەکانیان پێ بکوژن. تاوانبارەکان؟ مرۆڤ ناتوانێ سەرکۆنەی زۆربەیان بکا جگە لە ئەندامیەتیی ناکارایان لە حیزبێکی فاشیدا، بە جۆرێکی میرغەزەبەکان، خەڵکی سادە، کە باشیان دەناسن و هیچیان دژیان نییە، لە سەرەتاوە دوودڵ و دڕدۆنگن؛ ئەمجا لە ژێر کاریگەریی ئەلهۆل و دوایی خوێندا شێتگیر دەبن، هەتا دیمەنەکە (وەسفکردنی نزیکەی دە یەکی ڕۆمانەکەی پێک هێناوە) بە تەقینەوەی دڕندەییەکی سامناک بەکۆتا دێت، کە هەموو شتێک دەبێتە دۆزەخ.

بەرنامەڕێژییە ئیستاتیکییەکان بەردەوام خۆیان وەردەگۆڕنە پرسیار؛ من لە خۆم دەپرسم: ئاخۆ مێژوو تراجیدییە؟ یا بەجۆرێکی تر بڵێین: چەمکی تراجیدی لە دەرەوەی چارەنووسی کەسایەتی مانایەکی هەیە؟ ئەگەر مێژوو ڕەشەخەڵک، لەشکر، ئازار و تۆڵەکاری دەخاتە گەڕ، مرۆڤ ئیتر ناتوانێ ویستی تاک جودا بکاتەوە؛ ئاوەڕۆ سەرومڕ لەبەر ڕژاوەکان تراجیدیا بە تەواوی هەڵدەلوشن و دنیا نغرۆ دەکەن.

ئەوپەڕی مرۆڤ دەتوانێ تراجیدیا لەژێر کەلاوەی دڕندایەتیدا بدۆزێتەوە، لە یەکەم گوژمی ئەوانەدا، کە ئەو بوێرییەیان هەبوو، ژیانیان بۆ ڕاستییەکەی خۆیان بخەنە مەترسییەوە.

بەڵام دڕندایەتی هەیە، کە هەڵکۆڵینی ئارکیۆلۆجی هەرگیز کەمترین جێدەستی تراجیدیا نادۆزرێتەوە؛ کوشت و بڕ لەسەر پارە؛ لەوەش خراپتر: لەبەر وەهمێک، هێشتا لەوەش خراپتر: لەبەر گەمژەییەک.

دۆزەخ (دۆزەخی سەر زەوی) تراجیدی نییە؛ دۆزەخ دڕندایەتییەکە بەبێ تاقە جێپەنجەیەکی تراجیدیا.

بەشی شەشەم

# پەردەی دڕاو

## ئەلۆنسۆ کویخانۆی داماو

ئەلۆنسۆ کویخانۆ کوڕێکی لاوی نەجیبزادەی لادێی هەژارە بڕیاری دا ببێتە سوارچاکی گەڕۆک و ناوی دۆن کیخۆتە دێ لا مانچای لە خۆی ناوە. مرۆڤ چۆن دەتوانێ شوناسنامەکەی پێناسە بکا؟ ئەلۆنسۆ ئەو کەسەیە، کە ئەو نییە.

جامێکی مسینی ڕیشتاشین لە دەلاکێک دەدزێ و وەکو خودە بەکاری دەهێنێ. دواییتر دەلاکەکە بە ڕێککەوت دێتە ناو مەیخانەکەوە، کە دۆن کیخۆتە لەوێیە و خەڵکی تری لەگەڵدایە. سەیری جامی ڕیشتاشینەکەی دەکا و دەیەوێ لە سەری دۆن کیخۆتەی بکاتەوە. وەلێ دۆن کیخۆتە بە سەربەرزییەوە مل بۆ ئەوە نادات، خودەکە وەکو جامی ڕێشتاشین ببینێ. بەمەش شتێکی بەرواڵەت وا سادە دەبێتە گرفت. بەڵام مرۆڤ چۆن دەتوانێ بیسەلمێنێ، کە جامێکی ڕیشتاشینی لە سەر نراو خودە نییە؟ ئەو کەسە تەشقەڵەبازەی لەگەڵ دۆن کیخۆتەدایە بە کەیفەوە تاقە هۆکاری بابەتی دەدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی هەقیقەت بسەلمێنێ: دەنگدانی نهێنی. هەموو ئامادەبووان بەشداریی تێدا دەکەن، ئەنجامەکەش ڕوونە: شتەکە وەکو خودە دانی پێدا دەنرێ. چ نوکتەیەکی نایابی بووناسییە!

دۆن کیخۆتە حەز لە دولچینیا دەکا. تەنیا یەک جار سەرپێیی بینیویەتی، یان لەوانەیە هەرگیز نەیبینیبێ. ئەو حەزی لێی کردووە، بەڵام تەنیا، وەکو خۆی دەڵێ، "لەبەرئەوەی سوارچاکی گەڕۆک دەبێ عاشق بێ". بێوەفایی، خیانەت، نائومێدی لە ئەڤیندا، سەرجەمی ئەدەبی گێڕانەوە لە کەوناراوە ئەمە دەناسێ. بەڵام لەلای سێرڤانتس عاشقەکان نین، کە دەخرێنە ژێر

پرسیارەوە ئەوە ئەڤینە، چەمکی ئەڤین، کە دەخرێتە ژێر پرسیارەوە. چونکە ئەڤین چییە، ئەگەر مرۆڤ ژنێکی خۆش بوێ، بەبێ ئەوەی بیناسێ؟ بڕیاری ڕووت بۆ ئەڤین؟ یان تەنانەت تەنیا لاساییکردنەوە؟ پرسیارەکە پێوەندیی بە هەموومانەوە هەیە: ئەگەر نموونەکانی ئەڤین لە منداڵیمانەوە داوایان لێ نەکردبین، لاساییی ئەوان بکەینەوە، ئەوسا دەزانین، ئەڤین چییە؟

خانەدانێکی دەرەبەگی هەژاری لادێی ئەلۆنسۆ کویخانۆ ناو مێژووی هونەری ڕۆمانی بە سێ پرسیار لەبارەی بوونەوە کردەوە: شوناسنامەی تاک چییە؟ هەقیقەت چییە؟ ئەڤین چییە؟

## پەردەی دڕاو

سەردانێکی تری پراگ لەپاش ١٩٨٩. لە دۆڵابی کتێبی هاوڕێیەکەوە لامسەرلایی کتێبێکی یارۆمیر یۆن دەردەهێنم، ڕۆماننووسێکی چیکیی سەردەمی نێوان دوو جەنگەکە. ڕۆمانەکە لە زووەوە لە بیر کراوە، ناوی دەعبای تەقەتەقکەرە، لەو ڕۆژەدا بۆ یەکەم جار دەیخوێنمەوە. دەوروبەری ساڵی ١٩٣٢ نووسراوە، چیرۆکێک دەگێڕێتەوە، کە نزیکەی دە ساڵ پێشووتر ڕوو دەدا، لە ساڵەکانی یەکەمی کۆماری چیکۆسلۆڤاکیادا کە ١٩١٨ جاڕی بۆ درا. جەنابی ئێنگلبێرت، لە کاتی پادشایەتیی هابسبورگدا ڕاوێژکاری کاروباری دارستانە، دەگوێزێتەوە بۆ پراگ، بۆ ئەوەی لەوێ کاتی خانەنشینی بەسەربەرێ. بەڵام سەری دەتەقێ بە مۆدێرنێتی توندوتیژی دەوڵەتە تازەکەدا و بێئومێدی دوای بێئومێدی ئەزموون دەکا. دۆخێکی لە ڕادەبەدەر ناسراو. بەڵام شتێک زۆر نوێیە: سامناکیی ئەم جیهانە مۆدێرنە، نەفرەتی جەنابی ئێنگلبێرت نە دەسەڵاتی پارەیە نە لووتبەرزیی تازەپیاکەوتووان، بگرە ژاوەژاوە؛ نەک ژاوەژاوەی بارانێکی بە لێزمە یان چەکوشێک، بگرە ژاوەژاوی نوێی مەکینەکان، بە تایبەتی هی ترومبێل و ماتۆڕ: "دەعبای تەقەتەقکەر".

جەنابی ئێنگلهارتی هەژار: سەرەتا لە ڤێلایەکدا نیشتەجێ دەبێ؛ لەوێ بۆ یەکەم جار لەگەڵ ترومبێلدا تووشی بەدناکی دەبێ، کە ژیانی دەبێتە هەڵهاتنێکی بێکۆتایی. دەگوازێتەوە بۆ گەڕەکێکی تر، ئاسوودەیە، کە ترومبێل مۆڵەتیان نییە بە شەقامەکەیاندا تێپەڕن. لەبەرئەوەی نازانێ، کە قەدەغەکردنەکە تەنیا کاتییە، ئەو شەوەی لە پەنجەرەکەیەوە جارێکی تر گوێی لە ژاوەژاوی "دەعبا تەقەتەقکەرەکان" دەبێ، زۆر تووڕە دەبێ. لەو کاتەوە هەتا گوێی بە لۆکە نەئاخنێ ناچێتە ناو پێخەوەوە و تێدەگا، کە "خەو بنەماییترین پێویستیی مرۆڤە و کە ئەو مردنەی مەحاڵی نووستن دەبێتە هۆی دەبێ سامناکترین مردن بێ". لە هوتێلی گوندەکاندا بە دوای هێمنیدا دەگەڕێ (بێ ئاکام)، لە شارۆکەکاندا لەلای هاوڕێ کۆنەکانی (بێ ئاکام) و لە دواییدا شەوەکانی لە شەمەندەفەردا بەسەر دەبا، کە بە خەرەکە شکاوە بێدەنگە، کۆنەکانیەوە تا ڕادەیەک خەوێکی ئاسوودە بۆ ئەم مرۆڤە شلەژاوە دەرەخسێنن.

کاتێ یۆن ڕۆمانەکەی نووسیوە، لەوانەیە هەر سەت پراگی یەکێک ترومبێلی هەبووبێ، ئەوە دەڵێم چی، هەر هەزار. ئەو کاتەی کە هێشتا کەم بوو، دیاردەی ژاوەژاو (ژاوەژاوی مەکینە) لە سەرتاپای نوێی سەرسووڕهێنەریدا دەرکەوت. دەتوانین ڕێسایەکی گشتی لەمەوە هەڵهێنجین: کاریگەری بوونی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە چرکەساتی بڵاوبوونەوەیدا بە بەهێزترین شێوە هەستی پێ ناکرێ، بگرە کە لە سەرەتایدا بێ، بێهاوتا زۆر لاوازترە، وەکو لەوەی سبەی دەبێ. نیتشە ئەوە یاداشت دەکا، کە لە سەتەی نۆزدەدا کڵێسا لە هیچ شوێنێک لە ئەڵمانیا کەمتر گەندەڵ نەبوو و لەبەر ئەوەشە چاکسازی ڕێک لەوێوە دەستی پێ کرد، چونکە تەنیا "سەرەتاکانی گەندەڵی وەکو بەرگە نەگیراو هەستی پێ کرا". بە بەراورد بە ئەمڕۆ بیرۆکراتی سەردەمی کافکا منداڵێکی بێگوناه بوو، بەڵام کافکا ترسناکییەکەی دۆزییەوە، کە لەو کاتەوە بێمانا بووە و بەلای هیچ

مـرۆڤـێکەوە گـرینـگ نیـیـە. لە سـاڵانی شـەسـتـەکـانی سـەتەی بیـسـتـەمـدا فەیلەسووفگەلی مـەزن "کۆمەڵگەی بەرخورد"یان خسـتووەتە ژێر ڕەخنەوە، کە ئەمجا لە ڕەوتی ساڵاندا واقیع بە جۆرێکی وا کۆمیدیانە تێی پەڕاندوون، کە مـرۆڤ شــەرم دەکـا، پەنایان بۆ بەرێ. چونکە دەبێ ڕێسـایەکی تری گـشـتی دووبارە بکرێتـەوە: لە کـاتێکدا واقـیـع شـەرم ناکـا خـۆی دووبارە بکاتەوە، بیرکردنەوە بە هۆی دووپاتبوونەوەی واقیعەوە هەمیشـە بەوە بەکۆتا دێت، کە بێدەنگ بێت.

١٩٢٠ جـەنابی ئێنگلبـێـرت هێـشـتـا بە ژاوەژاوی "دەعـبـای تەقـەتەقکەر" سـەری سـوورمـابوو، وەچەکانی دوای ئـەو پێیـان ئاسـایی بوو. دوای ئەوەی ژاوەژاوە مــرۆڤی تۆقــاند، نـەخـۆشی خــست، بـەرە بـەرە جــەوهـەری مــرۆڤی گـۆڕی؛ بەهـۆی ئامـادەیی لـە هەمـوو شـوێنێک و بوونـی و سـەقـامگـیـری لە دواییدا مـرۆڤی بە پێوسـتی بۆ ژاوەژاو خەمـڵاند و بەمەش پەیوەندییەکی زۆر جیاوازی لەگـەڵ سروشت، لەگەڵ هێمنی، لەگەڵ ئاسـوودەیی، لەگەڵ جوانیی، لەگەڵ مـۆسـیـقا (کە بووەتـە پشتینەی ژاوەژاو، ڕەوشـی هـونەریی ون کردووە) و تەنانـەت لەگـەڵ وشــەدا (کـە شـوێنی هەڵبـژاردەی جـارانی لـە جـیـهـانی دەنگەکـاندا نەمـاوە) هەیە. ئەمـە لە مـێژووی بووندا گـۆڕانێکی هێندە قـووڵ بوو، هـێندە هەمــیــشـــەیی بوو، وەکـو هـیـچ جــەنگێک، هیـچ شــۆڕشــێک نەیانـتـوانیـبێ بیـهـێننە ئاراوە؛ گـۆڕانکارییـەک، کـە یارۆمـیـر یۆن خـاکـەرا هەستی بە سەرەتاکانی کردووە و وەسفی کردووە.

من دەڵێم "خـاکەرا"، چونکە یۆن یەکێک بوو لەو ڕۆمـاننووسـانە، کە مـرۆڤ پـلە دووی پـێ دەڵێ؛ بەڵام، گـــەورە یان بچـــووک، ئەو ڕۆمـــاننووســـێکی ڕاسـتەقینە بوو: هەقـیـقەتـی لەسەر پەردەی بە پێشـڕاڤە چنراوی نەنووسی؛ ئەو ئەو بوێرییە سـێرڤانتسییـەی هەبوو، پەردەکە بدڕێ. با بیـەڵێن جـەنابی ئێنگلبێرت لـە ڕۆمـان بێتـەوە دەرەوە و وەکـو مـرۆڤێکی ڕاسـتـەقـینە وێنای بکەین، کە سەرقاڵی ئەوەیە ئـەوتۆبیاگرافیاکەی بنووسێتەوە؛ نەخێر، بە هیچ

شێوەیەک هاوشێوەییی لەگەڵ یۆنی ڕۆمانەکەدا نییە! چونکە وەکو زۆربەی هاوشێوەکانی جەنابی ئێنگلبێرت بەوە ڕاهاتووە، ژیان بەوە حوکم بدات، مرۆڤ دەتوانێ چی لەسەر پەردەی بە بەردەم جیهاندا هەڵواسراو بخوێنێتەوە؛ ئەو دەزانێ، کە دیاردەی ژاوەژاو، هەرچی چەندە ناخۆشیش بێت، شایانی بایەخ نییە. بە پێچەوانەوە ئازادی، ناوابەستەیی، دیموکراتی یان لە گۆشەنیگای لایەکەی ترەوە، سەرمایەداری، ڕووتاندنەوە، نایەکسانی، بەڵێ، سەت جار بەڵێ، ئەمانە چەمکی جیدین، کە دەتوانن مانا بە چارەنووس ببەخشن، بایەخ بە بەدبەختی بدەن! لەبەر ئەوە لە ئەوتۆبایگۆرافیاکەیدا، کە دەبینم لۆکە لە گوێیەکانیایەتی و دەنووسێ، گرینگییەکی زۆر بە ئازادیی وەدەستهێنراوەی وڵاتەکەی دەدا و سەرزەنشتی خۆپەرستیی تازەپیاکەوتووەکان دەکا؛ ئەوەی پێوەندیی بە "دەعبا تەقەتەقکەرەکانەوە" هەبێ، ئەوا فرێی داونەتە پەراوێزێکەوە، تەنیا ناوهێنانی ناخۆشییەکی بێوەی، کە لە ڕاستیدا بۆ پێکەنین دەمانورووژێنێ.

## پەردەی دڕاوی شتی تراجیدی

دەمەوێ جارێکی تر سیمای ئەلۆنزۆ کیوخانۆ دەربهێنمەوە؛ سواری ڕۆزینانتەکەی[6] ببێ و بە سواری بیبینم ئەسپەکەی غار دەدا و بە دوای کوشتاری گەورەدا دەگەڕێ. ئامادەیە ژیانی بۆ شتێکی شکۆدار بکاتە قوربانی، بەڵام تراجیدیا ئەوی ناوێ. چونکە لە کاتی لەدایکبوونییەوە ڕۆمان لە تراجیدیا بەدگومانە: ئەیقونی گەورەیی؛ سەرچاوە شانۆییەکانی؛ کوێری لە هەمبەر پەخشانی ژیان. ئەلۆنزۆ کیوخانۆی داماو. لە نزیکی سیمای غەمگینییەوە هەموو شتێک دەبێتە کۆمیدیا.

لەوانەیە هیچ ڕۆماننووسێک هێندەی ڤیکتۆر هوگۆ لە نەوەت و سێ

٦. ئەسپەکەی دۆن کیخۆتە(و.)

(١٨٧٤)دا به شـەيداييى تراجيـديا فـريوى نەخـواردبێت، ئەو ڕۆمـانەى كـە لەبارەى شـۆڕشى فرەنسييـەوە نووسـيويەتى. سىێ بەشداره ئارايشـتكراو و پۆشـراوەكانى ئەو هەسـتەمان لـەلا دروست دەكەن، كە بـە ڕێگەى ڕاسـتەوخۆ له تەختەى شانۆوە بۆ ڕۆمان گواستويانەتەوە: ماركيز دو لانتێناسـى شێت و شـەيداى پاشـايەتى؛ سـيـموردیا، فيگورى سـەرەكيـى شـۆڕش كـە بە هەمـان شێـوە قەناعـەتى بە ڕاستى هەيە؛ گاوڤا، برازاى لانتێناسى، خانەدانێک كه لەژێر كاريگەريى سێمۆرديادا بووەتە جەنەراڵێكى گرينگى شۆڕش.

ئەمەش كۆتاييى چيرۆكەكەيانە: لە ناوجەرگەى كوشتـارێكى وێنانەكراو و سـامناكـدا لە كـۆشكێكدا كـە سـوپاى شـۆڕش گـرتوويەتـى، لانتێـناس بۆى دەلوىێ، لە دەرگەيەكى پەنهانەوە هەڵبىێ. ئەمجا، كە لە ئابلۆوقەدەران قوتارى دەبىێ، لە سـروشـتـدا دەبينىێ كـۆشكەكـە دەسـووتىێ و گـوێى لە بەرهـەنسكى دايكێكى دڕدۆنگ دەبىێ. لەم چركەسـاتەدا بيرى دەكەوێتـەوە، كە سىێ منداڵى خێزانێكى كۆمارى لە پشتى دەرگەيەكى ئاسنينەوە وەكو بارمتە ڕاگيراون، كە كليلەكەى لە گيرفانى ئەمدايە. ئەو سەتان مردووى بينيـوە، ژن، پياو، پير و تەنانەت چاويشى نـەترووكانـدووە. بەڵام مردنى منداڵان، نەخێر، هەرگيز، هەرگـيـز ناتوانىێ جـارێكى تر ڕێگە بـەوە بدات! واتـە بەهەمـان دەرچەى ژێرزەويندا دەگەڕێتـەوە بە بەرچاوى دوژمنەكانييـەوە كە وەكو بەرد ڕەقبوونە منداڵەكان لە ئاگر ڕزگار دەكا. دەستگير دەكرىێ و حوكمى مەرگى بەسـەردا دەدرىێ. كـاتىێ گـاوڤـا لە بارەى كـارە پاڵەوانانـەكەى مـاميـيـەوە دەبيـستـێ، قـەناعەتە ئاكارييـەكانى دەهەژێن: ئاخۆ يەكێكى خۆى كردبێتـە قوربانى بۆ ئەوەى ژيانى منداڵ ڕزگار بكا، شايانى ئەوە نييـە بيبـەخشن؟ يارمـەتيى لانتـەناس دەدا بۆ ئـەوەى هەڵبىێ، لەگەڵ ئەوەشـدا دەزانىێ، بـەمـە خۆى حوكم بەسـەر خۆيدا دەدا. بە ڕاستـى سيمۆرديا بەپێى ئاكارى بێسـازشى شۆڕش گاوڤـا دەنێـرىێ بۆ سـەربڕينگە، لەگەڵ ئـەوەشـدا وەكو كـوڕى خۆى خـۆشى دەوىێ. بۆ گاوڤا حـوكمـى مـەرگەكە ڕەوايە، بە هێمنى قـبووڵى دەكا. كاتىێ

تەوری سەرپەڕاندن دادەبەزێ، سیمۆردیا، شۆڕشگێڕی گەورە گوللەیەک بەدڵی خۆیەوە دەنێ.

ئەوەی ئەم کەسانە دەکاتە ئەکتەری تراجیدی، هاوسۆزی تەواویانە لەگەڵ ئەو قەناعەتانەدا، کە ئامادەن لە پێناویاندا بمرن و دەمرن. پەروەردەکردنی هەستەکان (١٨٦٩) کە پێنج ساڵ پێشووتر نووسراوە و ئەویش باسی شۆڕشێک دەکا، واتە شۆڕشی ١٨٤٨، بە تەواوی و سەرومڕ لەو دنیایەدا ڕوودەدا کە لە دەرەوەی تراجیدیایە؛ فیگورەکان ڕای خۆیان هەیە، بەڵام ڕای ناگرینگن، بەبێ سەنگ، بەبێ پێویستی؛ بە ئاسانی دەیانگۆڕن، نەک لەبەر هۆکاری تۆژینەوەی ڕۆشنبیری، بگرە وەکو بۆینباخ بگۆڕن، لەبەرئەوەی ڕەنگەکانیان ئیتر بەدڵ نییە. کاتێ دێسلاوریەرس ئەو ١٥٠٠٠ فرانکەی کە پەیمانی بۆ کۆوارەکەی پێ درابوو لەلایەن فرێدریکەوە نادرێتێ، "هاوڕێیەتی بۆ فرێدریک یەکسەر دەمرێ... ڕقێک بۆ دەوڵەمەندەکان دایدەگرێ. مەیلی بۆ بیروڕاکانی سێنێکال لەلا جوولاو بڕیاری دا، دویان بکەوێ." دوای ئەوەی خاتوو ئارنۆ بە داوێنپاکییەوە فرێدریکی تووشی نائومێدی کردبوو، "وەکو دێسلاریەرس، ئارەزووی ڕووخانێکی گشتی کرد ..."

سێنێکالی شۆڕشگێڕی سەرسەخت، "دیموکرات"ە، "هاوڕێی گەل"ە، دەبێتە بەڕێوەبەری کارگە و بە لووتبەرزییەوە مامەڵە لەگەڵ کرێکارەکان دەکا. فرێدریک: "ئێوە زۆر دڵڕەقن بۆ ئەوەی مرۆڤێکی دیموکرات بن!" سێنێکال: "خۆ دیموکراتییەت بەرەڵایی تاک نییە. دیموکراتی یەکسانییە لە بەردەم یاسادا، دابەشکردنی کارە، ڕێسایە!" لە ڕۆژانی ساڵی ١٨٤٨دا جارێکی تر دەبێتەوە بە شۆڕشگێڕ، ئەمجا تفەنگ بە دەستەوە لە کپکردنی ئەم شۆڕشەدا بەشدار دەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەوا نییە، ئۆپۆرتونیستێکی تێدا ببینرێ، کە لە کوێوە با بێ لەوێوە شەن بکا. شۆڕشگێڕ یان دژە شۆڕش، هەموو کات هەمان شتە. چونکە – ئەمە دۆزینەوەیەکی مەزنی فلاوبێرە – ئەو شتەی، هەڵوێستێکی سیاسی پشتی پێ قایم دەکا، بیروڕا

نییە (ئەم شتە ناسکە، نارِوونە!)، بگرە شتێکی کەمتر عەقڵانییە، تۆکمەترە: بۆ نموونە لەلای سێنێکال وابەستەییەکی نموونەییە بە ڕێساوە، ڕقێکی نموونەییە لە تاک (وەکو ئەو دەڵێ، لە بەردەم "بەرەڵایی تاکدا").

فلاوبێر خۆی زۆر لەوە بەدوور دەگرێ حوکمی ئاکاری بەسەر فیگورەکانیدا بدا. کەمیی قەناعەتیان فریدەریک یان دێسلاوریس بە ناپەسند یان نادلۆڤان ناکا. بەڵام بە هیچ جۆرێک ترسنۆک یان پلارتێگر نین و زۆرجار هەست بە پێویستیی کردەوەیەکی ئازایانە دەکەن. لە ڕۆژی شۆڕشدا، لە ناوەڕاستی ئاپۆڕەی خەڵکەکەدا، فریدەریک سەرنجی ئەوە دەدا، کە پیاوێک لە تەنیشتییەوە گوللەیەک بەر سکی دەکەوێ و "بە تووڕەییییەوە خۆی بۆ پێشەوە هەڵدا..." بەڵام ئەمانە تەوژمی کاتین و نابنە هەڵوێستی هەمیشەیی.

تەنیا دوساردیر، کە لە هەموویان ساکارترە، بۆ ئیدیالەکەی دەمرێ. بەڵام جێگەکەی لە ڕۆماندا پلە دووە. لە تراجیدیایەکدا چارەنووسی تراجیدی لە پێشەوە لەسەر تەختەی شانۆ ڕوو دەدا. لە ڕۆمانی فلاوبێردا مرۆڤ دەتوانێ تەنیا لە پشتەوەی شانۆ، وەکو تیشکێکی ترپەترپەکەر تێپەڕینی ڕاگوزەری مەزەندە بکا.

## پەری

لۆرد ئەلوۆرپی دوو مامۆستای ماڵەوەی بۆ تۆم جۆنسی لاو دامەزراندووە: یەکێکیان، سکوەیر، مرۆڤێکی مۆدێرنە، بۆ بیرۆکەی لیبراڵی، زانستی سروشت و فەلسەفە کراوەیە؛ ئەوی تر، قەشە پواکوم، کۆنزێرڤاتیڤە، تاقە سەرچاوەی قەناعەتی ئاینە؛ دوو پیاوی زانا، بەڵام لە هەمان کاتدا بەد و گەمژە. لە مەدام بۆڤاریدا بە تەواوی پێش ئەم دوو کەسە نەگبەتە دەکەون: هۆمیاسی دەرمانفرۆش کە زانست و پێشکەوتن کەوتووەتە کەڵکەڵەی و قەشە بورنیزیەی توندڕۆ.

هەرچی چەندە فیدلینگ بۆ ڕۆڵی گەمژەیی لە ژیاندا هەستیار بوو، ئەو وەکو ناوازە، ڕێککەوت دەیبینی، وەکو لاوازی (مایەی ڕق یان کۆمیدی)، کە نەیتوانی بە قووڵی جیهانبینی بگۆڕێ. لەلای فلاوبێر گەمژەیی بە جۆرێکی ترە؛ ناوازە نییە، ڕێککەوت نییە، لاوازی نییە؛ دیاردەی وەکو بڵێی چەندیەتی نییە، کەمیی چەند گەردیلەیەکی ژیری نییە، کە بتوانرێ لە ڕێی دەرسدادانەوە لاببرێ؛ چاک ناکرێتەوە، لە هەموو شوێنێک ئامادەیە، لە بیرکردنەوەی گەمژەکان و بە هەمان شێوە بلیمەتەکاندایە، بەشێکی جودانەکراوەی "سروشتی مرۆڤ"ە.

با ئەوە بیری خۆمان بخەینەوە سان بۆڤ بە چی سەرکۆنەی فلاوبێری دەکرد: لە مەدام بۆڤاریدا "شتی باش کەم ڕوو دەدا". چی؟ ئەی چارل بۆڤاری؟ ئاخۆ خۆی بۆ ژنەکەی و نەخۆشەکانی خۆی تەرخان کردووە، بەبێ گەردیلەیەک خۆپەرستی – پاڵەوان نییە، شەهیدی باشی نییە؟ چۆن مرۆڤ دەتوانێ لە بیری بکا، لەگەڵ ئەوەشدا کە دوای مردنی ئێما بە هەموو دەست تێکەڵکارییەکانی زانی، هەستی بە هیچ قینێک نەکرد، تەنیا غەمگینییەکی بێکۆتایی دایگرت؟ مرۆڤ چۆن دەتوانێ ئەو نەشتەرکارییە لە بیر بکا، کە بە پێ خوارەکەی هیپۆلیتەی مەیتەرەوە خۆی عەزیەت داوە! هەموو فریشتەکان بە سەریەوە فڕیون – بەزەیی، دڵفراوانی، خۆشەویستی بۆ پێشکەوتن! هەموو پیرۆزباییان لێی کرد، تەنانەت ئێما، کە چاکە دڵی فڕاندبوو، پڕ بەهەژانی ناخی ماچی کرد! چەند ڕۆژێک دواتر نەشتەرکارییەکە بێ سوود دەردەکەوێ و دوای ئازارێکی لە وتننەهاتوو لاقی هیپۆلیت دەبڕنەوە. چارڵ هەست بە کلۆڵی دەکا و بەشێوەیەکی هەست هەژێن هەموو بەجێی دەهێڵن. وەکو مرۆڤێکی تا ڕادەی مەحاڵ باش و بەلام ڕاستەقینە بە دڵنیایی بەزەییەوە زۆر بەشکۆترە وەکو لە "ژنە خێرەومەندەکەی گوندان"، کە سان بۆڤی لە ناخەوە هەژاندووە.

نەخێر، ئەوە ڕاست نییە، کە لە مەدام بۆڤاریدا "شتی باش کەم ڕوو دەدا"؛

مەسـەلەکە شتێکی ترە: گەمژەیی زۆری تێدا ڕوو دەدا؛ لەبەرئەوەیە چارل بۆ ئەو "دیمەنە باشـە" بەکار نایەت، کە سـان بۆڤ حـەزی دەکرد بیبینێ. بەڵام فلاوبێر نایەوێ "دیمەنی باش" بخاتە بەرچاو، ئەو دەیەوێ "بچێتە ناو ڕۆحی شتەکانەوە". لە ڕۆحی شـتەکانیشدا، بۆ ناو ڕۆحی هەموو شتـە مرۆڤانەکان، لە هـەموو شـوێنێک پەری ناسکی گـەمژەیی دەبینێ سـەما دەکەن. ئەم پـەرییە نابەرچـاوە خـۆی زۆر بـاش چ لەگـەڵ باش و چ لەگـەڵ بەددا دەگـونجـێنێ، چ لەگـەڵ زانست و چ لەگـەڵ نەزانیـدا، چ لەگـەڵ ئێـمـا چ لەگـەڵ چارڵسـدا، چ لەگەڵ ئێوەدا، چ لەگەڵ مندا. فلاوبێر ئەم پەرییەی هێنایە ناو هۆڵی سـەمای مەتەڵی گەورەی بوونەوە.

## دابەزین بۆ بنی تاریکی نوکتە

کاتێ فـلاوبێر باسی پرۆژەی بۆڤـار و پیکوچێی بۆ تورگیـەنێڤ کردووە، ئەو پێشـنیـازی ئەوەی بۆ کـردووە، زۆر بەکورتی بیگێـڕێتـەوە. ئەمـە ڕای نایابی پیرە وەستـایەکە. چونکە ئەم چیرۆکە تەنیا دەتوانـێ کاریگەریی کۆمیدی لە شـێـوەی گێڕانەوەیـەکی کورتدا بـهـێڵـێتـەوە. درێژیی تاکنەوا و وەڕەسکەر، ئەگـەر نـەڵێین بـە تەواوی پووچـی دەکـا. بەڵام فـلاوبێـر لـەسـەر ڕای خـۆی دەمێنێتەوە؛ بۆ تورگیەنێڤی ڕوون دەکاتەوە: "ئەگەر مرۆڤ... ئەم بابەتە... بە کورتی بگێڕێتەوە، بەشـێوازێکی کورت و ئاسـان، کەم تا زۆر دەبێتـە پارچە پەخشـانێکی نەستـەق، بەڵام بەبێ فراوانی و شیـمانە، لە کاتێکدا، ئەگەر من بچــمــە نـاو وردەکــاری و پەرەی پـێ بدەم، وا دەردەکــەوێ، وەکــو بـڕوا بە چیرۆکەکەی خۆم بکەم و مرۆڤ دەتوانێ شتێکی جیدی و تەنانەت تۆقێنەری لێ پێک بهێنێ."

دادگـەیی کافکا بۆ داواکـارییـەکی هونـەری زۆر هـاوشـێـوە دەگـەڕێتـەوە. دەیتـوانی نەسکی یەکـەم (کـە کـافکا بۆ هـاوڕێکانی خـوێندووەتەوە و زۆر زۆر پێی کـەیفخـۆش بوونە) (بە ڕەوایی) تەنیـا وەکو چیرۆکـۆکـەیەکی کـۆمـیدی،

وەکو نوکتە درکی پێ بکرێ: کەسێک بە ناوی (ک.)ەوە بەیانییەک لەلایەن دوو پیاوی ئاساییەوە لە جێخەو غەفڵەتگیر دەکرێ، بەبێ ئەوەی هیچ هۆیەکی بۆ بهێننەوە دەستگیری دەکەن، لەو هەلەدا بەرچاییەکەی دەخۆن و وا ئاسایی لووتبەرزانە لە ژووری نووستنەکەیدا ڕەفتار دەکەن، کە (ک.) لە بیجامەدا، شەرمنۆک و گێلانە نازانێ دەبێ چی بکات. ئەگەر کافکا دوای ئەم نەسکە، دواییتر نەسکی تری هەمیشە ڕەشتری بە دوایدا نەهێنایە، ئەمڕۆ کەس پێی سەیر نەدەبوو. کە هاوڕێکانی ئاوا پێ کەنیون. بەڵام کافکا نەیویستووە (من دارشتنەکەی فلاوبێر وەردەگرم) "پارچە پەخشانێکی کەم تا زۆر نەستەق" بنووسێ، ئەو ویستی "بەرفراوانییەکی" گەورەتری کۆمیدی بەم دۆخە بدا، "بچێتە ناو وردەکارییەوە و پەرەی پێ بدا"، لەسەر "شیمانەیی" سوور بێ، بۆ ئەوەی "وا دەربکەوێ، وەکو بڕوای بەو چیرۆکە بێت"، بۆ ئەوەی "شتێکی وا جیدی و تەنانەت تۆقێنەر"ی لێ بەرهەم بهێنێ. ویستی هەتا بنی تاریکی نوکتە بچێتە خوارەوە.

بۆڤار و پێسوچێ، دوو خانەنشین بە هەوڵ و کۆششی ئەوەوە، خۆیان فێری هەموو زانستێک بکەن، کەسایەتییەکانی نوکتەیەکن، بەڵام لە هەمان کاتدا کەسانی ڕووداوێکی نادیارن؛ نەک تەنیا مەعریفەیەکی بەرفراوانتریان لە مرۆڤەکانی دەوروبەریان هەیە، بگرە وەکو لە هەموو ئەو خوێنەرانەیش، کە چیرۆکەکانیان دەخوێننەوە. ئاگایان لە هەقیقەتەکانە، ئاگایان لە تیۆرەکانە لەبارەی هەقیقەتەکانەوە، بەڵێ تەنانەت ئاگایان لەو بەڵگانەیە، کە نکووڵی لەم تیۆریانە دەکەن. مێشکی تووتییان هەیە و تەنیا ئەوە دووبارە دەکەنەوە کە فێری بوون؟ ئەمەش ڕاست نییە؛ زۆرجار چاوەڕواننەکراو تێگەیشتنێکی مرۆڤانەی تەندروست پێشان دەدەن. ئێمەش بەتەواوی هەقیان دەدەینێ، کاتێ هەست بە سەردەستی بەسەر ئەو خەڵکانە دەکەن کە لەگەڵیان هەڵسوکەوت دەکەن، لە گەمژەییان تووڕەن و مل نادەن، ئەم گەمژەییە قبووڵ بکەن. کەس گومان لەوە ناکا، کە گەمژەن. بەڵام بۆچی بە گەمژەیان

دەزانین؟ هەوڵ بدەن، گەمژەیییەکەیان پێناسە بکەن. هەوڵ بدەن، گەمژەیی وەکو گەمژەیی پێناسە بکەن! گەمژەیی چییە؟ عەقڵ لە توانایدایە، دەمامک لە رووی ئەو خراپییە دابماڵێ کە فێڵبازانە لە پشتی درۆی جوانەوە خۆی حەشار داوە. بەڵام لە گەمژەییدا عەقڵ بێدەسەڵاتە. لەبەرئەوەی هیچ شتێک بۆ دەمامک لێداماڵین لە ئارادا نییە. گەمژەیی دەمامکی نییە. گەمژەیی لێرەدایە، بێگوناهە. سەرراستە. رووتە. نایەتە پێناسەکردن.

من سێ کەسە گەورەکەی ڤیکتۆر هوگۆ لە بەردەم خۆمدا دەبینم، لانتێناس، سیمۆردیا، گەوڤا، ئەم سێ پاڵەوانە سەرراستە، کە قازانجی شەخسی نەیتوانی لەسەر رێی راست لایانبدات و من لە خۆم دەپرسم: چی شتێک هێزیان دەداتێ، بەبێ بچووکترین گومان، بەبێ هیچ دوودڵییەک لەسەر رای خۆیان بمێننەوە، ئەمە گەمژەیی نییە؟ گەمژەییەکی بەفیز، بەشکۆ، وەکو گەمژەییەکی لەسەر مەرمەڕ هەڵکۆڵراو؟ گەمژەییەک، کە بە دڵسۆزی هاوەڵیی هەرسێکیان دەکا، وەکو چۆن ژنە خواوەندێکی ئۆڵیمپ هەتا مردن هاوەڵیی پاڵەوانەکانی دەکرد؟

بەڵێ، من لەو بڕوایەدام. گەمژەیی بە هیچ جۆرێک لە گەورەیی پاڵەوان کەم ناکاتەوە. لە "سروشتی مرۆڤ" جودا نەکراوە، هەمیشە و لە هەموو شوێنێک لەگەڵ مرۆڤدایە: لە نیوە تاریکیی ژووری نووستندا وەکو لەسەر سەکۆی رووناککراوەی مێژوودا.

## بیرۆکراتییەت دوای شتیفتەر

من لە خۆم دەپرسم، کێ یەکەم کەس بوو کە گرینگیبوونی بیرۆکراتیای دۆزییەوە. رەنگ بێ ئادەلبێرت شتیفتەر بێ. ئەگەر رۆژێک لە رۆژان لە ژیانمدا ئەوروپای ناوین نەبوایەتە جۆش و خرۆشم، کێ دەزانێ، ئاخۆ من ئەم شاعیرە کۆنە نەمساییەم وا بە ئاگەدارییەوە دەخوێندەوە، کە بە هۆی درێژییەوە، لە رێی دەمسپێتیکردنەوە، لە رێی ئاکارگەراییەوە، لە رێی

داوێنپاکییەوە بۆ من زیاتر نامۆ بوو. بەڵام ئەو نووسەری نموونەییی ئەوروپای ناوینی سەتەی نۆزدەیە، چرۆی پاکی ڕۆح و ئەو قۆناغەیە کە بە بیدەرمایەر ناو دەبرێ! بەبایەخترین ڕۆمانی شتیفتەر دوای هاوینە (١٨٥٧) ئەوەندە ئەستوورە، سووک و سانا وەکو چیرۆکەکە خۆی: کوڕێکی گەنج ناوی هاینریخە لە کاتی سەیرانی بۆ چیاکان ڕەهێڵە بارانێک غافڵگیری دەکا. لە زەویوزارێکدا بە دوای پەناگەدا دەگەڕێ، خاوەنەکەی، ئەریستۆکراتێکی پیرە ناوی ڕیزاخە، میواندۆستانە دەیگرێتە خۆی و خۆشی دەوێ. ئەم کۆشکە بچووکە ناوی جوانی "خانووی گوڵان"ی لێ نراوە، هاینریخیش دوای ئەوە بەڕێکوپێکی ساڵی جارێک یان دووجار دەگەڕێتەوە و ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە. لە ساڵی نۆیەمدا کچە ڕۆحییەکەی ڕیزاخ دەخوازێ، بەمەش ڕۆمانەکە بەکۆتا دێت.

کتێبەکە لە نزیکی کۆتاییدا پەردە لەسەر مانا قووڵەکەی هەڵدەداتەوە، کاتێ ڕیزاخ لە گفتوگۆیەکی درێژدا دوو بە دوو چیرۆکی ژیانی بۆ هاینریخ هەڵدەڕێژێ. لە دوو کێشمەکێش پێک هاتووە: یەکێکی شەخسی و یەکێکی کۆمەڵایەتی. دەمەوێ لەبارەی دووەمەوە زیاتر بدوێم: ڕیزاخ پێشووتر کارمەندێکی زۆر بەرز بووە. کاتێ بۆی دەرکەوت، کە کار لە کارگێڕیدا دژی جەوهەری خۆی، دژی حەز و مەیلەکانی بوو، ڕۆژێک واز لە کارەکەی دەهێنێ و لە گوند نیشتەجێ دەبێ، لە "خانووی گوڵان"ەکەیدا، بۆ ئەوەی لەوێ هاوئاهەنگ لە گەڵ سروشت و گوندنشیناندا بژی، دوور لە سیاسەت، دوور لە مێژوو.

پچڕانی لە گەڵ بیرۆکراتیدا ئەنجامی قەناعەتە سیاسی یان فەلسەفییەکانی نین، بگرە خۆناسین و بێتوانایی کارمەندبوونی. کارمەندبوون چی دەگەیەنێ؟ ڕیزاخ بۆ هاینریخی ڕوون دەکاتەوە، ئەمەش، ئەوەندەی من بیزانم، یەکەم (و وەستایانە) وەسفی "دیاردەگەری" بیرۆکراتییەتە:

هەتا کـارگـێڕی فـراوان بێ و گـەورەتر بوو، دەبوو هەمـیـشـە ژمـارەیەکی زۆرتری مووچەخۆر دامـەزرێنێ و لەناویاندا بە ناچاری خراپ یان زۆر خراپ بوون. کەواتە زۆر پێویست بوو، سیستەمێک بخوڵقێنرێ، کە جێبەجێکردنی ئامـادەکارییـە پێویسـتـەکان شـیاو بکا، بـەبێ ئەوەی بەهۆی توانای جیـاوازی کارمەندەکانەوە تێک درابن یان کـاریگەرییـان بە سـەریاندا هەبووبێ. ڕیزاخ درێژەی پێ دەدا: "دەمـەوێ نموونەیەک بەکار بهێنم و بڵێم هەمـوو سەعـاتێک نایابتـرین شت دەبوو، کە وا دروست کـرابایە، کـە بە ڕاسـتی بڕۆیشـتـایە، ئەگەر بـەشـەکـانیـشـی بگۆڕابان، خـراپـتـر لە جێی باشـتـر، باشـتـر لـە جێی خـراپـتـر هـاتبـان. سـەعـاتێکی ئـاوها مـەحـاڵە. بەڵام ڕاژەی دەوڵەت دەبێ بەجـۆرێک بیلوێنێ، یان پاش ئەو گـەشـەسـەندنەی ئەمـڕۆ پێی گـەیشـتـووە دەستبەردار بێ." واتە داوا لە کارمـەندێ ناکرێ، کە لە گـرفتەکە تێ بگا، کە بەشـە کـارگـێڕییـەکەی لێی تـێ دەگـا، بگرە ئەو بە جـۆش و خـرۆشـەوە کـاری جیـاواز جێـبـەجـێ بکات، بەبێ ئەوەی تـێ بگا، تەنانەت بـەبـێ ئەوەش هـەوڵی ئەوە بدات لەوە تێ بگا، چی لە نووسینگەکانی تەنیشتەوە ڕوو دەدا.

ڕیزاخ ڕەخنە لە بیـرۆکراتییەت ناگرێ، تەنیـا ڕوونی دەکاتەوە، ئەو بۆچی نەیتـوانی، ژیانی خۆی بۆ بیـرۆکـراتیـیـەت بەو جۆرەی هـەیە تەرخـان بکا. چی ڕێی لە کـارمـەندبوونی گـرت، بێـتـوانایی بوو، مـلکەچ بێ و بۆ ئامـانجـگەلێک کار بکا، کـە لە دەرەوەی ئاسۆی ئەو بوون. "سـامـیش لە شتەکـان، وەکو چۆن خـۆیان هـەن"، سـامـێکی ئەوەندە قـووڵە، کـە لە کـاتی دانوسـتـانـدندا ئەوەی نەدەنواند، کە سەرکارەکانی داوایان دەکرد، بگرە "شتەکان بۆ خۆیان داوای چییان دەکرد".

ڕیزاخ پیاوی شتی بەرجەستەیە؛ تاسـەی ژیانێک دەکا، تەنیا ئەو کارانەی تێـدا بکا، کـە سـوودی بۆ ئـەو مـایـەی تێگـەیشـتن بێ؛ بـەوەی تەنیـا لەگـەڵ خـەڵکێکدا هەڵسـوکەوت بکا، کە ناوەکانیان، پیشـەکـانیـان، خانووەکـانیـان، منداڵەکـانیان بناسـێ؛ کە تیایدا تـەنانەت کات بەردەوام لە تۆکمەییی خۆیدا

درکی پێ بکرێ و لەزەتی لێ ببینرێ: بەیانی، نیوەڕۆ، هەتاو، باران، ڕەهێڵە، شەو.

پچڕانی لەگەڵ بیرۆکراتییەتدا یەکێکە لە پچڕانە گەورەکانی مرۆڤ لەگەڵ جیهانی مۆدێرندا. پچڕانێکی ڕادیکال لە هەمان کاتدا ئاسوودانە، وەکو چۆن ئەم ڕۆمانە نایابەی بیدەرمایەر پڕ بەپێستی کەشی ئیدیلییە.

## جیهانی ئەتککراوی کۆشک و گوند

ماکس ڤێبەر یەکەم کۆمەڵناس بوو، کە بۆ وی "سەرمایەداری و کۆمەڵگەی مۆدێرن بەشێوەیەکی گشتی" پێش هەموو شتێک بە هۆی "عەقلانیکردنی بیرۆکراتییەتەوە" دیاری کراون. شۆڕشی سۆسیالیستی (کە ئەو کاتە جگە لە پلان هیچی تر نەبوو) نە وەکو مەترسی نە وەکو فریادڕەس دەبینێ، سووک و سانا بێ سوود بۆی دەردەکەوێ، لەبەرئەوەی لە توانایدا نییە، گرفتی سەرەکیی مۆدێرنە چارەسەر بکا، واتە "بەبیرۆکراتیکردنی" ژیانی کۆمەڵایەتی، کە بە ڕای وی شێلگیرانە بەردەوام دەبێ، جا گرینگ نییە پێوەندییەکانی موڵکداری هۆیەکانی بەرهەمهێنان چۆن دەبن.

ڤێبەر بیرۆکەکانی لەبارەی بیرۆکراتییەتەوە لە نێوان ساڵی ۱۹۰۵ و مردنی لە ساڵی ۱۹۲۰ دادەڕێژێ. من خەریکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم، کە ڕۆماننووسێک، لەم حاڵەتەدا ئەدەلبێرت شتیفتەر، پەنجا ساڵ لەپێش ئەم کۆمەڵناسەدا هۆشمەند بوو بۆ مانای بنەماکی بیرۆکراتی. بەڵام من ڕێ بە خۆم نادەم لە لە مشتومڕی نێوان هونەر و زانستدا لەبارەی لە پێشتربوونی دۆزینەوەکانیانەوە بەشدار بم، لەبەرئەوەی هەردووکیان بۆ هەمان شت کۆشش ناکەن. ڤێبەر ڕاڤەیەکی کۆمەڵناسی، مێژوویی، سیاسیی دیاردەی بیرۆکراتی کردووە. شتیفتەر پرسیارێکی تری لە خۆی کردووە: ژیان لە جیهانێکی بیرۆکراتیدا لە ڕاستیدا بۆ مرۆڤ چی دەگەیەنێ؟ بوونی مرۆڤ لە ڕێی بیرۆکراتییەتەوە چۆن دەگۆڕێ؟

کافکا، ئەو ئەورووپاییییە ناوینەی بە جۆرێکی ترە نزیکەی شەست ساڵ دوای پاش هاوین، کۆشک دەنووسێ. بۆ شتیفتەر جیهانی کۆشک و جیهانی گوند پەناگەیەکە، کە ڕیزاخی پیر بۆی هەڵاتووە، بۆ ئەوەی خۆی لە پیشەکەی وەکو کارمەندێکی بەرز لابدا، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا لەگەڵ دراوسێکان، ئاژەڵەکان، درەختەکاندا بە بەختەوەری بژی، لەگەڵ "ئەو شتانەدا، وەکو چۆن خۆیان لە ئارادان". ئەو جیهانە، کە تیایدا هێشتا چەندان پارچە پەخشانی شتیفتەر (و خوێندکارەکانی) جێگیرن، بۆ ئەورووپای چەق بوونەتە ڕەمزی ژیانێکی ئیدیلی و میناکی. ئەم جیهانەش، کۆشکێک لە نزیکی گوندێکی هێمندا، وا دەکا کافکا، خوێنەرێکی شتیفتەر، لەنێو نووسینگە، لەشکرێک کارمەند، هەرەسێک لە ئاکت نغرۆ ببێ! بە سامناکی ڕەمزی پیرۆزی ئیدیلی دژە بیرۆکراتی ئەتک دەکا، بەوەی بەتەواوی مانایەکی پێچەوانەی بە بەردا دەکا: سەرکەوتنی سەرومڕی بیرۆکراتیکردنێکی سەرومڕە.

## مانای بوونگەرای جیهانی بیرۆکراتیکراو

یاخیبوونی ڕیزاخێک، کە لەگەڵ ژیان کارمەندیدا دادەبڕێ، لەمێژەوە شیاو نییە. ئێستا بیرۆکراتییەت لە هەموو شوێنێکدا ئامادەیە و مرۆڤ ناتوانێ لە هیچ شوێنێک خۆی لێی ڕزگار بکا؛ مرۆڤ لە هیچ شوێنێک "خانووی گوڵان" نادۆزێتەوە، بۆ ئەوەی لە پێوەستێکی توندەوە لەگەڵ "شتەکاندا، بەو جۆرەی هەن"، بژی. لە جیهانی شتیفتەرەوە بەبێ گەڕانەوە کەوتووینەتە ناو جیهانی کافکاوە.

کاتی خۆی کە دایک و باوکم بۆ پشوو بۆ سەفەر دەچوون، دە دەقیقە پێش دەرچوونی شەمەندەفەرەکە لە وێستگە بلیتیان دەکڕی؛ لە هوتێلێک لە گوند دەژیان، لە دوا ڕۆژدا حیسابەکەیان نەخت دەدا. هێشتا لە جیهانی شتیفتەردا دەژیان.

پشـووەکـانی من لە جـیـهـانێکی تردا ڕوو دەدەن: بلیـتـەکـان دوو مـانگ پێشـووتر لە نووسـینگەیەکی سـەفـەردا دەکڕم، دەبێ لە ڕیزدا ڕاوەسـتم؛ ژنە بیـرۆکراتێک خـەریکی من دەبێ و لەگەڵ هێڵـی ئاسـمـانیی فرەنسـادا لەگەڵ بیـرۆکراتی تردا تـەلەفـۆن دەکـا، کـە من هـەرگیـز پێوەندیم لـەگـەڵیـان نابێ، جێیەکم لە فڕۆکەیەکدا بۆ دیاری دەکەن و ناوم لەژێر ژمارەیەکدا لە لیستەی سـەرنشـینان دەنووسن؛ ژوورەکـەشـم لەپێشـدا دەگرم، بەوەی تەلەفـۆن لەگـەڵ پیـاوێک لە دەرگـەوانیدا دەکـەم، کـە داخوازەکـەم دەخـاتە کـۆمـپیـوتەرێکەوە و زانیـاری دەداتە کـارگـێڕییـە بچـووکـەکـەی خـۆی. لـە ڕۆژی سـەفـەرکـردنمدا بیرۆکراتەکانی سەندیکایەک دوای کێشمـەکێش لەگەڵ بیرۆکراتەکانی هێڵی ئاسمـانیی فرەنسـادا جاڕی مانگرتن دەدەن. پاش چەندان تـەلەفۆن لە منەوە بەبێ ئەوەی داوای لێبووردن بکەن (کـەس داوای لێبـووردنی لە (ک.) نەکرد؛ کارگێڕی لە دەرەوەی نەزاکەتەوەیە) هێڵی ئـاسـمـانیی فرەنسـا پارەکەم بۆ دەگێـڕێتـەوە و بلیـتـێکی شـەمـەندەفـەر دەکـڕم؛ لە کـاتی پشـوودا لە هـەمـوو شـوێنێک بە کـارت حـیسـاب دەدەم و هـەمـوو شـێـوێکم لەلایەن بانکێکەوە لە پاریس تۆمـار دەکـرێ و دەخـرێتـە بەردەسـتـی بیـرۆکـراتی تر، بۆ نموونە فــەرمــانگـەی دارایی یان، بـۆ ئـەو حـــاڵـەتـەی گــومــانـی تاوانێکم لێ بـکرێ، دەخرێتە بەردەم پۆلیس. بۆ پشووە کورتەکەم لەشکرێک بیرۆکرات دەکەوێتە جـووڵە و منیش خـۆم دەکـەمـە بیـرۆکـراتی ژیانی خـۆم (بەوەی پرسـنامـە پڕ دەکـەمـەوە، ناڕەزایی دەنێـرم، دوکـۆمـێـنت لە ئەرشـیـڤـەکـەی خـۆمـدا ڕێک دەخـەم).

جـیــاوازیی نێـوان ژیانی دایک و باوکم و ژیانـی من سـەرسـوڕمـێنەرە؛ بیـرۆکـراتییـەت دزەی کـردووەتە ناو سـەرجـەمـی شـیـرازەی ژیانەوە. "(ک.) لە هیچ شوێنێک تێکچـڕژانی فەرمانگە و ژیانی بەو جۆرە نەبینیبوو وەکو لێرە، هێندە تێکچــڕژاو، کــە هـەنـدێ جــار وا دەردەکــەوت، فـــەرمـــانگـە و ژیان جـێگۆڕکـەیان کـردووە." (کـۆشـک) لە پڕ هـەمـوو بەرنامـەڕێژییـەکـانی بوون

مانای خۆیان گۆڕی:

بەرنامەڕێژی ئازادی: هیچ دامەزراوەیەک ئەوە لە (ک.)ی مەساح قەدەغە ناکات ئەو شتە بکا کە خۆی دەیەوێ بیکا؛ بەڵام بە هەموو ئازادییەکییەوە دەتوانێ بە ڕاستی چی بکات؟ هاووڵاتییەک بە هەموو مافەکانییەوە دەتوانێ چی لە دەوروبەری نزیکی خۆی بگۆڕێ، ئەو پارکی ترومبێلەی ڕاستەخۆ لە بەردەم ئەپارتمانەکەیدا دادەنرێ، بڵندگۆ هاوارکەرەکانی لە بەرامبەر پەنجەرەکانیدا دادەنرێن؟ ئازادییەکەی بێ سنووره وەکو چۆن بێدەسەڵاتە.

بەرنامەڕێژی ژیانی تایبەت: کەس نیازی نییە، ڕێ لە (ک.) بگرێ لەگەڵ فریدادا بنوێ، لەگەڵ ئەوەشدا کە دۆستی کلامی خاوەن دەسەڵاتە؛ لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو شوێنێک چاوی کۆشکی بە دواوەیە و لە ئامێزگرتنەکانی زۆر بەتەواوی چاودێری دەکرێن و یاداشت دەکرێن، بە هەمان شێوە ئەو دوو خەلفەیەی کە بۆی دیاری کراون لە لاین. کاتێ (ک.) گازاندە لە دەست خۆسەپاندنیان دەکا، فریدا نارەزایی دەردەبڕێ: "ئازیز، چیت دژی خەلفەکان هەیە؟ ئێمە نهێنیمان لەلای ئەوان نییە." کەس نکووڵی لە مافمان بۆ ژیانی تایبەت ناکات، لێ وەکو جاری جاران نەماوە: ئیتر هیچ نهێنیگرییەک نایپارێزێ؛ لە هەرچ کوێیەک بین، جێپەنجەکانمان لە کۆمپیوتەرەکان دەمێننەوە؛ فریدا دەڵێ: "لەلای ئەوان نهێنیمان نییە"، ئێمە ئیتر هەر داوای نهێنیگری ناکەین، ژیانی تایبەت ئیتر داوا ناکات تایبەت بێت.

بەرنامەڕێژی کات: ئەگەر مرۆڤ ڕووبەڕووی مرۆڤێکی تر ببێتەوە، دوو کاتی هاوشێوە دژی یەکتر دەوەستنەوە: دوو کاتی سنووورداری ژیانی فانی. بەپێچەوانەوە ئەمرۆ بەیەکدا نادەین، بگرە لەگەڵ فەرمانگەکاندا بە یەکدا دەدەین، کە بوونیان نە گەنجایەتی نە پیری، نە هیلاکی و نە مردن دەناسێ و لە دەرەوەی کاتی مرۆڤەوە ڕوو دەدا: مرۆڤ و فەرمانگە لە کاتی جیاوازدا دەژین. لە ڕۆژنامەدا چیرۆکی پووچی پیشەسازکارێکی بچووکی فەرەنسی

دەخــوێنمــەوە، کــە نابووت بووە، لەبەرئەوەی قــەرزارەکــەی قــەرزەکــەی نەداوەتەوە. پیـشـەسـازکـارەکـە خۆی بـەبێ گونـاه دەزانـێ، دەیەوێ بچـێتـە بەردەم دادگـە، بەڵام یەکسـەر دەسـتـبـەرداری دەبێ: کـەیسـەکـەی دەتوانرێ دوای چوار سـاڵ مـامـەڵـەی بکرێ؛ پرۆسـێسـەکە درێژە، ژیانـی کورتە. ئەمـە بلۆکی بازرگـانم لە دادگەییی کافکادا بیر دەخـاتەوە: پرۆسـێسـەکەی پێنج سـاڵ و نیـوە بە بڕیاری دادگـە درێژە دەکـێـشـێ؛ دەبوو لـەم سـەروبەندەدا دەسـتبـەرداری بازرگـانییـەکەی بێت، چونکە "ئەگەر مرۆڤ بیـەوێ شـتێک بۆ دادگەییـیەکەی بکات، دەتوانێ تەنیا کەمێک خۆی بە شـتێکی ترەوە سـەرقاڵ بکات". ئەمـە ئەو دڵڕەقییـە نییـە، کە (ک.)ی مـەسـاح وێران دەکا، بگرە کـاتی نامرۆڤانەی کۆشکە؛ مرۆڤ داوای بینین دەکا، کۆشک دوای دەخات؛ شـەڕی یاسـایی درێژە دەکێشـێ، ژیان بەکۆتا دێت.

ئەمـجا سـەرکێشی؛ پێشـووتر ئەم وشـەیە خرۆشـانی ژیانی وەکو ئازادیی درکپێکراوی گوزارشت لێ دەکرد؛ بڕیارێکی پڕکێشی شـەخسی زنجیری چاوەڕواننەکراوی چەندان ڕەفتاری دەپچڕاند، هەمـوو بە ویستی خۆیان و بە دەستی ئەنقـەست. بەڵام ئەم بەرنامەڕێژییەی سـەرچڵیی هاویەک نییـە لەگەڵ ئەو شـتـەی کە (ک.) بەسـەری دێت. ئەو دێتـە گوندەکەوە، چونکە لە ئەنجـامی بەدحـاڵـیـبـوونێکەوە لە نێـوان دوو نووسـینگەدا لە کـۆشـک داواکـارییـەکی بۆ نێردراوە. نەک ویسـتی خۆی، بگرە هـەڵـەیەکی فـەرمانداریی سـەرچڵـییـەکەی خـسـتـووەتە گـەڕ، کـە ئۆنتـۆلۆجـیـیـانە هیچ شـتـێکی هـاوبەشی لەگـەڵ دۆن کـیـخـۆتە یان ڕاسـتـیگناتسدا نییـە. لەبەر گـەورەیی لە ڕادەبەدەری دەزگـای بیرۆکراتی بە ئامار ناتوانرێ خۆ لە هەڵە ببواردرێ: بەکارهێنانی کۆمپیوتەر وای لێ دەکـا هێشـتـا کـەمـتـر ئەم هـەڵانە بدۆزرێنەوە و زۆر کـەمـتـر ڕاست بکرێنەوە. لە ژیانماندا، کە هەمـوو شـتێک پلانی بۆ دانراوە، هەمـوو شـتێک دیاری کراوە، ئەمـە تەنیا چاوەڕوانینەکراوێکی شیاوی هەڵەیەکی مـەکینەی فـەرمـانداریـیـە بە ئەنجـامـە چاوەڕواننەکـراوەکـانییـەوە. هـەڵەی بیرۆکـراتی

دەبێتە تاقە شیعر (شیعری ڕەش)ی ئەم سەردەمەمان.

بەرنامەڕێژی سەرچڵی لە بەرنامەڕێژی خەبات دەچێ؛ کاتێ (ک.) باسی شەڕەکەی لەگەڵ کۆشکدا دەکا زۆرجار ئەم وشەیە بەکار دەهێنێ. بەڵام ئەم خەباتە لە چی پێکهاتووە؟ لە چەند چاوپێکەوتنێکی بێ ئاکامی بیرۆکراتەکان و چاوەڕوانییەکی درێژ. نەک بەیەکدادانی جەستەیی؛ نەیارەکانمان جەستەیان نییە: دەزگای بیمەکان، پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی، ژووری بازرگانی، دادستان، دەزگای دارایی، پۆلیس، فەرماندەریی، فەرماندەییی شارەدار. ئێمە خەبات دەکەین بەوەی سەعات دوای سەعات لە نووسینگە، هۆڵی چاوەڕوانی، ئەرشیڤەکاندا بەسەر دەبەین. لە کۆتاییی خەباتەکەماندا چی چاوەڕوانمان دەکات؟ سەرکەوتن؟ هەندێ جار. بەڵام سەرکەوتن چییە؟ بەپێی زانیارییەکانی ماکس برۆد کافکا وێنای ئەم کۆتابییەی بۆ کۆشک کردبوو: پاش هەموو هەوڵەکانی (ک.) لەبەر پرزە لەبەر بڕان دەمرێ؛ لەسەر نوێنی مەرگ ڕاکشاوە و (من برۆد سیتات دەکەم) "لە کۆشکەوە ئەو بڕیارە دادەبەزێ، کە (ک.) بەپێی یاسا مافی ئەوەی نەبووە لە گونددا بژی بەڵام بە ڕەچاوکردنی هەندێ بارودۆخی تایبەتی ڕێی پێ دەدرێ، لێرە بژی و کار بکات."

## تەمەنی لە پشتی پەردەوە شاراوە

ئەو ڕۆمانانەی بیرم دەکەونەوە بە بەرچاوی خۆمیاندا تێ دەپەڕێنم و هەوڵ دەدەم تەمەنی بەشدارەکانیان دیاری بکەم. سەیرە هەموویان لەوە گەنجترن کە لە بیرەوەریمدا هەن. ئەمەش لە بەر ئەوەیە کە بۆ نووسەرەکانیان زیاتر بەشێوەیەکی گشتی بارودۆخێکی مرۆڤانە بەرجەستە دەکەن وەکو لە بارودۆخی تایبەتی تەمەنێک بەرجەستە بکەن. لە کۆتاییی سەرچڵییەکەیدا، کاتێ تێ گەیشت، ئیتر نایەوێ لەو دنیایەدا بژی کە دەورەی داوە، فابریزیۆ دێل دۆنگۆ دەچێتە قەلەندەرخانە. هەمیشە زۆر حەزم لەم کۆتابییە بوو. تەنیا

ئەوەیە کە فابریزیۆ هێشتا زۆر گەنجە. پیاوێک لە تەمەنی ئەودا، هەرچی چەندە ئەوەندە بەجەخار نائومێد بووبێ چەند دەتوانێ بەرگە بگرێ لە قەلەندەرخانەیەکدا بژی؟ ستێندال خۆی لەم پرسیارە لاداوە، بەوەی تەنیا دوای ساڵێک لە دێردا بۆ مەرگی بەجێ دەهێڵێ. میشکین تەمەنی بیست و شەش ساڵە، ڕۆگۆشین بیست و حەوت، ناستازیا فیلیپۆڤنا بیست و پێنج، ئەگلایە تازە بیستە، ئەم، گەنجترینیان، لە کۆتاییدا بە هۆی هەنگاوە بێ عەقڵییەکانییەوە ژیانی هەموو ئەوانی تر وێران دەکا. بەڵام ناپێگەیشتوویی ئەم کەسانە وەکو ناپێگەیشتوویی لێی ناتۆژرێتەوە. دۆستۆیەڤسکی درامای مرۆڤمان بۆ دەگێڕێتەوە نەک درامای گەنجێتی.

لە ساڵی ١٩٣٧دا، لە تەمەنی بیست و شەش ساڵیدا، سیۆران کە لە ڕۆمانیا لەدایک بووە لە پاریس جێگیر دەبێ؛ دە ساڵ دواتر یەکەم کتێبی بە فرەنسی نووسراوی بڵاو دەکاتەوە و دەبێتە یەکێک لە نووسەرە فرەنسییە گەورەکانی سەردەمی خۆی. لە ساڵانی نەوەتەکاندا ئەو ئەورووپایەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە هەمبەر ناسیۆنال سۆسیالیزمی تازە سەرهەڵداودا ئەوەندە لێبووردە بوو، بە ڕۆحێکی شۆڕشگێڕانەی پرکێشەوە دەکەوێتە گیانی ڕابردووی. سەردەمی یەکلاکردنەوەی گەورە لەگەڵ ڕابردوودا هاتووە و بۆچوونە فاشییەکانی سیۆرانی لاوی ئەو قۆناغەی کە لە ڕۆمانیا ژیاوە، لە پڕ دەبنە سەرباس. لە ساڵی ١٩٩٥دا بە هەشتا و چوار ساڵی دەمرێ. ڕۆژنامەیەکی گرینگی پاریس هەڵدەدەمەوە: دوو لاپەڕە یادی مردنی کراوەتەوە. تاقە وشەیەک لەبارەی کارەکەیەوە نەنووسراوە؛ ئەوەی نووسەرانی مەرگی تووشی قێز لێبوونەوە دەکا، سەرسامیان دەکا، پەستیان دەکا، دەیانوروژێنێ گەنجیەتیی ڕۆمانیایەتی. تەرمی نووسەرە فرەنسییە گەورەکەیان خستە جلێکی گەلییەوە و ناچاریان کرد لە دارەندازدا دەستی بۆ سڵاوی هیتلەرانە بەرز بکاتەوە.

ماوەیەک دوای ئەوە دەقێکم خوێندەوە، کە سیۆران لە ساڵی ١٩٤٩دا بە

سی و هەشتساڵی نووسیویەتی: "...من تەنانەت نەمتوانی ڕابردووی خۆم وێنا بکەم؛ ئەمڕۆش کە بیری لێ دەکەمەوە، وام بۆ دەردەکەوێ وەکو ساڵانی یەکێکی ترم بیر بکەوێتەوە. من نکووڵی لەوی تر دەکەم، سەرجەمی _خود_ی من لە شوێنێکی ترە، هەزار کیلۆمەتر لەو شوێنەوە کە لێی بوو." و لە شوێنێکی تریشدا: "کاتێ بیر لە ... سەرجەمی شێتی ئەو کاتەی شێتی خۆم دەکەمەوە ...، وام بۆ دەردەکەوێ، وەکو بەسەر کەڵکەڵەی نامۆیەکدا داچەمیبێتمەوە و دەحەپەسێم کاتێ بۆم دەردەکەوێ، ئەو نامۆیە من بووم."

ئەوەی لەم دەقەدا بە لامەوە گرینگە سەرسووڕمانی مرۆڤەکەیە کە بۆی نالوێ هیچ پێوەندییەک لە نێوان "من"ی ئێستا و ئەوی پێشوودا بدۆزێتەوە، حەپەساو لە بەردەم مەتەڵی ناسنامەی خۆیدا ڕاوەستاوە. ئێوە دەپرسن: ئاخۆ ئەو حەپەسانە سەرڕاستە؟ بەڵێ، بێگومان! لە شێوە باوەکەیدا هەموو دەیناسین: چۆن توانیتان ئەو ئاراستە فەلسەفییە (ئاینییە، هونەرییە، سیاسییە) بەهەند وەربگرن؟ یان (لەوە پووچتر): چۆن توانیتان حەز لە ژنێکی وا گەمژە (پیاوێکی وا گەلحۆ) بکەن؟ لەو شوێنەدا کە بۆ زۆربەی خەڵکەکە گەنجایەتی خێرا بەسەردەچێ و گومڕاییەکانی بەبێ شوێنپێ لە هەوادا نامێنێ، ئەوەی سیۆران بووەتە بەرد؛ مرۆڤ ناتوانێ بە هەمان زەردەخەنەی بەسووک تەماشاکردنەوە بە عاشقێکی گاڵتەجاڕ و بە فاشیزم ڕابوێرێ.

سیۆران بە حەپەسانەوە لە ساڵانی پێشووی ڕوانیوە و هەڵچووە (هێشتا هەر لە دەقەکەی ساڵی ١٩٤٩ی سیتات دەکەم): "بەدبەختی لە گەنجانەوە سەرچاوە دەگرێ. تیۆری نالێبووردەیی بڵاو دەکەنەوە و دەیانخەنە گەڕ؛ پێویستیان بە خوێن، قیژە، پشێوی و بەربەریەتە. ئەو کاتەی من گەنج بووم، هەموو ئەوروپا بڕوای بە گەنج هەبوو، هەموو ئەوروپا بۆ سیاسەت بۆ کاروباری دەوڵەت پاڵیان پێوە دەنان."

چەندان فابریتسیۆ دێل دۆنگۆ، ئەگلایا، ناستازیا، میشکین لە دەوروبەری

خـۆم دەبینم! هەمـــوو لـە سـەرەتـای سـەفـەردان بـەرەو نادیار؛ بـەبێ هـیچ گومانێک ڕێیان ون کردووە؛ بەڵام ڕێونکردنێکی دانسقەیە: ڕێیان ون کردووە و نایزانن؛ چونکە بێ ئەزموونیـان دوو فاقـەیە: جیـهان ناناسن، خۆیشـیان ناناسن؛ کاتێ لە میانەی تەمەنی گەورەییەوە دەڕوانن، بە ڕێونکردنیان وەکو ڕێونکردن هۆشیار دەبن؛ لەوەش زیاتر: بەم میانەیەوە لە توانایاندا دەبێ، لە چەمکی ڕێونکردن تێ بگەن. یەکـەم جـار، هـەتا هیچ لـەبارەی ئەو نیگایەوە نەزانن کە ڕۆژێک لە ڕۆژان داهاتوو دەیگرێتە گەنجایەتیی ڕابردوویان، زۆر توندوتیژتر داکۆکی لە قـەناعـەتەکانیـان دەکـەن، وەکـو لە گـەورەیەک، کـە شکسـتـەنی یەقینەکـانی مرۆڤی ئەزموون کـردووە، بەرگری لەوانـەی خۆی دەکا.

تەقینەوەی تووڕەییی سیۆرانس دژی گەنجایەتی بەڵگەیەک ئاشکرا دەکا: لە هەمـوو خـاڵێکی چاودێرییەوە لـەسـەر هێـڵی نێـوان لەدایکبوون و مـردن جیـهان بـەجۆرێکی تر دەردەکەوێ، هەڵوێستـەکانی ئەو کـەسـەش کە لەوێ دەگیرسێتەوە دەگۆڕێ؛ هیچ کەسێک لەوی تر تێ ناگا، بەبێ ئەوەی لەپێشدا جارێک لە تەمـەنی تێ نەگا. لە ڕاستیدا ڕوونە، ئاخ، زۆر ڕوونە! بەڵام تەنیا بەناو ڕوونیـیە ئایدیۆلۆجییەکـان یەکسـەر دیارن. ڕوونییـەکی بوونگەرایی ئەوەندە کەمتر دیارە، هـەتا زیاتر ئاشکرا بێ. تەمـەنەکـان خۆیان لە پشـتی پەردەوە دەشارنەوە.

## ئازادیی بەیانیان، ئازادیی ئێواران

کاتێ پیکاسۆ یەکەم تابلۆی تەکعیبی کێشـا، تەمـەنی بیست و شەش سـاڵ بوو: لە هەمـوو جیـهـاندا چەندان تابلۆکێشی تری وەچەکەی خۆیان چوونە پاڵی و دوای کـەوتن. ئەگـەر ئەو کاتە شـەست سـاڵییـەک لاسـاییی بکردباوە بەوەی دەس پێ بکا بە شێـوەی تەکـعیـبی تابلۆ بکێشـێ، ئەوا (بە ڕەوایی) وەکـو فـیگورێکی گـرۆتێـسک سـەیری دەکـرا. چونکە ئازادیی گـەنجـێک و

ئازادیی پیرێک کیشوەرگەلێکن، کە تووشی یەکتر نابن.

گوێتە (گوێتەی پیر) لە شیعرێکی کورتی نەستەقدا دەڵێ "دەتەوێ کاریگەر بی،/ هێزی خۆت بەکار بهێنە،/ گەنج لە کۆمەڵگەدا، /پیر بە تەنیا".
بەڕاستی گەنجان بەخۆشحاڵییەوە خۆیان دەدەنە پاڵ دەستە و تاقم کاتێ دەست بەوە دەکەن، بیرۆکەی دانپێدانراو، شێوەی سەقامگیر پەلامار بدەن؛ کاتێ دێراین و ماتیس لە سەرەتای سەتەی بیستدا چەندان حەفتەیان لە کەنارەکانی کۆلیر بەیەکەوە بەسەر برد، تابلۆگەلێکیان کێشا، کە بە هەمان ئیستاتیکای فاوڤ خەملابوو، هاوشێوەییيان هەبوو؛ بەڵام هیچ کامێکیان خۆی بە لاسایيکەرەوەی ئەوی تر نەدەزانی لە ڕاستیشدا نە ئەمیان بوو نەیش ئەویان.

لە هاوسۆزییەکی ئاسوودەدا لە ساڵی ١٩٢٤دا سوریالیستەکان پیرۆزبایيی مردنی ئەناتۆڵ فرانسیان بە نامیلکەیەکی گەمژەی لە بیرنەچووەوەی سەیری یادکردنەوەی مردووەوە کرد. ئێلواری تەمەن بیست و نۆ ساڵی نووسی: "تەرمەکە. حەزمان لە هاوشێوەی تۆ نییە!" بریتۆنی بیست و هەشت ساڵی نووسی "لەگەڵ ئەناتۆڵی فرانسدا پارچەیەک ملکەچیی مرۆڤ فەوت دەبێ. دەبێ ئاهەنگ بۆ ئەو ڕۆژە بگێڕدرێ، کە تیایدا مرۆڤ، فرۆفێڵ، نەریتگەرای نیشتمانپەروەری، ئۆپۆرتینیزم و گومانگەرایی، ڕیالیزم و بێدڵی بۆ گۆڕ دەبا!" ئاراگۆنی بیست و حەوت ساڵ نووسی: "باو ئەو کەسەی ئێستا تۆپی.. لەلای خۆیەوە ببێتە دووکەڵ! شتێکی کەم لە مرۆڤ دەمێنێتەوە: تەنانەت قێزەونە مرۆڤ وێنای ئەوە بکات، کە ئەمە هەر هەبووە."

جارێکی تر وشەکانی سیۆرانم لەبارەی گەنجان و پێداویستییەکانیانەوە "بۆ خوێن، بۆ قیژە، بۆ پشێوی" بیر دەکەوێتەوە؛ بەڵام دەمەوێ زۆر خێرا ئەوەی بخەمە سەر، کە ئەو شاعیرە گەنجانەی میزیان بەسەر تەرمی ڕۆماننووسێکی گەورەدا کرد، لەبەر ئەوە لەوە نەکەوتن شاعیری ڕاستەقینە،

شـاعـیـری نـایـاب بن؛ بلیـمـەتی و گـەمـژەییـیـان لە هەمـان سـەرچاوەوە هەڵقـوولاّبـوون. لە هـەمبـەر ڕابردوو گـەورە (شـاعـیرانە) توندوتیـژ بوون و بە هەمان توندوتیژی (شـاعیرانە) خۆیان ڕادەستی داهاتوو کردبوو، کە خۆیان بە بریکاری دەزانی و لە میزی دەستەجەمعییاندا پیرۆزبوونیان دەبینی.

ئەمـجـا ئەو چرکـەسـاتە دێت کـە پیکاسـۆ پیـرە. بـە تەنیـایـە، دەسـتـە و تاقمـەکەی بەجێیان هێشتـووە، مێژووی شێوەکاریش بەجێی هێشتـووە، کە لەو سـەروبەندەدا ئاقـارێکی تری گرتووە. بەبێ داخ بۆ خـواردن، بە لەزەتێکی خۆشـیپـەرستەوە (هەرگیز تابلۆکێشانەکەی ئاوها زەوقی لێ نەپرژاوە)، بەو زانیـارییـەوە لە مـاڵی هونەرەکەیدا نیـشـتـەجـێ دەبێ، کە نوێ نەک تەنیـا لە پێشـەوە لەسـەر جادە دەدۆزرێتـەوە، بگرە لە چەپەوە، لە ڕاستەوە، لە سەرەوە، لە خــوارەوە، لە پـشــتــەوە، لە هـەمـوو ئاقـارە شــیــاوەکـانـی جـیــهــانـە لاساییـنەکراوەکـەیدا، کە تەنیا هـی خۆیەتی (چونکە کـەس لاسـاییی ناکاتەوە: گـەنجـەکان لاسـاییی گـەنجـەکـان دەکەنـەوە؛ پیرەکـان لاسـاییی پیـرەکـان ناکەنەوە).

بۆ هونـەرمـەندێکی کـە مـەبەسـتی نوێگـەری هـەبێ ئـاسـان نییـە، فـریوی جـەمـاوەر بدات و مـەیلیـان بـە دەست بهێنـێ. بەڵام کـاتێ دواییـتـر، ئازاییی پیریی بەهرەی دەداتێ، جـارێکی تر شـێـوازەکەی دەگۆڕێ، جـەمـاوەر دوودڵە دوای بکەوێ. وەکو نوێنەری فیلمی ئیتاڵیی نوێ (ئەو فیلمە گەورەیەی، کە لە ئارادا نەماوە)، فێدەریکۆ فێلینی ماوەیەکی زۆر سـەرسامیی گشتگیری پێ بڕا؛ ئـامـارکـۆرد (١٩٧٣) دوا فلیـمـی بـوو، لەبارەی جـوانیی لیـریکیـیـەوە هەمـووان یـەک ڕا بوون. ئەمـجـا فـەنتـازیای ئازادتـر و نیگای تیـژتر دەبێ؛ شیـعرەکەی دەبێتـە دژە لیریکی، مۆدێرنیزمـەکەی دەبێتە دژە مـۆدێرن؛ حەوت فلیمـەکەی پازدە سـاڵی دوایی پۆرترێتێکی سـەرسـەختی ئەو جیـهـانەن کە ئێـمـە تێیـدا دەژین: کـازانۆڤـا (وێنەی سیکسگەراییـیـەکی نمایشکراو، کە گـەیشـتـووەتـە سنـوورە گرۆتیسکییـەکەی، پرۆڤـەی ئۆرکسترا؛ شـاری ژنان؛

پاپۆڕی خـەونەکـان (مـاڵئـاوایی لە ئەوروپا، کـە پاپۆڕەکـە بە گۆرانیی ئۆپرا یاوەری دەکــرێ، بـەرەو هیـچ دەردەچێ)؛ گــینگەر و فــرێد؛ گــفــتــوگــۆ (مـاڵئاواییـیەکی نایاب لە فلیم، لـە هونەری مۆدێرن، لە هونەر)؛ دەنگی مـانگ (مـاڵئـاوایی کۆتایی). لەو سـاڵانەدا جیـهانی کولتووری، کۆوار و ڕۆژنامـە، جـەمـاوەر (تەنانەت بەرهەمـهێنەکان) پشت لە فێلینی دەکەن. شڵـەژاو چ بە داواکارییـە زۆر بەرزە ئیستـاتیکییـەکەی چ بەو نیگا وشکەی دەیخـاتە سـەر جــیـــهـــانی هـەنووکــە؛ لەبەرئەوەی قــەرزاربـاری کــەس نیـــیــە، لـەزەت لە "نالێپرسراویەتیی ئاسوودە" (سیـتاتی فێلینی)ی ئازادییـەک دەبینێ کە هـەتا ئەو کاتە نەیناسیبوو.

لە ساڵانی دواییی ژیانیدا بیـتهۆڤن چاوەڕوانی هیـچی تر نەبوو لە ڤیـەننا، لە ئەریستۆکرات و مـۆسیقاژەنەکانی ڤیەننا، کە ڕێزی لێ دەگرن، بەڵام ئیتر گوێی لێ نـاگرن؛ ئەو خـۆیشـی ئیـتـر گـوێیـان لـێ ناگرێ، ئەگـەر تەنیـا لەبەر ئەوەش بێ کــە کــەڕ بـووە. ئەو لە چڵــەپۆپەی هـونەرەکــەیدایە، ســۆنـاتا و کوارتێتەکانی بێهاوتان، لەبەر ئاڵۆزیی بینایان زۆر لە کلاسیـسمەوە دوورن، بەبێ ئەوەی لە هونەری سـەرپێیەی سانای ڕۆمـانسییە لاوەکانەوە نزیک بێت؛ لە گـەشــەسـەندنی مـۆسـیـقـادا ئـاقـارێکی گرتووە، کـە ئیـتـر کـەس بە دوایدا نەڕۆیشت؛ بـەبێ قــوتـابی، بـەبێ مـــیــراتگر، کــارەکـــەی ئازادیی پیـــری پەرجوویەکە، دوورگەیەکە.

بەشی حەوتەم

# ڕۆمان، بیرەوەری، لەبیرچوونەوە

## ئەمیلی

تەنانەت ئەگەر هیچ مرۆڤێکیش ئیتر ڕۆمانەکانی نەخوێنێتەوە، ڕستەی "بۆڤاری خان، ئەوە منم" لە بیر ناچێتەوە. فلاوبێر هەرگیز ئەو قسە بەجێیە شکۆدارەی نەنووسیوە. ئێمە بۆ ئەمە سوپاسگوزاری خاتوون ئەمیلی بۆسکوایان، ژنە نووسەرێکی مامناوەندی، کە مەیلی بە فلاوبێری هاوڕێی پێشان داوە، بەوەی بە دوو وتاری زۆر گەمژانەدا ڕەخنەی توندی لە پەروەردەکردنی هەستەکان گرت. ئەم ئەمیلییە زانیارییەکی بە نرخی لەلای یەکێک درکاندووە کە ناوی بە نەناسراوی ماوەتەوە: گوایە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە فلاوبێری پرسیوە، چی ژنێک بۆ ئێما بۆڤاری نموونە بووە، گوایە ئەویش وەڵامی داوەتەوە: "بۆڤاری خان، ئەوە منم!" بە سەرسامییەوە ژنە نەناسراوەکە زانیارییەکەی لەلای مسیۆ دێشەرمێیەک درکاندووە، ئەویش زۆر بە سەرسامییەوە زانیارییەکەی بڵاو کردووەتەوە. ئەو ڕستە ئاخرزەمانییەی بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ئەو چیا لێکدانەوانە هەموو شتێک لەبارەی پووچیی تیۆری ئەدەبەوە دەڵێن، کە لە بێتواناییدا لە بەردەم کارێکی هونەریدا بە بێکۆتایی کلێشە لەبارەی باری دەروونی نووسەرەکەیەوە فڕێ دەدا. هەموو شتێک لەبارەی ئەو شتەشەوە دەڵێن، کە ئێمە بیرەوەریی پێ دەڵێین.

### ئەو لەبیرچوونەوەوەی ڕیشەکێش دەکا.. ئەو بیرەوەرییەی وەردەگۆڕێ

ئەمە جەڤینێکی پۆلم بیست ساڵ لەپاش تەواوکردنی دواناوەندی بیر دەخاتەوە: (ی.) بە دڵخۆشییەوە بە منی وت: "ئێستاش هەر لە بەرچاومی، کاتێ بە مامۆستای بیرکاریت وت: جەنابی پرۆفیسۆر. ئەوە گووە!" بەڵام هەمیشە بێزم لەگۆکردنی چیکی وشەی گوو هاتووەتەوە، منیش زۆر دڵنیا

بووم، کـە ئەوەم نـەوتووە. لێ هـەمـوو ئـەوانەی دەوروبەرمـان دەسـتـیـان بە پێکەنین کرد، وەکو جارِدانە جوانەکەمیان بیر کەوتبێتەوە. لەبەرئەوەی لام ڕوون بوو حاشاکردنەکەم قەناعەت بە کەس ناکا، خاکەرایانە و بەبێ ئەوەی نارەزایی دەربڕم زەردەخەنەم کرد، چونکە، دەبێ بۆ شەرمەزاریم دانی پێدا بنێم، پێم خـۆش بوو خـۆم ببـینم بووبێـتـمـە پاڵەوانێک جنێـو بە ڕووی مامۆستایەکی بێ نرخدا بدا.

هەمـوو کـەسـێک سـەربردەیەکی وای بەسـەرهاتووە. ئـەگـەر یەکـێک ئەو قسانە بڵێتەوە کە لە گفتوگۆیەکدا وتووتانە، هەرگیز خۆتان ناناسنەوە؛ قسـەکـانتـان لە باشـترین حـاڵەتدا زۆر ئاسـان کـراونەتـەوە، هەندێ جـار گۆڕدراون (ئەگەر لاقرتێکانتان بە جیدی وەرگرن) و زۆرجار لەگەڵ ئەوەدا ناگونجێ کە جارێک لە جاران بتوانن بیڵێن یان بیری لێ بکەنەوە. نایشبێ نە پێتان سـەیر بێ نـە تووڕە ببن، چونکە ئەمە بەڵگەی بـەڵگەکانە: مرۆڤ لە ڕێی دوو هـێـزەوە لـە ڕابردوو جـودا کـراوەتەوە (تەنانەت لە ڕابردووی پێش چەند چرکەیەک)، کـە یەکسـەر دەکـەونە کار و بەیەکەوە کار دەکەن: هێزی بیرچوونەوە (کە دەکوژێنێتەوە) و هێزی بیرەوەریی (کە وەردەگۆڕێ).

ئەمـە بەڵگەی بەڵگەکـانە، لێ دانپـێدانـانی زەحمـەتە، چونکە ئەگـەر هەتا کـۆتایی بیـری لێ بکرێتـەوە، چی بەسـەر ئەو هەمـوو گـەواهیـیانە دێت، کـە مـێـژوونووسـیـان لەسـەر هەڵچنراوە، یەقـینمـان لەبارەی ڕابردووەوە چی بەسـەر دێت و مـێـژوو خـۆی چی بەسـەر دێت، کە ئـێـمـە ڕۆژانـە بە بڕواوە، ساکارانە، سـەرپێی پشـتی پێ دەبەستین؟ لە پشـتی لێواری تەنکی نکووڵیی لێ نەکراوەوە (گومـانی تێدا نییە، کە ناپلیۆن شـەڕی واتەرلۆی دۆڕاندووە) شـوێنێکی بێکۆتایی درێژ دەبێتەوە، شـوێنی لەیەک نزیک، شـوێنی دۆزراوە، شـوێنێ شـێـوێندراو، شـوێنی سـادەکـراوە، شـوێنی زیادەڕەوی، شـوێنی بەدحـاڵیبـوون، شـوێنێکی بێکۆتـایی ناڕاسـتی، دەپیـتـێن، وەکو جـرج زیاد دەکەن و نەمر دەبن.

بەرهەمهێنانی بەردەوامی بیرچوونەوە شتێکی ترسناک، ناواقیعی، تەمومژاوی دەداتە هەر یەکێک لە ڕەفتارەکانمان؟ پێرێ نیوەڕۆ چیمان خوارد؟ هاوڕێکەم دوێنێ چی بۆ گێڕامەوە؟ تەنانەت: پێش سی چرکە بیرم لە چی کردەوە؟ هەموو ئەم شتانە لە بیر کراون و (ئەوەی هەزار جار بەدتریشە!) شایانی شتێکی تر نییە. دژی جیهانی ڕاستەقینەمان، کە بەپێی جەوهەرەکەی تیژتێپەڕە و شایانی لە بیرکردنە، کارە هونەرییەکان وەکو جیهانێکی تر، وەکو جیهانێکی درێژخایەن، جیهانێکی ئیدیال، کە هەموو وردەکارییەکی گرینگی خۆی، مانای خۆی هەیە، کە تیایدا هەموو شتێک، کە لێی پێک دێ، هەموو وشەیەک، هەموو ڕستەیەک شایانی ئەوەیە لە بیر نەکرێ و وایش بەرنامەڕێژیی بۆ کراوە.

بەڵام پەیپێبرنی هونەریش لە دەسەڵاتی بیرچوونەوە قورتاری نابێ. باشترە بڵێین هونەرەکانیش لە ڕوانگەی بیرچوونەوەیان هەریەکە و لە بارودۆخێکی تردایە. لەم گۆشەنیگایەوە شیعر ماناب (امتیاز)ی خۆی هەیە. هەر کەسێک چوارینەیەکی بۆدلێر بخوێنێتەوە، ناتوانێ باز بەسەر تاقە وشەیەکدا بدات. ئەگەر حەزی لێی بێت، چەند جارێک و لەوانەیە بە دەنگی بەرز بیخوێنێتەوە. ئەگەر شێتانە حەزی لێی بێت، ئەزبەری دەکا. شیعری لیریکی قەڵایەکی سەختی بیرەوەرییە.

بەپێچەوانەوە ڕۆمان لە ڕوانگەی لە بیرچوونەوەوە کۆشکێکی داماوانەی قایمە. ئەگەر بۆ بیست لاپەڕە سەعاتێک دانێم، بۆ ڕۆمانێکی چوار سەت لاپەڕەیی بیست سەعاتم دەوێ، ئەمە واتە نزیکەی حەفتەیەک. مرۆڤ کەمجار سەرجەمی حەفتەیەک کاتی هەیە. لەوانەیە بۆ قۆناغەکانی خوێندنەوە پشووی چەند ڕۆژی بکەوێتە نێوانەوە، کە تیایدا بیرچوونەوە یەکسەر دەست دەداتە کاری خۆی. بەڵام بیرچوونەوە تەنیا لە پشووەکاندا کار ناکات،

هەمیشە، بەبێ وچان لە خوێندنەوەدا بەشدارە؛ لە کاتی پەڕە هەڵدانەوەدا لە بیرم دەچێ، ئێستا چیم خوێندەوە؛ تەنیا کورتەیەکی پێویست بۆ تێگەیشتنی ئەوەی دوای ئەوە دێت لەلام دەمێنێتەوە، لە کاتێکدا هەموو وردەکارییەکان، چاودێرییە بچووکەکان، داڕشتنە نایابەکان سڕراونەتەوە. دوای چەندان ساڵ ڕۆژێک حەزم لەوەیە، لەگەڵ هاوڕێیەکدا باسی ئەم ڕۆمانە بکەم؛ ئەمجا بۆمان دەردەکەوێ، کە بیرەوەرییەکانمان، تەنیا چەند پارچەیەکی خوێندنەوەی هێشتووەتەوە، بۆ هەریەکەمان کتێبێکی زۆر جیاوازی پێک هێناوە.

بەڵام ڕۆماننووس وەکو چوارینەیەک بنووسێ ڕۆمانەکەی دەنووسێ. سەیری کەن!! بەو داهێنانەی شاگەشکەیە کە دەبینێ خەریکە لە بەردەمیدا سیما پەیدا بکات: بچووکترین وردەکاری بۆ ئەو گرینگە، دەیکاتە مۆتیڤێک و وەکو لە فوگەیەکدا لە دووبارەکردنەوەی جیاوازدا، لە هەمەڕەنگیدا، لە ئاماژەدا دەگەڕێنەوە. لەبەر ئەوە دڵنیایە، کە بەشی دووەمی ڕۆمانەکەی جوانتر، بەهێزتر دەبێ وەکو لە یەکەم؛ واتە هەتا مرۆڤ زیاتر لە هۆڵەکانی ئەم کۆشکەدا بۆ پێشەوە هەنگاو دەنێ، ئەوەندە زایەڵەکانی ئەو ڕستە وتراوانە، ئەو تێما بەرچاوخراوانە هەمەڕەنگتر دەبن، کە کراونەتە یەکەی هارمۆنی و لە هەموو لایەکەوە دەنگ دەدەنەوە.

بیر لە دوا لاپەڕەکانی پەروەردەکردنی هەستەکان دەکەمەوە: ماوەیەکی درێژ دوای ئەوەی فریدەریک چاوبازییەکانی لەگەڵ مێژوودا پچڕاندووە و بۆ دواجار مەدام ئارنۆی بینیوە، جارێکی تر چاوی بە دێسلاوریری هاوڕێی گەنجیەتی دەکەوێ. بە خەمگینییەوە یەکەم سەردانیان بۆ قەحپەخانە بۆ یەکتر دەگێڕنەوە: فریدریک تەمەنی پازدەیە، دیسلاوریەر هەژدەیە؛ وەکو ئەڤیندار دەگەنە جێگەکە، هەریەکە و چەپکێکی گەورەی گوڵی بەدەستەوەیە؛ کچەکان پێ دەکەنن، فریدریک، لە شەرمدا زۆر ترسی لێ نیشتووە، ڕادەکا و دیسلاورير بە دوایدا. بیرەوەریی خۆشە، لەبەرئەوەی هاوڕێیەتیی کۆنیان

بێدار دەکاتەوە، کە دواییتر هەندێ جار ناپاکییان لەگەڵیدا کردووە، بەڵام لە میانەی سی ساڵ هێشتا بە بەها ماوەتەوە، لەوانەیە بەنرخترین شت، لەگەڵ ئەوەشدا هی ئەوان نەماوە. فریدریک دەڵێ: "ئەوە باشترین شت بوو کە هەمان بوو." و دیسلاوریریش ئەو ڕستەیە دووبارە دەکاتەوە، کە پەروەردەی هەستیان و ڕۆمانەکەی کۆتایی پێ دێت.

ئەم کۆتاییە زۆر پەسند نەکرا. بە بازاڕییان زانی. بازاڕی؟ بە ڕاستی؟ من دەمتوانی بەهانەیەکی تر، ڕازیکەرتر وێنا بکەم: ڕۆمان بە مۆتیڤێکی نوێ کۆتایی پێ بهێنرێ هەڵەیەکی بیناسازییە، وەکو ئاوازدانەرێک لە دوا تاکتەکانی سینفۆنیایەکدا، لە جیاتی بۆ تێما سەرەکییەکە بگەڕێتەوە، لە پڕ میلۆدییەکی نوێی تێ بترنجێنێ.

بەڵێ، ئەم بەهانەیە قەناعەتپێکەرترە، تەنیا کە مۆتیڤی سەردانی قەحپەخانە نوێ نییە؛ "لە پڕ" دەرناکەوێ، لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە هێنراوەتە ناوەوە، لە کۆتاییی نەسکی دووەمی بەشی یەکەمدا: فریدەریک و دێسلاوریەر، هەردووکیان زۆر گەنجن، ڕۆژێکی خۆشیان بەیەکەوە بەسەر بردووە (سەرجەمی نەسکێک بۆ هاوڕێیەتییان تەرخان کراوە) و لە کاتێکدا خواحافیزی لەیەک دەکەن، "لە کەناری چەپ تیشکێک لە پەنجەرەی هەورەبانی خانوویەکی نزم" دەبینن. لەم چرکەساتەدا دێسلاوریەر شانۆئامێز شەپقەکەی لە سەر دەکاتەوە و زیادەڕەوانە چەند ڕستەیەکی مەتەڵئامێز دەڵێ. "ئەم ئاماژەیە بۆ سەرچڵییەکی هاوبەش ئاسوودەی کردن. بەدەنگی بەرز لەسەر شەقامەکە پێ کەنین." بەڵام فلاوبێر هیچ لەبارەی ئەوەوە ناڵێ، ئەم "سەرچڵییە هاوبەشە" چی بووە؛ ڕێ بە خۆی دەدا لە کۆتاییی ڕۆمانەکەدا بیگێڕێتەوە، بۆ ئەوەی زایەڵەی پێکەنینێکی ئاسوودە (ئەو پێکەنینەی کە "بەدەنگی بەرز لەسەر شەقامەکە" دەنگی دایەوە) بە غەمگینی دوا ڕستەکان بەیەکەوە دەبەستێ و دەیانکاتە هارمۆنیایەکی نایاب.

بەڵام ئەگەر فلاوبێر ئەم زەردەخەنە جوانەی هاوڕێیەتی لە کاتی نووسینەوەی هەموو ڕۆمانەکەدا گوێ لێ بووە، خوێنەرەکەی یەکسەر لە بیری چووەتەوە، کاتێکیش دەگاتە کۆتایی، ناوبردنی سەردانی قەحپەخانە بە هیچ جۆرێک بیرەوەری تێدا بێدار ناکاتەوە؛ بەهیچ جۆرێک گوێی لە هارمۆنی مۆسیقایەکی نایاب نابێت.

دەبێ ڕۆماننووس لە هەمبەر ئەم لەبیرچوونەوە گەورەیە چی بکات؟ خەمی ئەوە ناخوا و ڕۆمانەکەی وەکو کۆشکێکی لە ڕووخاننەهاتووی لە بیرچوونەوە بینا بکات، لەگەڵ ئەوەشدا دەزانێ، کە خوێنەرەکەی تەنیا بە بیری پەرش و بڵاوەوە، خێرا، فەرامۆشکەر پێیدا تێ دەپەڕێ، بەبێ ئەوەی جارێک لە جاران تێیدا بژی.

## ڕۆنان

ئانا کارینینا لە دوو ڕایەڵی گێڕانەوە پێک هاتووە: ڕایەڵی ئانا (تراجیدیای ناپاکی ژن و مێردایەتی و خۆکوشتنی) و ڕایەڵی لێڤین (ژیانی ژن و مێردێکی تا ڕادەیەک کەمتر بەختەوەر). لە کۆتاییی بەشی حەوتەمدا ئانا خۆی دەکوژێ. دوا بەشی بەدوادا دێت، بەشی هەشتەم، کە تەنیا بۆ ڕایەڵی لێڤین تەرخان کراوە. ئەمە بەزاندنێکی ڕوون و ئاشکرای ڕێککەوتنە، چونکە بۆ هەموو خوێنەرێک مردنی ژنە پاڵەوانەکە تەنیا کۆتاییی شیاوی ڕۆمانە. بەڵام لە بەشی هەشتەمدا ژنە پاڵەوانەکە ئیتر هەر دەرناکەوێ؛ لێرە و لەوێ تەنیا زایەڵەیەکی چیرۆکەکەی دەمێنێتەوە، دەنگی کزی هەنگاوی بیرەوەرییەک کە هەمیشە دوورتر دەکەوێتەوە؛ ئەمەش جوانە، ئەمەش ڕاستە؛ تەنیا ڤرۆنسکی دڕدۆنگە و دەچێ بۆ سیبیریا، بۆ ئەوەی لە جەنگی دژە تورکەکاندا بە دوای مەرگدا بگەڕێ؛ تەنانەت مەزنیی کارەکەیشی ڕێژەگەرا دەکرێ: نزیکەی سەرجەمی بەشی هەشت لەسەر زەویوزارەکەی لێڤین ڕوو دەدا، کە لە گفتوگۆکانیدا گاڵتە بە شێتگیریی پاوانخوازیی

سلاَقی ئەوانە دەکا، کە بە ویستی خۆیان بۆ سێربەکان دەچنە جەنگەوە؛ ئەم جەنگە لێڤین زۆر کەمتر لە بیرکردنەوەکانی لە خوا و مرۆڤ سەرقاڵ دەکات؛ لە کاتی کاری جووتیاریدا پارچە پارچە سەرهەڵدەدەن و لە گەڵ ژیانی ڕۆژانەی پەخشانگەرایدا تێکەڵن، کە وەکو لەبیرچوونەوەیەکی هەمیشەیی لەبارەی تراجیدیای ئەڤینێکەوە خۆی دادەخا.

بەوەی چیرۆکی ئانا دەخاتە پانتاییی فراوانی جیهانەوە، کاتێ لە کۆتاییدا لەو بێئەندازەییەدا خۆی دەتوێنێتەوە کە لەبیرچوونەوە حوکمی دەکا، تۆڵستۆی گوێڕایەڵی ئامانجی بنەمایی هونەری ڕۆمان دەبێ. گێڕانەوە، بەو جۆرەی لە کەونارای نادیارەوە لە ئارادایە، لەو چرکەساتەدا بووە ڕۆمان، کاتێ دانەر ئیتر تەنیا بە "Story"ییەک دڵی ئاوی نەخواردووەتەوە، بگرە پەنجەرەکانی جیهانی هەر چوار دەوری بە تەواوی کردووەتەوە. بەو جۆرە "Story" تر، ڕووداو، وەسف، چاودێری، تاودانەوە چوونە پاڵ "Story"یەک و لە پڕ نووسەر لە بەردەم مادەیەکی زۆر ئاڵۆز، زۆر ناتەبادا بوو، کە دەبوو وەکو ئەندازیارێکی تەلارسازی شێوەی پێ ببەخشێ. بەو جۆرە ڕۆنان (بیناسازی) بۆ هونەری ڕۆمان هەر لە سەرەتای بوونییەوە گرینگییەکی زۆر وەدەست دەهێنێ.

ئەم گرینگییە نایابەی بیناسازی یەکێکە لە نیشانە جێنێتییەکانی هونەری ڕۆمان؛ لە هونەرە ئەدەبییەکانی تر، شانۆنامە (ئازادیی بیناسازی لە ڕێی درێژیی وێنایەکەوە و ئەو پێویستییەی هەمیشە ئاگەداری بینەر کەمەندگیر بکات بە توندی سنووردار کراوە) هەروەها لە شیعری جودا دەکاتەوە. بەم بۆنەیەوە: ئاخۆ نزیکە دڵخورپێنەر نییە، کە بۆدلێر، بۆدلێری بێهاوتا، هەمان بڕگەسازی و هەمان شێوەی سۆنێت بەکار ناهێنێ وەکو ئاپۆڕەی لە ژماردننەهاتووی شاعیران لەپێش و لەپاش ئەو؟ بەڵام هونەری شاعیر بەو جۆرەیە: ڕەسەنایەتی لە ڕێی وزەی فەنتازیاوە گوزارشتی لێ دەکرێ، نەک لە ڕێی بیناسازیی سەرجەمەوە. بەپێچەوانەوە جوانیی ڕۆمان لە

بیناسـازییەکەی جودا ناکرێتەوە؛ من دەڵێم جوانی، چونکە بیناسازی تەنیا توانـای تەکنیکیـی نیـیـە؛ ڕەســەنایەتـی شـێـوازی نـووســەرێک لە خـۆیدا هەڵدەگرێ (هەموو ڕۆمانەکانی دۆستەیەڤسکی لەسەر بنەماگەی بیناسازیی هاوشێوە چێ کراون)؛ نیشانەی ناسینەوەی هەموو تاکە ڕۆمانێکیشە (لەناو ئەم بنەماگە هاوبەشەشدا هەموو ڕۆمانێکی دۆستەیەڤسکی بیناسازی لە لاساییکردنەوەنەهاتووی خۆی هەیە). لەوەش بەرچاوتر گرینگیی بیناسازییە لە ڕۆمانە گەورەکانی سەتەی بیستەمدا: ئولیسەس بە چەکمەجەی شێوازە جیاوازەکانییەوە؛ فێردیدەرک، کە چیرۆکە "چەتەگەریی"ەکەی بە دوو گەمەی نێـوبەندی خـۆنواندن بەبێ هیچ هاوپێـوەندییـەک بە ڕەوتـی ڕۆمـانەکـەوە دەکرێتە سێ بەشەوە؛ ڕۆمانی سێیەم خەورۆکان، کە پێنج "ژانر"ی جیاواز (ڕۆمـان، نۆڤـێلە، ڕیپـۆرتـاج، شـیـعـر، وتـار) دەکـاتە تاقـە یـەک سـەرجـەم؛ دارخـورمـا کێـوییـەکـانی فۆکنەر، لـە دوو چیرۆکی سـەربەخـۆ پێک دێ، کە هەرگیز بە یەک ناگەن؛ هتد... هتد.

ئەگـەر ڕۆژێک لە ڕۆژان مـێـژووی ڕۆمـان کـۆتاییی پێ بهـێنرێت، چی چارەنووسـێک چاوەڕوانی ڕۆمـانە گـەورە مـاوەکـان دەکـات؟ هەنـدێکیـان ناگێڕدرێنەوە و بەمەش ناگونجێندرێن (وەکو پانتاگروێل، وەکو ترسیترام شـاندی، وەکو ژاکی قـەدەرگەرا و ئاغاکەی، وەکو ئولیسەس). بەو جـۆرەیان لێ دێ کــە هەن، دەمــێننەوە یان لـەناودەچن. هی تر لـەوانەیە لە ســایەی ئەوەوەی "Story"یان تێدایە بگێڕدرێنەوە (وەکو ئانا کارینینا، وەکو گەمژە، وەکو دادگەیی) و بەوەش بۆ فیلم، تەلەڤزیۆن، شانۆ، کۆمیک بگونجێندرێن. بەڵام ئەم شـێـوەیەی "نەمـری"ی تراویلکەیە! چونکە بـۆ ئەوەی لە ڕۆمــانێک شـانۆنامـەیەک یان فلیـمێک بکرێ، مرۆڤ دەبێ یەکەم جار بیناسـازییەکەی پارچە پارچە بکات؛ تەنیــا بـۆ "Story"یــــەکـــــەی سنووورداری بکات؛ دەسـتبەرداری شێوەکەی بێت. چی لە کارێکی هونەری دەمێنێتـەوە، ئەگەر مـرۆڤ شێوەکەی لێ بکاتەوە؟ مرۆڤ لەو بڕوایەدایە ژیانی ڕۆمانێکی گەورە

لە ڕێی گونجاندنەوە درێژ بکاتەوە و مرۆڤ جگە لە ئارامگەیەک زیاتر هیچی تر بینا ناکات، کە تەنیا نووسینێکی بچووک لەسەر مەرمەڕەکە ناوی ئەو کەسە بیر دەخاتەوە، کە لە ئارامگەکەدا نییە.

## لەدایکبوونێکی لەبیرکراو

کێ هێشتا هێرشی سوپای ڕووسی بۆ سەر چیکۆسلۆڤاکیا لە ئەوگوستی ١٩٦٨دا وەبیر دێتەوە؟ لە ژیانی مندا ئەمە کاولکاری بوو. بەڵام ئەگەر بیرەوەرییەکانی ئەو کاتەم نووسیباوە، ئەنجامەکە هەژار دەبوو، بەدڵنیاییەوە پڕ دەبوو لە سەهو، درۆی خۆنەویست. بەڵام لە پاڵ بیرەوەریی هەقیقەتەکان یەکێکی تریش هەیە: وام بۆ دەرکەوت وڵاتە بچووکەکەم دوا پرزەی سەربەخۆیی لێ براوە، بۆ هەمیشە جیهانێکی گەورەی زەبەلاحی نامۆ هەڵی لووشیوە؛ لەو بڕوایەدام سەرەتای دوا گیانەڵای دەبینم؛ بێگومان هەڵسەنگاندنم بۆ بارودۆخەکە هەڵە بوو؛ بەڵام لەگەڵ بەهەڵەداچوونمدا (یان زۆرتر لە سایەی ئەوەوە) ئەزموونێکی گەورە مۆرکی بە بیرەوەریی بوونمەوە نا: لەو کاتەوە ئەوە دەزانم کە هیچ فرەنسییەک، هیچ ئەمەریکاییەک بتوانێ بیزانێ؛ دەزانم بۆ مرۆڤێک چی دەگەیەنێ مەرگی نەتەوەکەی بە چاوی خۆی ببینێ.

لە وێنەی مەرگیدا تەلیسملێکراو، بیرم لە لەدایکبوونی کردەوە، باشتر بڵێین لە لەدایکبوونی دووەمی، لەدایکبوونەوەی دوای سەتەی ١٧ و سەتەی ١٨یەم، کە زمانی چیکی (ڕۆژێک لە ڕۆژان زمانی گەورەی یان هوس و کۆمێنیوس) لە کتێب، خوێندنگە، فەرمانبەریی ونبوو و لە پاڵ زمانی ئەڵمانیدا وەکو زمانی ماڵەوە ژیانێکی تەمەڵانەی دەگوزەراند. بیرم لە نووسەر و هونەرمەندە چیکییەکانی سەتەی نۆزدە کردەوە، کە لە ماوەیەکی زۆر نایابی کورتدا نەتەوەیەکی نووستوویان بێدار کردەوە؛ بیرم لە بێتریچ سمێتانا کردەوە، تەنانەت نەیدەتوانی بە باشی بە چیکی بنووسێ، کە

یاداشتنامە کەسییەکانی بە ئەڵمانی دەنووسی و لەگەڵ ئەوەشدا کەسایەتی سەمبۆلی نەتەوە بوو. بارودۆخێکی دانسقە: چیکییەکان، هەموو دوو زمان، ئەو کاتە دەرفەتیان هەبوو هەڵبژێرن: لەدایک بن یان لەدایک نەبن؛ بوون یان نەبوون. یەکێک لەوان، هوبێرت گۆردۆن شاوەر پرکێشیی ئەوەی هەبوو بێ پێچ و پەنا ئەوە دارِێژێ کە لە مەترسیدا بوو: "ئاخۆ بۆ مرۆڤایەتی بە سوودتر نەدەبووین، ئەگەر ئێمە وزەی ئەقڵیمان ئاوێتەی کولتووری نەتەوەیەکی گەورە بکردایە، کە ئێستا لە ئاستێکی کولتووری زۆر بەرزتردایە وەکو لەو کولتوورە چیکییەی ئێستا لە سەرهەڵداندایە؟" لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆتاییدا "کولتووری لە سەرهەڵداندا"یان لە کولتووری پێگەییوی ئەڵمانەکانیان پێ باشتر بوو.

هەوڵم دا لێیان تێ بگەم. ئەفسوونی فریوی نیشتمانپەروەری لە چیدا بوو؟ ئاخۆ فریوی سەفەر بوو بەرەو نادیار؟ تاسە بوو بۆ رابردوویەکی گەورە، کە گوزەرا بوو و بەسەرچووبوو؟ دڵفراوانییەکی خانەدانانە بوو، کە لاوازەکانی پێش بەهێزەکان دەخست؟ یان ئەو خۆشییە بوو، لەگەڵ پۆلە هاورێیەکدا بیت، کە کەڵکەڵەی ئەوە دایگرتبوون، لە هیچەوە جیهانێکی نوێ بخوڵقێنن؟ نەک تەنیا شیعرێک، شانۆیەک، حزبێکی سیاسی بخوڵقێنی، بگرە نەتەوەیەکی سەرومڕ، تەنانەت بە زمانە نیوە فەوتاوەکەیەوە؟ تەنیا سێ یان چوار وەچە لەم قۆناغە دابڕاو، سەیرم بە بێتواناییی خۆم هات، خۆم بخەمە جێی پێشینانەکانم، ئەو بارودۆخە کۆنکریتییە بێنمە خەیاڵی خۆم، کە ئەوان تیا ژیاون.

بەسەر جادەکاندا سەربازی رووس رێیان دەکرد، من بەم وێنایە تۆقابووم، کە هێزێکی سەروەر رێی ئەوەمان لێ دەگرێ، ئەوە بین، کە بووین و لە هەمان کاتدا بە زویرییەوە بۆم دەرکەوت، کە نەمدەزانی چۆن و بۆچی بووینە ئەوەی کە هەبووین؛ تەنانەت من دڵنیا نەبووم، ئاخۆ سەتەیەک پێشووتر ئەو هەڵاوێردەم دەکرد چیکی بم. من لە زانیاریی رووداوە مێژووییەکانم کەم

نەبوو. من پێویستم بە زانیارییەکی تر بوو، کە فلاوبێر بیوتبا، "بۆ ناو ڕۆحی" بارودۆخێکی مێژوویی بچێ، کە قەوارەی مرۆڤ لەخۆ دەگرێ. لەوانە بوو ڕۆمانێک، ڕۆمانێکی گەورە فێری کردبام تێ بگەم، ئەو کاتە چیکییەکان بڕیارەکەیان چۆن بینی. بەڵام ڕۆمانێکی لەو جۆرە نەنووسرابوو. هەندێ حاڵەت هەن، کە نەبوونی ڕۆمانێکی گەورە جێی پڕ نابێتەوە.

## لەبیرکردنی بیرنەچووەوە

چەند مانگێک دوای ئەوەی وڵاتە بچووکە دەستەوەستانەکەم بۆ هەمیشە بەجێ هێشت. لە مارتینیک بووم. لەوانە بوو بمەوێ ماوەیەک بارودۆخم وەکو کۆچبەر لە بیر بکەم. بەڵام ئەمە مەحاڵ بوو: وەکو چۆن من بۆ چارەنووسی وڵاتە بچووکەکان زۆر هەستیار بووم، لەوێ هەموو شتێک بۆهیمیاکەمی بیر دەخستمەوە، بە تایبەتی مارتینیکم کاتێک تووش بوو، کە کولتوورەکەی بە جۆش و خرۆشەوە لە گەڕاندا بوو بۆ دوای کەسایەتیی خۆیدا.

ئەو کاتە چیم لەبارەی ئەو دوورگەیەوە دەزانی؟ هیچ. جگە لە ناوی ئایم سێزار، کە شیعرەکانیم بە حەڤدە ساڵی یەکسەر دوای جەنگ بە وەرگێڕدراوی لە کۆوارێکی ئەڤاندگاردی چیکیدا خوێندبووەوە. بۆ من مارتینیک دوورگەی ئەیمە سێزار بوو. هەر بەو جۆرەش خۆی پێشان دام، کاتێ چوومە ناوییەوە. سێزار ئەو کاتە شارەداری فۆرت-دی-فرانس بوو. هەموو ڕۆژێک ئاپۆڕەی خەڵکم لە بەردەم شارەداریدا دەبینی، کە چاوەڕوانی ئەوە بوون قسەی لەگەڵدا بکەن، ڕازی خۆیانی لەلا بدرکێنن، پرسیاری ئامۆژگاریی لێ بکەن. بێگومان هەرگیز جارێکی تر نزیکییەکی ئاوها جەستەیی لە نێوان گەل و ئەو کەسەدا نابینم کە بریکاری گەل دەکا.

شاعیر وەکو دامەزرێنەری کولتوورێک، نەتەوەیەک، ئەمەم لە ئەورووپاکەی ناوەڕاستمدا زۆر باش دەناسی؛ ئەمانە ئەدام میکیەڤیچ لە پۆڵۆنیا، شاندۆر پێتیۆفی لە هەنگاریا، کارەڵ هینەک ماخا لە بۆهیمیا. بەڵام ماخا

شاعیرێکی ڤێزەون بوو، میکیەڤیچ کۆچبەر بوو، پێتویفی شۆڕشگێڕێکی لاو بوو، کە لە ساڵی ١٨٤٩دا لە کوشتارێکدا کوژرا. ئەوان ئەو بەهرەیەیان پێ نەبەخشرابوو، ئەو شتانە بناسن، کە سێزار دەیناسین: خۆشەویستی بەئاشکرا بەیانکراو. جگە لەوە سێزار شاعیری ڕۆمانتیکی سەتەی ١٩ نییە، ئەو شاعیرێکی مۆدێرنە، میراتگری ڕامبۆیە، هاوڕێی سوریالییەکانە. لە کاتێکدا ئەدەبی دەوڵەتە بچووکەکانی چەقی ئەورووپا ڕەگی لە کولتووری ڕۆمانتیکدا داکوتابوو، کولتووری مارتینیک (و سەرچەمی ئەنتیل) لە ئیستاتیکای هونەری مۆدێرنەوە سەری هەڵدابوو (ئەمەش شاگەشاکەی کردم)!

هەموو ئەم شتانە لە ڕێی شیعرێکی سێزارەوە ورووژا: گەڕانەوە بۆ زێدەکەم (١٩٣٩)؛ گەڕانەوەی قولەڕەشێک بۆ دوورگەیەکی ئەنتیلی قولەڕەشەکان؛ بەبێ هیچ ڕۆمانتیککردنێک، بەبێ هیچ ئیدیالکردنێک (سێزار باسی ڕەشپێستەکان ناکات، بەڵکو بەدەستی ئەنقەست باسی قولەڕەش دەکا) شیعرەکە بەبێ بەزەیی دەپرسێ: ئێمە کێین؟ خوای گەورە، ئەوان، ئەو ڕەشانەی ئەنتیل کێن؟ لە سەتەی حەڤدەدا لە ئەفریقیاوە بۆ ئەوێ پەلکێش کراون؛ بەڵام بە تەواوی لە کوێوە؟ سەر بە چی خێڵێک بوون؟ بە چ زمانێک قسەیان کردبوو. ڕابردوو لە بیر کرابوو. ڕابردوو سەری پەڕێنرابوو. لە سەفەرێکی درێژدا لە بنی بۆشی کەشتیدا سەری پەڕێنرابوو، لە ناوەڕاستی تەرم، قیژە، فرمێسک، خوێن، خۆکوشتن، کوشتندا؛ لەم سەفەرەدا بە ناو دۆزەخدا هیچ شتێک نەمایەوە؛ جگە لە لەبیرکردن هیچی تر نەمایەوە: لە بیرچوونەوەی تەواو، تەواو.

دڵەخورپەی لەبیرنەکراوی بیرچوونەوە دوورگەی کۆیلەکانی کردە شانۆی خەون؛ چونکە تەنیا لە ڕێی خەونەوە مارتینییەکان توانییان بوونیان وێنا بکەن، بیرەوەری بوونگەرایان بخولقێنن؛ دڵەخورپەی لەبیرنەکراوی بیرچوونەوە حیکایەتخوانی گەلی بۆ ئاستی شاعیری شوناسنامە بەرز

کردەوە (وەکو ڕێزلێنانیان پاتریک شامیسیۆ لە ساڵی ١٩٨٨دا سۆلیبۆ ماگنیفیکەکەی نووسی؛ میراتە نایابە زارییەکانیان بە فەنتازیا و شێتییەکانیانەوە بۆ ڕۆماننووسەکان بەجێ هێشت. من ئەم ڕۆماننووسانەم زۆر خۆش ویست (نەک تەنیا مارتینییەکان، هاییتییەکانیش: ڕێنێ دێپێستر، وەکو من کۆچبەر و ژاک ستیڤن ئەلێکسیس، لە ساڵی ١٩٦١دا کوژرا، وەکو چۆن بیست پێشووتر نووسەری چیکی ڤلادیسلاڤ ڤانتسورا کوژرا، یەکەم ئەوینی گەورەی ئەدەبی من). شیعرییەتی ڕۆمانەکانیان سەرومڕ ڕەسەن بوو (خەون، جادوو، فەنتازیا تێیدا ڕۆڵێکی ناوازە دەبینن) ئەمەش تەنیا بۆ دوورگەکانیان گرینگ نەبوو، بگرە (شتێکی زۆر دەگمەن، کە دەمەوێ جەغدی لێ بکەم) بۆ هونەری مۆدێرنی ڕۆمان، بۆ ئەدەبی جیهانی گرینگ بوو.

### ئەوروپایەکی لەبیرکراو.. ئەی ئێمە لە ئەورووپا، ئێمە کێین؟

ئەو ڕستەیەم بیر دەکەوێتەوە، کە فریدریش شلێگڵ لە دوا ساڵەکانی سەتەی هەژدەدا نووسیویەتی: "شۆڕشی فرەنسی، ڤیلهێلم مایستەری گوێتە و تیۆری زانستی فیشتە گەورەترین خواستەکانی قۆناغن." ڕۆمانێک و کتێبێکی فەلسەفی بخرێتە هەمان ئاست وەکو ڕووداوێکی مەزنی سیاسی، ئەمە ئەو کاتە ئەوروپا بوو؛ ئەوروپای لەگەڵ دیکارت و سێرڤانتس لەدایکبوودا؛ ئەوروپای سەردەمی نوێ.

بەزەحمەت وێنا دەکرێ، کە یەکێک پێش سی ساڵ (بۆ نموونە) بینووسیبا: نەمانی کۆلۆنیالیزم، ڕەخنەی هایدێگەر لە تەکنیک و فلیمەکانی فێلینی گرینگترین خواستەکانی سەردەم بەرجەستە دەکەن. ئەم جۆرەی بیرکردنەوە لەگەڵ ڕۆحی سەردەمدا نەدەگونجا.

ئەی ئەمڕۆ؟ کێ پرکێشیی ئەوە دەکا، هەمان گرینگی بە کارێکی کولتووری (هونەری، هزر) و (بۆ نموونە) بە لەناوچوونی کۆمۆنیزم لە

ئەوروپا بدات؟

ئێستا کارێکی وا گرینگ نەماوە؟

یان توانامان لەدەست داوە بیناسینەوە؟

ئەم پرسیارانە مانایان نییە. ئەوروپای سەردەمی نوێ نەماوە. ئەو شتەی ئێمە تێیدا دەژین، ئیتر لە ئاوێنەی فەلسەفەکەی و هونەرەکانیدا بە دوای شوناسنامەی خۆیدا ناگەڕێ.

بەڵام ئاوێنەکە لە کوێیە؟ دەمانەوێ لە کوێ بە دوای ڕووخسارماندا بگەڕێین؟

## ڕۆمان وەکو سەفەر بە ناو سەتەکان و کیشوەرەکاندا

ڕۆمانەکەی ئەلیخۆ کارپەنتیر چەنگ و سێبەر (١٩٧٩)، لە سێ بەش پێک هاتووە. بەشی یەکەم لە سەرەتای سەتەی ١٩دا لە چیلە ڕوو دەدا، کە پاپای داهاتوو پیۆسی نۆیەم ماوەیەک لەوێ بەسەر دەبا؛ بەو قەناعەتەوەی کە دۆزینەوەی کیشوەرە تازەکە شکۆدارترین ڕووداوی مەسیحییەتی مۆدێرنە، بڕیار دەدا ژیانی بە بەخشینی کریستۆف کۆلۆمبوس پیرۆز بکات. بەشی دووەم سێ سەتە بەرەو دواوە دەمانگێڕێتەوە: کریستۆف کۆلۆمبوس خۆی سەرکێشیی باوەڕنەکردەنی دۆزینەوەی ئەمەریکا دەگێڕێتەوە. لە بەشی سێیەمدا، نزیکەی چوار سەت ساڵ دوای مردنی، کریستۆف کۆلۆمبوس نادیار لە دادگەیەکی کلێسادا ئامادە دەبێ، کە دوای مشتومڕێکی تیۆری و بە هەمان شێوە زیادەڕەو (ئێمە لە قۆناغی دوای کافکادایین، کە تیایدا سنووری مەحاڵ ئیتر پاسەوانی ناکرێ) بەخشین ڕەت دەکاتەوە.

سێ قۆناغی مێژوویی جیاواز لە تاقە یەک ڕۆناندا یەک بخرێ ڕۆژێک لە ڕۆژان یەکێک بوو لە ئەگەرە نوێ وێنانەکراوەکان، کە خۆیان بۆ هونەری ڕۆمانی سەتەی بیست کردەوە، هەر لەگەڵ سنوورەکانی سەرسامییان بۆ سایکۆلۆجیاکانی تاک دابەزاند و توانییان بەسەر کێشەی بوونگەرایی بە

مـانـای فـراوانی، گـشـتی، سـەروو فـەردی ئەم وشـەیەدا دابچـەمنەوە؛ من جـارێکی تر دەگـەڕێمـەوە بۆ خـەوڕۆکان، کە تیایدا هێرمـان برۆخ، بۆ ئەوەی ئەو بوونە ئەوروپاییە پێشان بدا کە لافاوی "دارزانی بەهاکـان" ڕای ماڵیوە، خـۆی بە سێ قۆناغی مێژوویی لەیەک دابڕاوەوە سـەرقاڵ کردووە، سێ پلە، کـە ئەوروپا بۆ ڕووخـانی یەکـجـارەکـیی کـولتـوورەکـەی و پاسـاوی بوونی دابەزی.

برۆخ ڕێگەیەکی تازە بۆ شـێـوەی ڕۆمـان دەکـاتەوە. ئاخـۆ کـارەکـەی کارپەنتیریش بەسەر هەمان ڕێگەوەیە؟ بێگومان. هیچ ڕۆماننووسێکی گەورە ناتوانێ لە مـێـژووی ڕۆمـان دەرچـێـتـە دەرەوە. بەڵام لە پشـتی شـێـوەی هاوشێوەوە مەبەستگەلی جیاواز خۆیان حەشار داوە. کارپەنتیر مـەبەستی ئەوە نییـە، لە ڕێی کێشـمەکێشی قۆناغی مێژوویی جیاوازەوە نهێنیی گیـانەڵایەکی گـەورە ئاشکرا بکات؛ ئەو ئەوروپی نییـە؛ پێـشـاندەرەکـانی کاتژمێرەکەی (کـاتژمێری ئەنتیل و سـەرجـەم ئەمەریکای لاتین) زۆر دوور لەپێش دوازدە وەسـتـاون؛ ئەو لە خـۆی ناپرسێ: "بۆچی دەبێ لە بەرچاو ون بین؟"، بەڵکو: "بۆچی دەبوو لەدایک بین؟"

بۆچی دەبوو لەدایک بین؟ و ئێمە کێین؟ کـامە وڵاتەکەمانە، خـاکی ئێمە؟ مـرۆڤ کـەم تێ دەگـا، ئەگـەر بەوە بەس بکات، بە یارمـەتیی بیـرەوەریی لەخۆڕامانی ڕووت لە مـەتەڵی شوناسنامە ورد ببێتەوە؛ بروخ دەڵێ، بۆ ئەوەی مـرۆڤ تێ بگا دەبێ بەراورد بکات؛ مـرۆڤ دەبێ شـوناسنامـە بخـاتە ژێر تاقیکردنەوەی ڕووبەڕووبوونەوەوە؛ مرۆڤ دەبێ (وەکو کارپەنتیر لە تەقینەوە لە دێرەکـەدا، ١٩٥٨) شۆڕشی فـرەنسی بە ڕوونووسـە ئەنتیلییـەکـەیەوە (و سـەرپـەڕێنـەری پاریس بەوی گـوادەلوپ) بەراورد بکات؛ کـۆلۆنیـالێکی مەکسیکی سەتەی ١٨ (لە کۆنسێرتی بارۆکی کارپەنتیردا، ١٩٧٤) لە ئیتاڵیا دەبێ ببێتـە هاوڕێی _هێندڵ، ڤیـڤالدی، سکارلاتی (لە کـاژێرە درەنگەکـانی مـەستیشدا هاوڕێیەتی لەگەڵ ستراڤینسکی و ئارمسترۆنگدا بکات!) و

بەیەکدادانێکی وا نایابی ئەمریکای لاتینمان لەگەڵ ئەوروپادا پێ پێشان دەدا؛ ئەڤینی کرێکارێک و سۆزانییەک دەبێ لە هەڵاتن لە چاوتروکانێکدا (١٩٥٩) ی ژاک ستیڤن ئەلێکیسدا لە بەردەم قەحپەخانەیەکی هایتیدا لە بەردەم پشتینەی جیهانێکی بە تەواوی نامۆدا، لە سیمای سەردانکەرەکاندا، دەریاوانی ئەمەریکاییی باکور ڕوو بدەن؛ بەیەکدادانی داگیرکەرە ئەمەریکاییەکان و ئیسپانییەکان کە لە هەموو شوێنێک چاوەڕوان کراوە: "خاتوو هاریەت، چاوەکانت بکەرەوە و بیری خۆتی بخەرەوە، کە ئێمە پێستسوورەکانمان کوشتن و هەرگیز ئەو پرکێشییەمان نەبوو، لەگەڵ ژنە هیندییە سوورەکاندا داوێنپیسی بکەین، بۆ ئەوەی بە لای کەمەوە ببوایەتە ولاتێکی دوورەگ"، بەشداریی ڕۆمانەکەی کارلۆس فۆینتەس (پیرەمێردە سپیپێستە، ١٩٧٣) وا دەڵێ، پیرەمێردێکی ئەمەریکای باکور، کە بە هەڵە کەوتبووە ناو شۆڕشی مەکسیکییەوە؛ بەم هەست وشانە جیاوازیی نێوان دوو ئەمەریکاکە و لە هەمان کاتدا لە نێوان دوو نموونەی دژوازی دلڕەقیدا دەکا: ئەوەی ڕەگی لە ڕقدا داکوتاوە (کە پێی خۆشە لە دوورەوە بکوژێ، بەبێ ئەوەی دەستی بەر دوژمن بکەوێ، تەنانەت بەبێ ئەوەی بیبینێ) و ئەوەی، کە هەمیشە لەسەر پێوەندییەکی نزیک دەلەوەڕێ (دلڕەقییەک، کە دەیەوێ بکوژێ، لە کاتێکدا سەیری ناو چاوی دوژمن دەکا)...

حەزی هەموو ئەم ڕۆماننووسانە بۆ بەیەکدادان لە هەمان کاتدا حەزکردنە لە هەوایەک، لە پانتاییەک، لە هەناسەدانێک: حەزکردن لە شێوەی نوێ؛ من بیر لە خاکەکەمان (١٩٧٥)ی فۆینتەس دەکەمەوە، ئەو سەفەرە بێکۆتاییە دوورە بە ناو سەتەکان و کیشوەرەکاندا؛ مرۆڤ هەمیشە ڕووبەڕووی هەمان کەسان دەبێتەوە، کە لە سایەی فەنتازیای مەستانەی نووسەرەوە لە قۆناغی جیاوازدا بە ناوی جیاوازەوە دۆنادۆن دەکەن؛ دەرکەوتنیان یەکەی بیناسازی مەیسەر دەکەن، کە لە مێژووی شێوەکانی ڕۆماندا بە جۆرێکی بروانەکردەنی لەوپەڕی سنووری شیاودایە.

## شانۆی بیرەوەری

لە خاکەکەماندا فیگوری زانایەکی شێت هەیە، کە تاقیگەیەکی سەیری هەیە، "شانۆیەکی بیرەوەریی"، کە لە سایەی ئامێرێکی فەنتازییەوە نەک تەنیا دەتوانێ هەموو ڕووداوانەی ڕوویان داوە، بگرە ئەوانەیش کە لەوانەیە ڕوویان دابێ لەسەر شاشەیەک تاو پێ بداتەوە. بەپێی ئەو لە پاڵ "بیرەوەری زانستی"یەوە "یادەوەری شاعیرانە" هەیە کە مێژووی هەموو ڕووداوە شیاوەکانی دەخاتە سەر و بەمجۆرە "مەعریفەی سەرومڕی ڕابردوویەکی سەرومڕ" لەخۆ دەگرێ.

وەکو لە زانا شێتەکەوە سروشی وەرگرتبێ، فوێنتەس لە خاکەکەماندا ڕووخسارگەلی مێژوویی ئیسپانیای سەتەی ١٦ دەهێنێتە سەر شانۆ، شا و شاژن، بەڵام سەرکێشییەکانیان هاوشێوەیی لەگەڵ ڕووداوە ڕاستییەکاندا نییە؛ ئەوەی فوینتەس لەسەر شاشەی "شانۆی بیرەوەری" خۆی تاوی پێ دەداتەوە، مێژووی ئیسپانیا نییە؛ شێوەیەکی فەنتازی تێمای مێژووی ئیسپانیایە.

ئەمە بڕگەیەکی زۆر خۆشم لە پۆمیسل (بیرۆکە)، ١٩٧٤ی کازیمیرس براندیسم بیر دەخاتەوە: کۆچبەرێکی پۆڵۆنی لە زانستگەیەکی ئەمەریکایی مێژووی ئەدەبی وڵاتەکەی دەڵێتەوە؛ لەبەرئەوەی دەزانێ، کە هیچ مرۆڤێک شارەزایی لەو شتە نییە، بۆ گاڵتە ئەدەبێکی خەیاڵی دەدۆزێتەوە، کە نووسەر و کارەکانیان هەرگیز لە ئارادا نەبوون. لە کۆتایی ساڵی خوێندندا بە سەرسامی و غافڵگیرییەوە بۆی دەردەکەوێ، کە ئەم مێژووە خەیاڵییە زۆر لە ڕاستییەکە جیاواز نییە، هیچی نەدۆزیوەتەوە، کە ڕەنگ بێ ڕوو نەدا و فێڵەکانی بە دڵسۆزی جەوهەری ئەدەبی پۆڵۆنی ڕەنگ پێ نەداتەوە.

ڕوبێرت موزیل لەسەر شاشەی "شانۆی بیرەوەری" خۆی سەیری چالاکیی دامەزراوەیەکی بەهێزی ڤیەننای دەکرد، "چالاکیی هاوتەریب"، کە بۆ ساڵی

١٩١٤ ئاهەنگی ساڵوگەڕی قەیسەرەکەی ئامادە دەکرد، بەو مەبەستەی، بیکاتە ئاهەنگێکی گەورەی ئاشتی ئەوروپاگر (بەڵێ، نوکتەیەکی ناپەسندی ڕەشی ترا). پتر لە دوو هەزار لاپەڕە هەموو ڕووداوەکەی پیاوە بێ خەسڵەتەکە بەدەوری ئەم دامەزراوە گرینگە ڕۆشنبیرییە، سیاسییە، دیپلۆماتی و کۆمەڵایەتییەدا دەسووڕێتەوە، کە هەرگیز لە ئارادا نەبووە.

سەرسام بە نهێنییەکانی بوونی مرۆڤی مۆدێرن، موزیل وا لە ڕووداوی مێژوویی دەڕوانی (سیتات دەکەم) وەکو بتوانرێ جێگۆڕکێیان پێ بکرێ؛ ژمارەی ساڵەکانی جەنگەکان، ناوی براوە و دۆڕاوەکان، واتە دەستپێشخەرییە جیاوازە سیاسییەکان لە گەمەی شێوەی جیاواز و گۆڕانکاریی تەواوەوە پەیدا دەبن، کە سنوورەکانیان ماتماتیکییانە بە وزەگەلی قووڵی پەنهانەوە دیاری کراون. ئەم وزانە لە شێوەیەکی تری مێژوودا زۆرجار ڕوونتر گوزارشتیان لێ دەکرێ وەکو لەو مێژووەدا کە بەڕێککەوت تێیدا ڕووی داوە.

## هۆشیاریی بەردەوامی

تۆ پێم دەڵێی، کە ئەوان ڕقیان لە تۆ دەبێتەوە؟ "ئەوان" چی دەگەیەنێ؟ هەموو کەسێک دەتوانێ بە جۆرێکی تر ڕقی لە تۆ ببێتەوە و دەتوانی دڵنیا بی، کە هەندێکیان زۆریان خۆش دەوێی. لە ڕێی هونەری ئەفسووناوییەوە ڕێزمان دەتوانێ ژمارەیەکی زۆری تاکەکان وەرگێڕێتە سەر تاقە یەک قەوارە، تاقە یەک سوبژێکت، تاقە یەک "زاتگەرا"، کە ناوی "ئێمە" یان "ئەوان"ە، بەڵام وەکو واقیعێکی تۆکمە لە ئارادا نییە. کەسوکارە زۆرەکەی ئادی پیر بە دەورییەوەن و دەمرێ. فۆکنەر (لە ڕۆمانی کاتێ لە سەرەمەرگدا بووم، ١٩٣٠) سەفەرە درێژەکەی لە دارەندازدا بۆ گۆڕستانی شوێنێکی لارێ لە ئەمەریکا دەگێڕێتەوە. بەشداریی چیرۆکەکە دەستەجەمعێکە، خێزانێکە؛ تەرمەکەی ئەوە، سەفەرەکەی ئەوە. بەڵام لە ڕێی شێوەی ڕۆمانەوە

فۆکنەر کۆی سەرلێشێوێنەری بەسەردا تێپەڕیوە؛ واتە یەک گێڕەرەوە نییە، بگرە فیگورەکان خۆیانن (پازدەن)، هەر کەسە و بە شێوەی خۆی، ئەم ئەناباسیسە دەگێڕنەوە (لە شەست نەسکی کورتدا).

ئەو ڕەوتەی هەڵخەڵەتاندنی ڕێزمانی کۆ لەناوبەی و لەگەڵیدا دەسەڵاتی تاقە یەک گێڕەرەوە، ڕەوتێکی لەم ڕۆمانەی فۆکنەردا بەرچاو، لە چەکەرەدا، وەکو ئەگەر لە سەرەتای هونەری ڕۆمانەوە ئامادەیە و تا ڕادەیەک بە شێوەی پرۆگرام لە شێوەی "ڕۆمانی نامە"ی سەتەی ١٨دا زۆر بەربڵاوە. ئەم شێوەیە پێوەندیی هێزی لە نێوان "Story" و کەسەکانی هەر لە سەرەتاوە ئاوەژوو کردەوە: ئیتر لۆجیکی "Story"یەک بە تەنیا بڕیاری نەدەدا، چی کەسێ کەی لەسەر شانۆی ڕۆمان دەربکەوێ؛ لێرەدا کەسەکان خۆیان ئازاد کرد، هەموو ئازادییەکی وشەیان گرتە دەست و خۆیان بوونە خاوەنی گەمەکە، چونکە نامە بە پێناسە دانپێدانانی نووسەرێکە، باسی ئەو شتە دەکات کە خۆی دەیەوێ، ئازادە لە باس لابدات، لە تێمایەکەوە بۆ یەکێکی تر بگوازێتەوە.

من شاگەشکە دەبم، کاتێک بیر لە شێوە و ئەگەرە گەورەکانی "ڕۆمانی نامە" دەکەمەوە؛ هەتا زیاتریش بیری لێ دەکەمەوە، ئەوەندە زیاتر بۆم دەردەکەوێ ئەو ئەگەرە لە دەست دراوە: ئاه، چەند بەبێ زۆر لەخۆکردن نووسەر دەیتوانی هەموو لە باسلادانە شیاوەکان، ڕووداو، تاودانەوە، بیرەوەری بخاتە سەر گشتێکی چاوەڕواننەکراو، بتوانێ شێوەی جیاواز و ڕاڤەی هەمان ڕووداو بخاتە بەرامبەر یەک! "ڕۆمانی نامە" ڕیچاردسن و ڕۆسۆی خۆی هەبوو، بەڵام بەداخەوە لاورێنس ستێرنی نەبوو. بەو جۆرەی بە دەسەڵاتی سەرکوتکاری "Story" هیپنۆزە کرابوو (خەوی موگناتیسیی لێ خرابوو)، دەستبەرداری ئازادییەکانی بوو. بیر لە زانا شێتەکەی فوێنتەس دەکەمەوە و بە خۆم دەڵێم، کە مێژووی هونەرێک ("ڕابردووی سەرومڕ"ی هونەرێک) تەنیا لەوە پێک نایەت، کە ئەو هونەرە خوڵقاندوویەتی، بگرە لەوەش پێک هاتووە، کە دەیتوانی بیخوڵقێنێ، لە هەموو کارە تەواوکراو و

کـاره شـیـاو و بەواقـیـعنەکـراوەکـان؛ بەڵام با لەوە گـەڕێین؛ لە هـەمـوو "نامـەڕۆمـان"ەکـان کـتـێـبـێکی گـەورە بـەرهـەڵسـتی کـاتی کـردووە: ئـەڤـینە مـەترسـیـدارەکـان (١٧٨٢)ی چۆدۆرلۆ دی لاکلۆ، کـاتێ لە سـەرەمـەرگـدا دەخوێنمەوە بیر لەم ڕۆمانە دەکەمەوە.

لە نزیکیی ئەم دوو کارەوە دەرناکەوێ، کە یەکێکیان بەوی تریان کاریگەر بووە، بگرە سـەر بە هـەمان مـێژووی هـەمان هونەرن و خۆیان بە کێشـەیەکی گەورەوە سـەرقاڵ دەکەن، کە ئەم مێژووە دەیخـاتە بەردەسـتیان: کێشـەی بەد بەکـارهـێنانی دەسـەڵاتی تاقـە یەک گـێـڕەرەوە؛ لـە ڕێی مـاوەیەکی زۆر دابڕانـەوە، هـەردوو ئـەم کـاره هـەمـان ئـارەزوو دایگرتوون، ئـەم دەسـەڵاتە بشکێنن، تاج لە سـەر گێڕەرەوە داگیرێ (یاخیبوونەکەش تـەنیا ئاراسـتـەی گێڕەرەوە ناکرێ بە تێگەیشتنی تیۆری ئەدەب، دژی دەسەڵاتی سامناکی ئەو گـێـڕەرەوەیەش دەکـرێـتـەوە، کـە لەپێش سـەردەمی بیـرکـردنـەوەوە تاقـە شـێـوەیەکی ڕێگەپێـدراو و دیاریکراوی هـەمـوو ئـەو شـتـانـە بۆ مـرۆڤ دەگـێـڕێـتـەوە کـە هـەیە). لە ڕوانگەی بـەردەم پشـتـینەی ئـەڤـینە مـەترسـیـدارەکـانەوە، شـێـوەی نـائـاسـاییی ڕۆمـانی فـۆکنەر هـەمـوو مـانا قووڵەکەی بەیان دەکا، کتومت وەکو کاتێ لە سەرەمەرگدا بووم بەپێچەوانەوە پرکـێـشـیی مـەزنی هونەری لاکلۆ ڕوونی دەکـاتەوە، کـە تێ گـەیشت، تاقـە "Story"یەک لەژێر گـۆشـەنیگای جـیـاوازەوە ڕووناک بکاتـەوە و ڕۆمـانەکـەی بکاتە کەرنەڤاڵێکی ڕاستییەکانی تاک و ڕێژەییی بەسەردا زاڵنەبوو.

مـرۆڤ دەتوانێ لەبارەی هـەمـوو ڕۆمـانەکـانەوە ئەمـە بڵـێ: مـێـژووی هاوبەشیان دەیانخاتە پێوەندییەکی ئاڵۆگۆڕی زۆرەوە؛ کە ماناکەی ڕووناک دەکەنەوە، درەوشانەوەکەی درێژ دەکەنەوە و لە فەرامۆشی دەیپارێزن. چی لە فرانسـوا ڕابلی دەمـایەوە، ئەگـەر سـتێرن، دیدرۆ، گـۆمـبـرۆڤـیـچ، ڤانجورا، گراس، گادا، فوێنتەس، گارسیا مارکیز، کیش، گۆیتیسـۆلۆ، چامۆیسیو، ڕوشدی لە ڕۆمـانەکانیـاندا دەنگیـان بە زایەڵەی شـێـتـییەکـەی نەدابایەوە؟

یەکەم جار لەبەر تیشکی خاکەکەمان (١٩٧٥) خەوڕۆکان (١٩٢٩-١٩٢٣) وا دەکەن ئەندازەی تازەگەریی ئیستاتیکییان بناسرێتەوە، کە لە کاتی دەرچوونیاندا کەم پەی پێ دەبرا و لە دراوسێیەتیی ئەم دوو ڕۆمانەدا، ئایەتە شەیتانییەکان (١٩٩١)ی سەلمان ڕووشدی دەست لەوە هەڵدەگرن، ڕۆژەڤێکی سیاسیی کەمخایەن بن و دەبنە کارێکی مەزن، لە خستنە بەرامبەر یەکی خەونئامێزی سەردەمەکان و کیشوەرەکاندا پڕکێشترین ئەگەرەکانی ڕۆمانی مۆدێرن گەشە پێ دەدا. بۆ یەکەم جاریش ئۆلیسیس! تەنیا ئەو کەسە دەتوانێ تێی بگات، کە بە جۆش و خرۆشی کۆنی هونەری ڕۆماندا بۆ نهێنیی چرکەساتی ئێستا، بە ئەو دەوڵەمەندییەی تاقە چرکەیەک ژیان لە خۆی دەگرێ، بۆ سکانداڵی بوونگەرای بێمانایی ئاشنایە. لە دەرەوەی ناوکۆیی مێژووی ڕۆماندا ئۆلیسیس تەنیا میزاجێکی کاتی دەبوو، تەنیا بێئارامیی پەیپێنەبراوی شێتێک دەبوو. ئەگەر مێژوو لە هونەرەکانی داماڵرێ، زۆر شت لە کارە هونەرییەکان نامێنێتەوە.

## هەتاهەتایی

قۆناغگەلی درێژ هەبوون، کە تێیدا هونەر بە دوای شتی نوێدا نەدەگەڕا، بگرە شانازیی بەوەوە دەکرد، دووبارەکردنەوە جوان بکات، نەریت بەهێز بکا و سەقامگیریی ژیانی کۆمەڵگەیەک مسۆگەر بکا؛ ئەو کاتە مۆسیقا و سەما تەنیا لە چوارچێوەی سرووتە کۆمەڵایەتییەکان، پێشانگە و ئاهەنگەکاندا هەبوون. ئەمجا، ڕۆژێک لە ڕۆژان لە سەتەی ١٢دا مۆسیقاژەنێکی کڵێسا لە پاریس ئەو بیرۆکەیەی بۆ هات، دەنگێک وەکو فرە دەنگی بخاتە سەر میلۆدی چەندان سەتە نەگۆڕاوی گۆرانیی گرێگۆریانی. میلۆدی بنەمایی هەرە کۆن وەکو خۆی مایەوە، بەڵام دەنگی فرە دەنگییەکە نۆژەن بوو، کە بووە هۆی نۆژەنی تر، بۆ فرە دەنگی بە سێ، چوار، شەش دەنگەوە، بۆ شێوەی هەمیشە ئاڵۆزتر و چاوەڕواننەکراوی فرە دەنگی. لەبەرئەوەی

ئاوازدانەرەکان ئیتر لاسایی ئەوەیان نەدەکردەوە کە پێش خۆیان کرابوو، لە نەناسراوی دەرچوون و ناویان وەکو گڵۆپگەلێک درەوشایەوە، کە ڕێگەیەک بۆ دوورترین مەودا دیار دەکەن، دوای ئەم پەرەسەندنە بۆ چەندان سەتەی درێژ مۆسیقا بووە مێژووی مۆسیقا.

هەموو هونەرەکانی ئەوروپا، هەریەکە و لە کاتی خۆیدا، پەرەسەندنێکی وای بەخۆوە بینی و خۆی کردە مێژووی خۆی. ئەمە پەرجووی گەورەی ئەوروپا بوو: نەک هونەرەکەی، بگرە هونەرە بە مێژووبووەکەی. مخابن پەرجوو کەمخایەنە. هەر کەسێ بفرێ، ڕۆژێک لە ڕۆژان دەنیشێتەوە. بە دڵی پڕ لە ترسەوە، وێنای ئەو ڕۆژە دەکەم، کە هونەر دەست لەوە هەڵبگرێ بەدوای ئەو شتەدا بگەڕێ کە هەرگیز نەوتراوە و سەلارانە خۆی بخاتە خزمەتی ژیانی کۆمەڵگەوە، کە داوای لێ دەکا، دووبارەکردنەوە جوان بکات و یارمەتیی تاک بدات، بە ئاسوودەیی و خۆشییەوە لە تاکنەواییبووندا بتوێتەوە.

مێژووی هونەر فانییە. چەنەبازیی هونەر هەتاهەتاییە.